
WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (323) دووشەممە 2014/8/25 ی گەلاوێژی 2714 (750) دینار

## بەرهەم ساڵح مەرجی هەیە بۆ کۆنگرە



**رووداو – هەولێر**

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خۆی بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەم ئامادە دەکات و بەرهەم ساڵحیش پێشمەرجی هەیە. قوباد تاڵەبانی، کوڕی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی لەسەر بەستنی کۆنگرەی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند "هیچ گومانی تێدا نییە کۆنگرەی یەکێتی دەبێ پێش سەری ساڵ ببەسترێ". هەروەها گوتی "مام جەلالیش بەشداری کۆنگرە دەکات". قوباد تاڵەبانی کە جێگری سەرۆکی حکومەتە پێیوایە بەستنی کۆنگرە نەک تەنیا بۆ حیزبەکەی گرنگە "بەڵکو بۆ کوردستانیش گرنگە".

(رووداو) زانیویەتی بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی "مەرج"ی هەیە بۆ بەستنی کۆنگرە. سەرچاوەیەکی نزیک لە بەرهەم ساڵح بە (رووداو)ی گوت "بەرهەم ساڵح داوایکردووە کە ئەگەر کۆنگرە بکرێ، ئەوا دەبێ هەڵبژاردنەکانی نێو کۆنگرە شەفافانە بەڕێوەبچن، ئەگەرنا بەشداری لە کۆنگرەکەدا ناکات و دادەنیشێت".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبارەی ئەو مەرجەی بەرهەم ساڵحەوە گوتی "ئەوەی مافی هەیە بەشدار بێ، بە خێربێت و با بەشدار بێ. کۆنگرە هەموو شتێک یەکلایی دەکاتەوە".




## کوردێک سوێدییەکان سەرسام دەکات

11

## کوردی لوبنان بۆ شەڕی داعش دێنە کوردستان

2

## پرۆژەیەک حیزبەکان لە پێشمەرگە دادەماڵێ



4

لەسەر رووداوەکانی شنگال

# سێ بەرپرسی پارتی بانگ دەکرێنە پیرمام



3



ژمارە (323) دووشەممە 2014/8/25



## تاقیکردنەوەی خولی دووەمی زانکۆکان دوادەخرێت

**مەحموود یاسین- هەولێر**

فوئاد عەلی، گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رووداو)ی راگەیاند "بە لە بەرچاوگرتنی رەوشی قوتابییە ئاوارەکان و ئەو فشارەی لەسەر ئەو قوتابیانەیە بەهۆی بارودۆخی ئەمنی ناوچەکانیان، تاقیکردنەوەی خولی دووەمی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ 18ی ئەیلولی 2014 دوادەخرێت". هەروەها گوتی هەر زانکۆیەکیش سەرپشکە لەوەی بە گوێرەی بارودۆخی خۆی بڕیار بدات تاقیکردنەوەکان بباتە رۆژانی (22 و 23 و 24)ی ئەیلول، بە تایبەتی زانکۆکانی دهۆک و زاخۆ لەبەر قوتابییەکانی شنگال و زوومارو ناوچەکانی دیکە، کە لەم زانکۆیانە دەخوێنن".

# ئەو 13 کەسەی لە قەڵادزێ چوونە نێو داعش یەکێکیان ئەنسار بووە

## کۆنە ئەنسارەکانی کوردستان لە نێو داعش دەردەکەونەوە

**فەرمان چۆمانی**
**رووداو- قەڵادزێ**

ئەگەرچی دەنگۆی رۆیشتنی 13 کەسی یەک خێزان لە پشدەر بۆ نێو چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لەنێو خەڵکدا باسێکی گەرمە، بەڵام ئاسایشی ناوچەکە تەنیا رۆیشتنی 5 کەسی پشتڕاستکردەوە و رایگەیاند کە یەکێکیان پێشتر چەکداری رێکخراوی ئەنسارولئیسلام بووە.

جگە لەو 13 کەسەی کە دەگوترێ هەفتەی رابردوو پەیوەندییان بەچەکدارانی داعشەوە کردووە لە موسڵ، باسی ئەوەش هەیە کە پێشتریش دوو هاونیشتیمانی پشدەر چوونەتە نێو داعش و بەم دواییە پاش گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە دەرکەوتوونەتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی رووداو)، سێ لەو کەسانەی چوونەتە ناو داعش بە ناوەکانی (ئیسماعیل و حیسامەدین و عومەر) برای یەکدین و بە خۆیان و ژن و منداڵەکانیانەوە رۆیشتوون.

(م) کە برای ئەو سێ کەسەیە، دەنگۆی رۆیشتنی سێ براکەی بۆ ناو داعش پشتڕاستکردەوە و بە (رووداو)ی گوت "تەواوی بنەماڵەکەمان بێبەرییبوونی خۆمان راگەیاندووە لێیان. ئێمە نارازین لە رۆیشتنیان و بێ ئاگا بووین لە رۆیشتنیان".

(م) ئامادەیی خۆیشی نیشاندا کە هاوکاری هێزە ئەمنییەکانی کوردستان بکات بۆ دۆزینەوەی براکانی و گوتی "هەر کاتێک زانیارییەکمان لەسەریان هەبێت ئامادەین هاوکاری هێزەکانی ئاسایش بکەین بۆ دەستگیرکردنیان، چونکە بە هەڵەی دەزانین مرۆڤ دژ بە خاک و وڵاتی خۆی شەڕ بکات. ئەو کارەی ئەوان بە دینداری نازانین، لەبەرئەوەی فەرمانەکانی خودا ئەوە نییە کە ئەوان پەیڕەوی دەکەن".



دوو لەو برایانەی کە لەپشدەر رۆیشتوون بۆ ناو داعش

### ژنەکانیان رۆژهەڵاتین

(م) زانیاری لەسەر کەسە رۆیشتووەکان ئاشکرا کرد و گوتی "هەرسێ براکەم خێزاندارن، ژنەکانیشیان رۆیشتوون، لەگەڵ 5 منداڵ. دوو لە براژنەکانم کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانن". گوتیشی "ئێمە نازانین ئێستا ئەوان گەیشتوونەتە چ شوێنێک، بەڵام دڵنیاین چوونەتە ناو چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش. چونکە خۆیان پەیوەندییان کردووە و گوتوویانە دەچینە ناو داعش و رۆیشتنی ئەوانیش لە رووی دەروونییەوە گرفتاری کردووین".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ئەو سێ برایە دایکیان لە ژیاندا نەماوە و باوکیشیان نەخۆشە و جەڵتە لێیداوە، ئەوان خاوەنی چوار برای دیکەشن، بەڵام ئەوان پەیوەندیان پێیانەوە نییە و لایەنگری کۆمەڵی ئیسلامین.

### کۆنە ئەنسارەکان دەبنە داعش

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، ئیسماعیل پێشتر چەکداری رێکخراوی ئەنسارولئیسلام بووە، بەڵام دوای تەفروتوناکردنی مۆڵگەکانی ئەنسار لە ناوچەی هەورامان لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا لە 2003دا، ئیسماعیل وازی لە ئەنسار هێناوە.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی زانیاری سەرچاوەکانی (رووداو) لە ناوچەی پشدەر، دوو کەسی دیکە بە ناوەکانی (شۆڕش و پشدەر) کە خەڵکی ناحیەی هەڵشۆی سەر بە قەزای پێشدەرن و پێشتر ئەندامی ئەنسارولئیسلام بوون، دوای پەرتەوازەبوونی ئەو رێکخراوە ئەوانیش ون بوون، بەڵام ئێستا لەنێو داعش پەیدابوونەتەوە. دەگوترێت (شۆڕش) پلەی ئەمیری هەیە لەنێو داعش.

### ئاسایش: 5 کەس دیار نین

سەبارەت بە رۆیشتنی ئەو 13 کەسە، رائید محەممەد فازڵ، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا لە سنووری ئێمە تەنیا 5 کەس دیارنەماون، ئەوانە دانیشتووی قەزای پشدەرن، بەڵام دڵنیا نین چوونەتە ناو چەکدارانی داعش، تەنیا ئەوە زانراوە کە قەزای پشدەریان جێهێشتووە و بەرەو شوێنێکی نادیار رۆیشتوون. ئێمە لێکۆڵینەوەمان لەسەر ونبوونیان دەستپێکردووە". گوتیشی "زانیاریمان هەیە یەکێک لەوانە پێشتر لەگەڵ چەکدارانی ئەنساروئیسلامدا بووە".

دەنگۆی ئەوەش لە نێو خەڵک بڵاوبووەتەوە کە ئاسایش دەستی بەسەر ئاڵای داعشدا گرتووە و چەند گەنجێکی ناحیەی چوارقوڕنەش پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە، بەڵام ئەو بەرپرسەی ئاسایش ئەو دەنگۆیانەی رەتکردنەوە و گوتی "رەوشەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە".

# کوردی لوبنان بۆ شەڕی داعش دێنە کوردستان

**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی پارتی وەلائی نیشتیمانی لە لوبنان ئاشکرای کرد کە بۆ شەڕکردن لەدژی چەکدارانی داعش و بەرگریکردن لە خاک و گەلی کوردستان، ژمارەیەک کوردی خۆبەخشی لوبنانی بۆ پەیوەندیکردن بە هێزی پێشمەرگەوە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

محەممەد عمێرات، لە لێدوانەکانیدا بۆ ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی کە وەکو بۆمب لە میدیای لوبنانیدا دەنگیدایەوە، گوتی ئەو خۆبەخشانە بە ئارەزووی خۆیان دەستپێشخەرییان کردووە و خۆشیان لەو بڕیارەیان بەرپرسن.

سەرۆکی پارتی وەلائی نیشتیمانی کە گەورەترین پارتی تایبەت بە کوردەکانی لوبنانە، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "سەرەڕای جیاوازیی بیروڕای سیاسی، بە ئامانجی رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش و بەرگریکردن لە گەلی کورد دەیان کوردی لوبنان وەکو خۆبەخش چوونەتە هەرێمی کوردستان بۆئەوەی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە بکەن". پێشیوایە چوونی ئەو ژمارەیەی کوردانی لوبنان کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لەو وڵاتە نابێت.

عمێرات بەبیری هێنایەوە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لوبنان بەهۆی بوونی پەیوەندی ئاینی، مەزهەبی و نەتەوەیی پێشتر لە ریزی پارتەکانی وڵاتانی دیکەدا جەنگاون، وەکو ئاماژەیەک بۆ حیزبوڵڵای لوبنانی کە بۆ بەرگریکردن لە رژێمی ئەسەد چەکدارانی حیزبەکەی رەوانەی سووریا کرد و هەندێکی دیکەش لە ریزی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا دژی رژێمی ئەسەد دەجەنگن".

عمێرات گوتی: "تاوەکو ئێستا هیچ لایەنێکی لوبنانی ناڕەزایی دەرنەبڕیوە لە بەشداریکردنی کوردی لوبنان لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییەی یەخەی هەرێمی کوردستانی گرتووە، چونکە وەک ئەو گوتی "بەچاوی خۆیان ئەو ستەمە گەورەیە دەبینن کە لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە لە گەلی کورد دەکرێت". دەشڵێت "ئێمە وەکو کوردی لوبنان پشتگیری خۆمان بۆ کوردی هەرێمی کوردستان دووپاتدەکەینەوە لە بەرامبەر ئەو هێرشانەی لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە دەکرێتە سەریان".

محەممەد عمێرات گوتی "کوردی لوبنان هەموو جۆرە توندوتیژییەک رەتدەکەنەوە لە هەر لایەنێکەوە بێت کە بەرامبەر گەلی کورد و ئەهلی سوننە ئەنجامدەدرێت، کوردیش گەلێکی دادپەروەر و میانڕەوە".

پێشیوایە کورد لە هەرێمی کوردستان پێویستیان بە چەک و جەنگاوەر نییە، چونکە خۆیان گەلێکی ئازاو چاونەترسن، بەشی ئەوەش چەک و جەنگاوەریان هەیە کە بتوانن بەرگری لەخۆیان و نیشتیمانیان بکەن.

ئەو گوتی: "بەهۆی کەمدەرامەتییان، کوردی لوبنان ناتوانن هیچ شتێک پێشکەش بە کوردی هەرێمی کوردستان بکەن، بەپێچەوانەوە پێش سەرهەڵدانی ئەو تەنگژەیە ئێمە چاوەڕێ بووین هەرێمی کوردستان یارمەتی کوردی لوبنان بدات، چونکە نەوت و پارە لای ئەوانە و خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزن".

بەباوەڕی ئەو، ئەگەر رەوشی ئەمنی هەرێمی کوردستان روو لە خراپی بکات، لەوانەیە ژمارەی ئەو کوردە لوبنانیانەی بۆ شەڕکردن دژی داعش روو لەهەرێمی کوردستان دەکەن بەرزتربێتەوە، ئەم پرسەش دەستپێشخەری و بڕیاری تاکە کەسییە و ناکرێت قەدەغە بکرێ.

لەبارەی کۆمەڵگەی کوردی لوبنانیشەوە عمێرات گوتی: "ژمارەی کوردی لوبنان 125 هەزار کەس دەبن، زیاتریش لە بەیروتی پایتەخت نیشتەجێن، نزیکەی 25 هەزاریشیان تەمەنی 21 ساڵیان تێپەڕاندووە و مافی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردن هەیە".

دوای کۆنترۆڵکردنی شاری مووسڵ لەلایەن چەکدارانی داعش و دەرکردنی مەسیحییەکان و کوشتوبڕکردنی کوردی ئێزدی و گیرخواردنی زیاتر لە 100 هەزار کەس لەسەر چیای شەنگال، بەپاڵپشتی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا، هێزی پێشمەرگە رووبەڕووی چەکدارانی داعش بوونەوە و تائێستا چەند ناوچەیەکی ستراتیژییان کۆنترۆڵ کردووەتەوە کە پێشتر چەکدارانی داعش دەستیان بەسەرداگرتبوو، لەوانەش بەنداوی مووسڵ.

## ئاسایش دۆسیەکانیان دادەخات

# چەند هەڵەبجەییەک دەچنە نێو YPG

**رێبین یار ئەحمەد**
**رووداو-هەڵەبجە**

جارێکی دیکە هەڵەبجە بووەوە باس و خواسی نێو خەڵک، دوای ئەوەی ژمارەیەک گەنجی شارەکە چوونە ریزی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG لە رۆژئاوای کوردستان. پێشتریش چەند گەنجێکی ئەو ناوچەیە پەیوەندییان بە چەکدارانی داعشەوە کردبوو. قایمقامی هەڵەبجەش هەواڵەکە پشتڕاستدەکاتەوە بەبێ ئەوەی ژمارەی ئەوانە ئاشکرا بکات کە لە هەڵەبجەوە چوونەتە دەرەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی (رووداو) لە ئاسایشی شارەزووری وەرگرتووە، جگە لە رۆیشتنی ژمارەیەک گەنجی هەڵەبجە بۆ نێو چەکدارانی داعش، چەند گەنجێکی دیکەش پەیوەندییان بە ریزەکانی YPGوە کردووە لە رۆژئاوای کوردستان، دوای ئەوەی ساڵی رابردوو گەنجێک پەیوەندی بە شەڕڤانانی YPG وە کرد، لەم مانگەشدا 3 گەنجی دیکە چوونەتە رۆژئاوای کوردستان و بوونەتە شەڕڤانی YPG.

ئەرکان حەسەن، قایمقامی هەڵەبجە باس لە رۆیشتنی ئەو گەنجانە دەکات و دەڵێ "چەند گەنجێکمان هەیە لە ریزەکانی پەیەدە و پەکەکەدا، ئەوان لە سووریان بۆ بەرگریکردن لە خاکی رۆژئاوای کوردستان". قایمقامی هەڵەبجە ئەوەی بە ئاسایی زانی و گوتیشی "رۆژانە خەڵک خۆیان ناونووس دەکەن بۆ ئەوەی ببنە خۆبەخش لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا".

لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، گەنجێکی هەڵەبجەیی جلوبەرگی رەشی لەبەردایە و پەنجەی شەهادەی بەرزکردووەتەوە و لە ناوشاری موسڵ وێنەکەی گرتووە. لە ئەکاونتی خۆیدا ژمارەیەک لەو وێنانەی داناوە لەگەڵ چەکدارانی دیکەی داعش. ئەو گەنجە دەڵێت بەردەوام دەبێ لە شەڕکردن دژی شیعە و ئەمریکا. لە خوار هەر وێنەیەکیشەوە ژمارەیەک کۆمێنتی بۆ نووسراوە، کە هەندێکیان لەلایەن هاوڕێ و ناسراوەکانییەوە نووسراوە و هەندێک قسەی پێدەڵێن و هەندێکیش داوای لێدەکەن ئاگای لەخۆی بێت.

بە وتەی نەقیب ئاراس، لێپرسراوی راگەیاندنی ئاسایشی شارەزوور، لەسەرەتای دیارنەمانی ئەو گەنجانەوە ئاسایش لێکۆڵینەوەی کردووە "پاش ئەوەی دڵنیابووین ئەو گەنجانە چوونەتە نێو YPG، دۆسیەکانیان لە ئاسایش داخرا".

بەپێی بڕیارێکی دادگای تاوانەکانی سلێمانی، کە لە رۆژی 2013/12/9 دەرچووە، دادگاکە بڕیاری ئازادکردنی گەنجێکی داوە کە پێشتر چووەتە دەرەوە و گەڕاوەتەوە، دوای ئەوەی بۆ دادگاکە روون بووەوە ئەو گەنجە چووەتە ریزەکانی YPG.

هەرچەندە رێکخراوێکی کوردی وەکو PKK لەلایەن ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپاوە خراوەتە لیستی تیرۆرەوە، بەڵام کوردستان کار بەو بڕیارە ناکات. ئەو گەنجە بەپێی ماددەی تیرۆر دەستگیرکرابوو، بەڵام دوای ئەوەی بۆ دادگا روون بووەوە لە ریزەکانی YPG دایە، ئازاد کرا.

حەیدەر حەمە رەشید، سەرۆکی لقی هەڵەبجەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەڵێ لە رووی یاساییەوە ئەو گەنجانەی پەیوەندی بە هێزە کوردییەکانی دەرەوەی باشووری کوردستانەوە دەکەن، ناچێتە هیچ چوارچێوەیەکی ئەو مادە یاساییانەی بۆ سزادان دانراون "واتە لە رووی یاساییەوە هیچ سزایەک نایانگرێتەوە و هیچ تاوانێکیان ئەنجامنەداوە".

هەندێک لە هەڵەبجەییەکان نیگەرانن و تووڕە دەبن کاتێک باسی ئەوە دەکرێت کە گەنجانی شارەکەیان چووبنە نێو داعش و بەتایبەت لە میدیاکان تووڕەن. ئەوان پێیانوایە میدیاکان تەنیا باسی چوونە نێو داعش دەکەن، لە کاتێکدا چەندین گەنجی دیکەی شارەکە لە نێو پەکەکە و پەیەدە و هێزی پێشمەرگەدان و بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەن.

بەگوێرەی ئامارێک کە لە قایمقامێتی هەڵەبجەوە دراوەتە (رووداو)، ئێستا 3 هەزار هەڵەبجەیی لەنێو پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و هێزە خۆبەخشەکاندان و 230 گەنجی دیکەش خۆیان ناونووس کردووە بۆ ئەوەی بچنە نێو خۆبەخشەکانەوە بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە.

دلاوەر عەبدولڕەحیم، چالاکڤانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەڵەبجە، دەڵێ "نیگەرانین لەو میدیایانەی بە ئەنقەست هەڵەبجە ناشیرین دەکەن". ئەو پێیوایە هەرگیز رووی شارێک بە چەند کەسێک پێشان نادرێت "ئەو گەنجە هەڵەبجەییانەی چوونەتە نێو داعش ئەوەندە نین".

قایمقامیەت و لقی هەڵەبجەی پارێزەرانی کوردستان، لیژنەیەکیان دروستکردووە، هەر دەزگایەکی راگەیاندن هەوڵی ناشرینکردنی خەڵکی هەڵەبجە بدات یان زانیاری نادروست بڵاوبکاتەوە لەسەر رۆیشتنی گەنجانی هەڵەبجە بۆ ناو داعش، سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن. ئەبوبەکر عومەر، ئەندامی لقی هەڵەبجەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "قایمقامیەتی هەڵەبجە دەبێتە سکاڵاکار و ئێمەش وەک پارێزەران بەرگری لەو کەیسە دەکەین".

بەگوێرەی ئامارێک، تاوەکو ئێستا 8 گەنجی هەڵەبجەیی لەبەرەکانی شەڕ شەهید بوون و 7ی دیکەش برینداربوون. رۆژی 2014/8/22 تەرمی فەرماندەیەکی سەربازی بە ناوی رەشید ئەحمەد و پێشمەرگەیەک بەناوی رێبین عەلی هێنرانەوە هەڵەبجە و بەخاک سپێردران، کە ئەوەی یەکەمیان لە جەلەولا و ئەوەی دووەمیشیان لە گوێر شەهید بوو.



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (323) دووشەممە 2014/8/25

## هۆشیار زێباری: بەغدا بێ بەڵێنە



**ڕووداو- بەغدا**

هۆشیار زێباری، سەرۆکی شاندی دانوستاندنکاری کورد رایدەگەیەنێ "سەرکردایەتی سیاسی کورد دەیەوێت بەشدارییەکی راستەقینەی هەبێت لە حکومەتی عێراقدا، بەڵام بەپێی ئەزموونمان بەغدا بەڵێنەکان جێبەجێ ناکات". رۆژی 2014/8/24 شاندی دانوستاندنکاری کورد بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق لە شاری بەغدا کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی سازکرد. لە کۆنگرەکەدا هۆشیار زێباری رایگەیاند لەسەر پێکهێنانی حکومەتی یەکێتی نیشتمانیی کۆکن و دەیانەوێ بەشدارییەکی راستەقینەیان لە حکومەتدا هەبێت. سەبارەت بە دابەشکردنی پۆستەکان زێباری تاوەکو ئێستا لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان رێکنەکەوتوون و گفتوگۆی نێوان فراکسیۆنەکان بەردەوامە.

لەسەر ڕووداوەکانی شنگال

# سێ بەرپرسی پارتی بانگ دەکرێن بۆ پیرمام



لیوا سەعید کێستەیی



شەوکەت کانیکی



سەربەست بابیری

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لەسەر ئەو کارەساتەی بەسەر خەڵکی شنگال هات، سێ بەرپرسی پارتی بانگکراون بۆ پیرمام و تاوەکو ئێستا ئایندەیان دیار نییە. بەرپرسێکی باڵای پارتیش دەڵێ "جگە لەو سێ کەسە بەرپرسی دیکەش هەن کە لەسەر ڕووداوەکانی شنگال دەبرێن بۆ پیرمام".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، هەریەک لە لیوا سەعید کێستەیی، بەرپرسی سوپای یەک کە تاوەکو سێی ئەم مانگە سوپاکەی لە شنگال بوو، شەوکەت کانیکی، بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال و سەربەست بابیری، بەرپرسی لقی 17ی پارتی لە شنگال، ئێستا لە پیرمامن، شوێنی بڕیاردانی پارتی و لەژێر لێکۆڵینەوەدان.

### بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال:
### ملی ئێمە لەبەر چەقۆی بارزانییە

شەوکەت کانیکی، لەبارەی بانگکردنیان بۆ ئەوێ گوتی "مانەوەی ئێمە لە پیرمام بۆ ئەوەیە لەگەڵ سەرۆک بارزانی و لێژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی شنگال کۆببینەوە".

بە فەرمانی مەسعود بارزانی، لێژنەیەک پێکهێنراوە بۆ بەدواداچوونی کارەساتەکەی شنگال. لێژنەکە هەریەک لە نوێنەری بارزانی و نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە و دادوەرێک لە خۆدەگرێ و ئێستا دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە.

سەرچاوەیەک لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بارزانی زۆر بە وردی بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکانی شنگال دەکات و هەر زوو بەرپرسی لقی 17ی پارتی لە پۆستەکەی لادا". گوتیشی "لەسەر فەرمانی بارزانی ئەو سێ بەرپرسەی پارتی بانگ کراون بۆ پیرمام و ئێستا لە ژێر لێکۆڵینەوەدان".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، زانیاری زیاتری ئاشکرا کرد و گوتی "جگە لەو سێ بەرپرسە، ژمارەیەکی دیکە بەرپرسی سەربازی لەسەر ڕووداوەکانی شنگال لە زووترین کاتدا بەرەو پیرمام رادەکێشرێن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێ".

شەوکەت کانیکی، ڕەتیدەکاتەوە کە ئەوان لە پیرمام دەستبەسەربن، بەڵام گوتی "چەند رۆژێکە لێرە چاوەڕێی دیداری سەرۆک بارزانی و لێژنەی لێکۆڵینەوەین لەسەر ڕووداوەکانی شنگال، کە هەموو کەس دەزانێ چی ڕوویداوەو هیچ شتێک ئیدی ناشاردرێتەوە".

کانیکی نازانێ فەرمانی بارزانی چی دەبێ بۆ ئەوان، بەڵام لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "هەر بڕیارێک بدات ملی ئێمە لەبەر چەقۆی ئەوە".

لیوا سەعید کێستەیی، بەرپرسی سوپای یەکی پێشمەرگە لە هێزەکانی زێرەڤانی کە بانگکراوە بۆ پیرمام، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە باسی ڕەوشی خۆیانی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ئێمە هەر کاتێ بمانەوێ دەچینە هوتێل و نان دەخۆین". بەڵام قسەی زیاتری نەکرد کە ئایا ئازادن لەوەی بچن بۆ هەر شارێک یان بازاڕ بکەن و دەڵێ "لە زینداندا نین، چاوەڕێین سەرۆک بارزانی ببینین".

سەبارەت بە سەربەست بابیری، بەرپرسی لقی شنگالیش ئێستا نە جێگای دیارە و نە تەلەفۆنەکانی بەردەستن، تەنانەت (ڕووداو) هەوڵیدا لە ڕێگەی سەعید کێستەیی و شەوکەت کانیکی بزانێ ئایا ئەویش لەگەڵ ئەوان لە پیرمامە یان نا، بەڵام هیچ زانیارییەک لەسەر جێگەی سەربەست بابیری ئاشکرا نەبوو.

بەرپرسێکی باڵای پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەبارەی ئەو ڕێکارانەی کە سەرکردایەتی پارتی بەرامبەر بەرپرسانی پارتی دەیگرێتە بەر کاتێک کەمتەرخەمی دەکەن لە کارەکانیان، گوتی "هەر کەسێک لە نێو پارتیدا کارەکانی خۆی بە باشی نەکات و حیزب بڕیاری سزادانی بدات، سەرەتا بۆ پیرمام بانگ دەکرێ. ڕاستە ئەوان لە نێو زینداندا نین، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵیان وەکو مامەڵەی کەسێکە لەنێو زیندان بێت و ئازاد نییە بۆ هەموو شوێنێک بڕوات و بۆ ماوەی چەند رۆژێک هەروا دەمێنێتەوە".

# دڵدار زێباری: پارتی ڕێگەی نەدا لە ئاکرێ دابنیشم



**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – دهۆک**

دڵدار زێباری، دەڵێ لەبەر ئەوەی لەگەڵ پارتی دوژمندارن و خوێنیان لەنێواندایە، ڕێگەیان پێنەداوە بچێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان و یەکێتی نیشتمانی پێشوازی لێکردووە. بەڵام بەرپرسێکی پارتی دەڵێ دڵدار خۆی داوایکرد بچێتە لای یەکێتی.

دوای ئەوەی چەکدارانی داعش لە ڕۆژی 2014/6/9 دەستیان بەسەر شاری موسڵدا گرت، بەشێکی زۆری خەڵکی موسڵ و بەرپرسانی ئەو ناوچە بەرەو باشووری کوردستان هەڵاتن. بەڵام دڵدار زێباری، جێگری سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کە تاوەکو پێش هاتنی داعش هەر لە موسڵ بووە، پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمەتبار دەکات بەوەی ڕێگەیان پێنەداوە لە ئاکرێ نیشتەجێ بێت.

دڵدار زێباری کە بە هەڵوێستە نێگەتیڤەکانی بەرامبەر حیزبەکانی هەرێمی کوردستان و لیستی برایەتی نەینەوا لە ئەنجومەنی پێشووی پارێزگا ناسراوە، دەڵێ "لە 2014/6/10 لە موسڵ دەرچووین، سەرەتا ویستمان لە سنووری دەسەڵاتی پارتی بمێنینەوە، بەڵام پارتی ناڕاستەوخۆ مانەوەی ئێمەی ڕەتکردەوە، منیش ناچاربووم بچم بۆ شوێنێک کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تێیدا دەسەڵاتدارە".

دڵدار زێباری هۆکاری ڕێگەنەدانی پارتی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە خوێنداریيان هەیە لەگەڵ پارتی و بە قسەی خۆی ناتوانن پارتی عەفو بکەن. گوتیشی "بەنیازبووم لە ئاکرێ نیشتەجێ بم".

بەڵام بەرپرسی لقی مووسڵی پارتی ئەو قسانەی دڵدار زێباری ڕەتدەکاتەوە دەڵێ

### بەرپرسی لقی 14ی پارتی:
### دڵدار زێباری خۆی داوای لە یەکێتی کرد بچێتە رانیە

"دڵدار خۆی نەیویستووە بێتە ناوچەکە و داوایکردووە بچێتە لای یەکێتی و ئێستا لە رانیە نیشتەجێیە".

عیسمەت ڕەجەب، زانیاری زیاتر لەسەر دەرچوونی دڵدار زێباری لە موسڵ ئاشکرا دەکات و دەڵێ "سەرەتا گەیشتووەتە مەڵبەندی یەکێتی لە سلێمانی و دواتر لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلی تایبەتەوە نێردراوە بۆ رانیە". گوتیشی "یەکەمجار براکانی دڵدار زێباری ویستیان بێن بۆ ناوچەی باشیک، بەڵام دڵدار زێباری گوتی دەبێ بچین بۆ ناوچەی یەکێتی".

یەکێک لە ئاغاکانی عەشیرەتی زێباری ڕەخنەی توند لە دڵدار زێباری دەگرێ و دەڵێ "دڵدار دەستی لەهەموو شوێنێکدا هەیە".

لیوا شیمال زوبێر ئاغا ڕەتیکردەوە کە ڕێگری لە دڵدار زێباری کرابێ بێتە ئاکرێ "ئەسلەن مامی دڵدار زێباریش لە هەڵسوکەوتەکانی ئەو نارازییە. دڵدار داوای نەکردووە بێتە ئاکرێ". گوتیشی "کەس خوێنداری لەگەڵ دڵدار زێباری نییە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، چەند کەسێکی سەر بە عەشیرەتی زێباری لە ڕیزەکانی داعشدان. لیوا شیمال زێباری نایشارێتەوە کە هەندێک خەڵکی عەشیرەتەکەی لەگەڵ داعشن "ئەو زێباریانەی چوونەتە نێو داعش هەر لە مووسڵ گەورە بوون". گوتیشی "تاوەکو ئێستا چوار کەس بوونەتە داعش کە سێ لەوانە برای یەکدین".

دڵدار زێباری دەڵێت ئەوان ناڕەحەت دەبن کاتێک یەکێک پرسیاری ئەو کەسانەیان لێدەکات "بەڵام ئەمە واقیعێکی تاڵە". هەروەها گوتی "داعش هیچ بەرپرسیارێتییەک ناداتە کورد، تەنیا بۆ ئەوەیە بڵێن هەموو نەتەوەیەک لەگەڵ ئێمەیە".

دڵدار زێباری باسی زێبارییەکانی نێو داعش دەکات و دەڵێ "ئەوانە ئامۆزای بەرپرسێکی باڵای سەربازیی پارتین".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ڕۆژی کۆنترۆڵکردنی بەنداوی مووسڵ لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، چەکدارێکی داعش کە لە عەشیرەتی زێباری بووە کوژراوە. عیسمەت ڕەجەب، بەرپرسی لقی پارتی لە موسڵ دەڵێ "تاوەکو ئێستا دوو کوردی نێو داعش لە شەڕی دەوروبەری مووسڵ کوژراون کە یەکێکیان زێبارییە و ئەوی دیکەش خەڵکی دەوروبەری قەزای شێخانە". گوتیشی "تەنیا 10 گەنجی کورد لە مووسڵ چوونەتە نێو داعش".

عوسمانی حاجی مەحموود گۆمەکەی شڵەقاند

# یەکەم هەوڵی گێڕانەوەی سەرکردە تووڕەکانی گۆڕان شکستی هێنا

**ئەرکان عەلی**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، مام ڕۆستەم هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان وازهێنانی خۆی لە بزووتنەوەی گۆڕان راگەیاند. دواتریش ژمارەیەک هەڵسوڕاوی دیکە لە نامەیەکدا بۆ نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەکە، دوایین مۆڵەتیان دایە بۆ گۆڕینی شێوازی کارکردنی بزووتنەوەکە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەنێو کۆبوونەوەی سەرکردە زویربووەکانی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چەند ڕۆژێکە ژمارەیەکی زۆر هەڵسوڕاوی گۆڕان پەیوەندییان بە عوسمانی حاجی مەحموودەوە کردووە و ڕایانگەیاندووە کە بەهەموو شێوەیەک لەگەڵتاین بۆ هەر هەڵوێست و ناڕەزاییەک".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی، ڕۆژی شەممەی ڕابردوو عوسمانی حاجی مەحموود و ژمارەیەکی بەرچاوی سەرکردەکانی گۆڕان نامەیەکی ناڕەزاییان وەکو دوایین دەرفەت ئاراستەی نەوشیروان مستەفا کردووە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، نامەکە کە واژووی عوسمانی حاجی مەحموود و ئاوات قارەمانی و چەند کەسێکی دیکەی لەسەرە، تێیدا هاتووە "ئێمە ئەو ژمارە هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە سۆنگەی پەرۆشیمان بۆ بزووتنەوەکە، وەکو دوایین دەرفەت بە جەنابتانی ڕادەگەیەنین کە لە بەرامبەر گۆڕینی هەڵوێست و شێوازی کارکردن و وازهێنان لە بێمنەتکردنی نیگەرانیی ئەو هەموو هەڵسوڕاوە، ئامادەین جارێکی دیکە درێژە بەمانەوەمان بدەین، بەپێچەوانەشەوە دەستبەرداری گۆڕان دەبین کە هیوادارین نەگاتە ئەو دۆخە".

دوای ئەو نامەیە، هەردوو سەرکردەی گۆڕان نەوزادی نووری بەگ و سالح ژاژڵەیی، سەردانی ماڵی عوسمانی حاجی مەحموودیان کردووە و چاویان بە ئەو و مام ڕۆستەم و عەمید وشیار و ئاوات قارەمانی کەوتووە "داوایان لێکردوون کە بگەڕێنەوە بۆ نێو گۆڕان". بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هێشتا خودی نەوشیروان مستەفا وەڵامی فەرمی نەداونەتەوە، بۆیە ڕازی نەبوون وەڵامێکی دڵخۆشکەر بەو دوو سەرکردەیە بدەن". بەمەش یەکەم هەوڵی ڕێکخەری گشتیی گۆڕان شکستی هێنا.



مام ڕۆستەم



عوسمانی حاجی مەحموود

عوسمانی حاجی مەحموود، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی گۆڕان، ئێستا ماڵەکەی بووەتە شوێنی هاموشۆی ئەو هەڵسوڕاوانەی کە بەهۆکاری جیاواز لەگۆڕان دوورکەوتوونەتەوە، بەڵام هێشتا بەیەکجاری دەستبەرداری گۆڕان نەبوون.

(ڕووداو) زانیویەتی عوسمانی حاجی مەحموود بەجۆرێک کاریگەری کردووەتە سەر سەرکردە تۆراوەکانی گۆڕان کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کاتێک ژووری پەیجووری گۆڕان بەمەبەستی ناونووسکردنەوەی ڕێکخستنەکانیان سەردانی مەکۆی گەرمیانیان کردووە، پێیانگوتوون "تا کێشەکانی گردەکە چارەسەر نەکەن ڕوو نەکەنەوە ئێمە".

نیگەرانییەکانی مام ڕۆستەم، عوسمانی حاجی مەحموود و هاوڕێکانی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە نەوشیروان مستەفا لەکاتی دەستنیشانکردنی وەزیرەکانی کابینەی هەشتەم هیچ پرس و ڕاوێژێکی بە ئەوان و جڤاتی نیشتیمانی نەکردووە.

عوسمانی حاجی مەحموود وەکو سەرپەرشتیاری باڵی ناڕازیی گۆڕان، جگە لە لەخۆگرتن و کۆکردنەوەی سەرکردە و هەڵسوڕاوە زویربووەکان، لەنێو ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش چەند ئەندامێکی هەیە و ئەگەری ئەوە هەیە لە درێژەکێشانی ئەو دۆخە ئەندامەکان هەڵوێستیان هەبێت، جگە لەوەش لە سنووری گەرمیان ژمارەیەکی زۆر دەنگدەر و لایەنگری گۆڕانی لەگەڵدایە.

بابەکر دڕەیی، ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو) ی گوت "ئەو زۆر ئاگاداری ئەو بابەتە نییە، ئەمە پەیوەندی بە نەوشیروان مستەفا و ئەو باڵە ناڕازییەوە هەیە کە ئێستا چوونەتە پاڵ عوسمانی حاجی مەحموود".

رووداو
ژمارە (323) دووشەممە 2014/8/25



## سەرۆکایەتی 5 لیژنەی پەرلەمان دەدرێتە کورد

**مەحموود یاسین- هەولێر**

ڕۆژی 2014/8/24 لیژنەیەکی 7 کەسی لە پەرلەمانی عێراق، لەگەڵ سەلیم جبووری، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوە بە مەبەستی ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی سەرۆکایەتی لیژنەکانی پەرلەمان. د.تاریق گەردی، نوێنەری پارتی لەو کۆبوونەوەیە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند لەسەر دابەشکردنی سەرۆکایەتی لیژنەکانی پەرلەمان ڕێککەوتوون و لە دانیشتنی ئەمڕۆ (دووشەممە) سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمانی بەمشێوەیە دابەش دەکەن: 14 لیژنە بۆ شیعە، 6 بۆ سوننە، 5 بۆ کورد و 1 لیژنەش بۆ کەمینەکان. هەروەها گوتی "کورد سەرۆکایەتی لیژنەکانی (نەوت و غاز، دەرەوە و پەیوەندییەکان، خوێندنی باڵا، تەندروستی و هەرێم و پارێزگاکان)ی بەردەکەوێت".



# پڕۆژەیەکی پەرلەمان حیزبەکان لە پێشمەرگە دادەماڵێ

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

وەزیری پێشمەرگە، لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەسەڵاتی تەواوی پێدراوە کە هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی لەماوەی 6 مانگدا هێزەکانی پێشمەرگە ڕێکبخاتەوە و چاکسازی بکات و یەک هێزی نیشتمانی لە سەرتاسەری باشووری کوردستاندا پێکبێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (تۆڕی میدیایی رووداو) کەوتوون، بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای ئەوە هاتووە کە لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان سەردانی بەرەکانی جەنگیان کرد و ڕاپۆرتێکیان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی دۆخی پێشمەرگە. بڕیارە ئەمڕۆش (دووشەممە) لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا، ڕاپۆرتێکی دیکە بدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان کە ئەندامی لیژنەی ناوخۆ بووە، دەڵێت پڕۆژەکە دەگەڕێتەوە بۆ پاکێجەکانی سەردەمی ئۆپۆزیسیۆن "بەڵام ئێستا هەندێک وردەکاریی تێدایە کە ئەوکات ئەو وردەکارییانەی تێدا نەبووە و بەپێی ئەو پڕۆژەیەش، ئیدی ئەو کێشانە لە نێو وەزارەتی پێشمەرگەدا نامێنن کە بەردەوام ڕەخنەی لێدەگیرێت".

### 19 جۆر هێز هەیە

بەپێی بەدواداچوونەکانی (رووداو)، ڕووداوەکانی دوای دەستبەسەرداگرتنی شنگال و مەخموور و جەلەولا و سەعدیە، دواتریش سەرکردایەتیکردنی میحوەرەکانی شەڕ لەلایەن سەرکردە حیزبییەکانەوە، مەسعود بارزانی نیگەران کردووە. بارزانی پێشتریش لە ڕاگەیێندراوێکدا ئێزدییەکانی دڵنیا کردەوە کە ئەو فەرماندە سەربازیانەی کەمتەرخەم بوون سزادەدرێن.

سەرچاوەیەکی سەربازیی پێشمەرگە کە لە بەرەکانی جەنگەوە قسەی بۆ (رووداو) کرد و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "بەڕوونی هەستدەکەیت وەزارەتی پێشمەرگە لە تەواوی بەرەکانی جەنگدا باڵادەست و بڕیار بەدەستی یەکەم و کۆتایی نییە و ئەوەش یەکێکە لە کەموکوڕییەکان".

ئەو سەرچاوەیە، زیاتر باسی کەموکوڕییەکانی کرد و گوتی ئایا وەزیری پێشمەرگە بەرپرسی ئەو میحوەرانەی جەنگی دیاری کردووە "ئەندامی پەرلەمان و بەرپرسی حیزبی لە شوێنەکانی شەڕ بوونەتە بەرپرسی میحوەرەکانی جەنگ و لیوا و پلەدارە سەربازییەکان لەژێر فەرمانی ئەواندان".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) نزیکەی 19 جۆر هێزی سەربازی لە باشووری کوردستان هەن. بەپێی ئەو پڕۆژەیەی وەزارەتی پێشمەرگە دەیەوێ جێبەجێی بکات، بەشێک لەو 19 هێزە ئەوانەی پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە هەیە، لەنێو وەزارەتدا ڕێکدەخرێنەوە.

نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، ئەو زانیارییانە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ "جگە لەوە بەپێی ئەو بەدواداچوونەی ئێمە کردوومانە، 63 هەزار پێشمەرگەی پاسەوان و بندیواریش مووچەیان وەرگرتووە".

### 70 و 80 نامێنن

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی باسی ئەو پڕۆژەیە دەکات کە کاتی خۆی لەسەری ڕێککەوتوون بۆ چاکسازی لەنێو هێزە چەکدارەکان و پێیوایە وەزیری پێشمەرگە هەمان پڕۆژەی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی جێبەجێی بکات و دەڵێ، ئەم ماوەیە دەرکەوت هێزی پێشمەرگە پێویستی بە چاکسازی و ڕێکخستنەوە هەیە و بەپێی ئەو پڕۆژەیە "هیچ حیزبێک چەکداری نامێنێ و لەڕووی مەشق و وەرگرتنی پێشمەرگە و پێکهێنانی لیوا و فەوجەکانەوە دەبێ تەواو نیشتمانی بێت و حیزب خاوەنی بڕیار نەبێت تێیدا. وەزیری پێشمەرگە و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان کە سەرۆکی هەرێمە بڕیاری بۆ دەربکەن و هێزەکانیش سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بن".

بەڵام نەریمان عەبدوڵڵا، وردەکاریی دیکە باسدەکات و دەڵێ "لەمەودوا نابێ هێزەکانی 70 و 80 بمێنن و پێشمەرگەی خانەنشین و فیعلی لەیەک جیادەکرێنەوە و پاسەوانی بەرپرسان کەمدەکرێنەوە".

تاوەکو ئێستاش وەزارەتی پێشمەرگە یەکێکە لەو وەزارەتانەی بەردەوام ڕەخنەی لێدەگیرێت، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی چەکدارانی داعشدا، سەرباری ئەو خۆشەویستییە زۆرەی خەڵک بۆ پێشمەرگە و پێشکەشکردنی کۆمەک و هاوکاری و پشتیوانیی مەعنەوی بۆیان، بەڵام شێوازی سەرپەرشتیکردنی پێشمەرگە ڕەخنەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

### دەستەیەکی باڵا پێکدێت

ئەندامێکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ دوای ئەوەی سەردانی بەرەکانی جەنگیان کرد، تێبینی زۆریان لا دروستبوو لەسەر دۆخی ژیانی پێشمەرگە و کەموکوڕییەکان و بە ڕاپۆرتێک داویانەتە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان.

بەهار عەبدولڕەحمان، تێگەیشتووە لەوەی لە ڕووی جلوبەرگ و خواردنەوە تا دەگات بە سەرکردایەتیکردن و شێوازی بەڕێوەبردن، پێشمەرگە کەموکوڕیی هەیە و دەڵێ "ڕاپۆرتی یەکەممان لەوبارەیەوە پێشکەش کردووە و ڕاپۆرتی دووەمیش ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەی پەرلەمان پێشکەش دەکەین". گوتیشی "لەو ڕاپۆرتەدا زۆر بەڕوونی ئاماژەمان پێداوە کە لە نێو وەزارەتی پێشمەرگەدا فرە مەرجەعی هەیە".

ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها دەڵێ وەک قۆناغی یەکەم داوایان کردووە دەستەیەکی باڵای نیشتمانی پێکبهێنرێ بۆ سەرپەرشتی میحوەرەکانی شەڕ و لەژێر سەرپەرشتی وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکی هەرێمدا بن و دواتریش خاڵ و ماددەکانی پڕۆژەی چاکسازی و بەدامەزراوەییکردنی وەزارەتی پێشمەرگە جێبەجێ بکرێن".

### پارتی پشتیوانی دەکات

پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانی پڕۆژەکەی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات بۆ بە دامەزراوەییکردنی وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام بەرپرسێکی سەربازیی یەکێتی، وێڕای ئەوەی پشتیوانی دەکات، دەشڵێ "ئەوە دەکرێت دوای یەکلابوونەوەی شەڕ جێبەجێ بکرێت".

محەممەد حاجی فایەق، جێگری مەحموود سەنگاوی، بەرپرسی میحوەری گەرمەسێری هێزی پێشمەرگە کە ئێستا لەبەرەکانی شەڕە، دەڵێ "ئێمە لاریمان نییە لەوەی هێزی نیشتمانی دروستبکرێ، بەڵام ئێستا کاتی شەڕە و ئەوە زەحمەتە جێبەجێ بکرێت".

بەڵام ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزیری پێشمەرگە داوا لە هەموو حیزبەکان دەکات پەلە بکەن لە بە دامەزراوەکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و دەڵێ "دروستکردنی بە پەلەی لیوا هاوبەش و نیشتمانییەکان کارێکی پێویستە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر پەلەیەتی بۆ ئەوەی ئەو کارە بکرێت".

# کۆمەڵ داوای ڕوونکردنەوە لە دڵشاد گەرمیانی دەکات

**عومەر شایان**
**رووداو- هەولێر**

مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی داوای ڕوونکردنەوە لە دڵشاد گەرمیانی دەکات سەبارەت بەو قسانەی کە لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاویکردووەتەوە و دەڵێت "من موفتی نیم و ناتوانم بە خەڵک بڵێم کافرە یان کافر نییە".

سەرەڕای ناڕەزایی هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حیزبەکەی، دڵشاد گەرمیانی ئەو نووسینەی لە پەیجەکەی لانەداوە کە دەڵێت "لە ڕووی شەرعییەوە ناتوانم قەناعەت بە خۆم بکەم و خەڵکی هاندەم بۆ شەڕێک کە خۆمان خاوەنی بڕیاری سیاسی و سەربازی نەبین و ناشتوانین بە لایەنی بەرامبەر بڵێین موسڵمان نین، وێڕای هەموو هەڵە و پەڵە و بێ شەرعی و کەموکوڕییەکانیان"

ئەو گوتانە ناڕەزایەتی زۆری لێکەوتەوە لە ناو خەڵک و تەنانەت ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئەو حیزبە وەک سەلیم کۆیی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کە دەڵێت "ئەم قسانە لەسەر کۆمەڵی ئیسلامی کەوت".

لەبارەی بە تیرۆریست نەزانینی داعش لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامییەوە، سەلیم کۆیی گوتی "ئەوەی کاک دڵشاد بڵاویکردووەتەوە وەک خۆی بووە نەک کۆمەڵی ئیسلامی، داعشیش تیرۆریست بێت یان نەبێت، ئێستا لە ناوچەکەیە و سەرەتا لەگەڵ شیعە شەڕیان دەکرد و ئێستا ئاڕاستەی شەڕەکەیان گۆڕیوە بۆ کوردستان، ئێمە دژی ئەوەین و هەڵوێستیشمان نواندووە و خەڵکیشمان چووەتە بەرەکانی شەڕ و دژی هەموو داگیرکارییەکین بۆ سەر هەرێمی کوردستان".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵ گوتیشی "ئەوەی کە دەگوترێت تیرۆریستن یان نا، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تیرۆرە و ترسە و تۆقاندنە و تەنانەت لەو ناوچانەیش کە ئێستا بە دەستی خۆیانەوەیە خەڵک ڕادەکات و ڕازی نین".

سەلیم کۆیی لەبارەی قسەکانی گەرمیانی گوتی "ڕاستە خوێندنەوەی دیکە بۆ ئەو بابەتەی کراوە و لەسەر کۆمەڵیش کەوتووە ئەو قسانەی، قسەیشی لەگەڵ کراوە و گوتوویەتی ئەوە ڕای خۆمە، نە دژیانم و نە ئەوەیشە کە قەناعەتم بە داعش بێت و دوور و نزیک نایانناسم، بەڵام ئەوە بە گشتی ڕای خۆیەتی و ڕای کۆمەڵی ئیسلامی نییە."

هەر لەوبارەوە بیلال سلێمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی گوتی "لەناو کۆمەڵی ئیسلامیدا بیرکردنەوە ئازادە، گرنگ ئەوەیە لە هێڵە گشتیەکانی حیزب دەرنەچیت، شەممەی ڕابردوو کۆبوونەوەمان هەبوو، کاک دڵشادیش لەوێ بوو، داوای ڕوونکردنەوەی لێکرا، ئەویش ڕوونکردنەوەی دا و گوتی کە گوتوومە دەترسم فەتوا بدەم، لەبەر ئەوەی من موفتی نیم، هەر کەسیش دەستدرێژی بکاتە سەر کوردستان من پارێزگاریکردن لە کوردستان بە واجب دەزانم".

بە گوتەی بیلال سلێمان "لەوانەیە هەندێک خوێندنەوەی بۆ کرابێت کە بۆ دەترسێ؟ ئەویش دەڵێت دەترسم بەهۆی ئەوەی من موفتی نیم فەتوایەک بدەم و فەتواکەم دروست نەبێت".

لەبارەی پێناسەی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ گرووپی چەکداری داعشیش، بیلال سلێمان دەڵێت "ئێمە داعش بە گرووپێکی تەعەداکەر دەزانین کە تەنیا ئامانجیان تێکدان و کوشتنە و ئەوەش لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام یەک ناگرێتەوە و دژی ئەوانەین".



## پارتییەک سکاڵا لەسەر یەکێتی و گۆڕان تۆمار دەکات



**ئەرکان عەلی- سلێمانی**

لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند "بەشی زۆری سەرکردەو مەکتەبی سیاسیمان لەبەرەکانی شەڕن، لەم روانگەوە بۆ ئەوەی لە دۆخێکی تەندروستدا پۆستەکان یەکلایی بکەنەوە، شەوی رابردوو (یەکشەممە) بەتەلەفۆن بە گۆڕان و ئیسلامییەکانیان گوتووە کە دەرفەتێکی دیکەمان پێویستە" و کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دوادەخەن، کە بڕیاربوو ئەمڕۆ (دووشەممە) ساز بکرێت. بەڵام مینە ئاوەکەڵەیی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی رایگەیاند لەسەر دواخستنی کۆبوونەوەکە سکاڵا لەسەر فراکسیۆنی یەکێتی و گۆڕان تۆماردەکات.

ڕووداو
هەڤپەیڤین
ژمارە (323) دووشەممە 2014/8/25

### جەعفەر ئیبراهیم، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتی:

# "خائینەکان"ی شنگال بە توندی سزا دەدەین



## لەگەڵ YPG لە گفتوگۆداین بۆ گرتنەوەی شنگال

## ئەمریکییەکان لە دهۆک پلان بۆ گرتنەوەی شنگال دادەنێن

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

جەعفەر ئیبراهیم، گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت هەموو ئەو عەشیرەتانەی لە ناوچەی شنگال خیانەتیان لە کورد کرد و چوونە پاڵ داعش، بە توندی سزا دەدەن.

جەعفەر ئیبراهیم، بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "چوونی پێشمەرگە بۆ شنگال جێگای ئەوە نییە پرسیاری لەبارەوە بکەین، ئێستا هەموو کەس پرسیار دەکەن کە ئایا هێزی پێشمەرگە دەچن بۆ شنگال؟".

جەعفەر ئیبراهیم لەبارەی ئەگەری ئەوەی کە یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG لەچیای شنگال رێگری بکەن لەو هێرشەی پێشمەرگە، گوتی "مەکتەبی سیاسی پارتی ئێستا لە پەیوەندیدایە لەگەڵ هێزەکانی یەپەگە بۆ چۆنیەتی چوونی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ شنگال، ئەوەش بۆ ئەوەیە نەوەک ئەوان رێگری بکەن یان شتێک بکەن".

پێشتر (رووداو) بڵاویکردەوە کە یەکینەکانی پاراستنی گەل شکستیان بە پلانێکی پێشمەرگە و سەربازانی ئەمریکی هێناوە بۆ هێرشکردنە سەر شنگال و داوایان کردووە ئەو هێرشە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەواندا بکرێت، بەڵام ئەمریکییەکان و پێشمەرگە رازی نەبوون.

جەعفەر ئیبراهیم لەوبارەیەوە گوتی "ئەگەر شتی وا روویدابێت نابێت دووبارە ببێتەوە، بەڵام ئێمە لەسەر ئەوە کاردەکەین کە هەموو لایەنەکانی سیاسی پێکەوە کار بکەین". هەروەها ئاشکرای کرد "ئێستا بەشێک لە شارەزا ئەمریکییەکان لە سنووری پارێزگای دهۆکن و خەریکی پلاندانانن بۆ هێرشکردنە سەر شنگال و ئەو ناوچانەی داعش لە باشووری کوردستان داگیری کردوون".


دوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن داعشەوە، چەند بەرپرسێکی حیزبی و سەربازیی ناوچەکە بەوە تۆمەتبارکران کە لە کاتی هێرشەکەی داعشدا هیچ جۆرە بەرگرییەکیان نەکردووە. بۆیە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەیاننامەیەکدا گوتی دەبێ لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێت کە کەمتەرخەم بوون، لە یەکەم هەنگاویشدا بڕیاری لادانی بەرپرسی لقی پارتی لە شنگال دا و لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەشی لەگەڵ بەرپرسە سەربازییەکانی میحوەری شنگال پێکهێنا.

جەعفەر ئیبراهیم دەڵێت مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی هیچ دوودڵ نییە لە سزادانی ئەو کەسانەی لە میحوەری شنگال کەمتەرخەمییان کردووە و گوتی "لە شنگال کارەساتێکی مرۆیی گەورە روویداوە، نابێت کەس لەوە تووڕە بێت کە سزا بدرێت، سەرۆک بارزانیش بەپێی یاسای ژمارە یەکی ساڵی 1992 کە فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەیە لە کوردستان، دەسەڵاتی سزادانی هەموو ئەو کەسانەی هەیە کە کەمتەرخەمییان کردووە".

هەندێک لەو کوردە ئێزدیانەی لە دەست چەکدارانی داعش رزگاریان بووە، دەڵێن دراوسێ عەرەبەکانیان کەمتر لە داعشیان پێنەکردوون. جەعفەر ئیبراهیم کە تۆمەتی "خائین"ی دایە پاڵ ئەو عەرەبانە، گوتی "ئەو عەشیرەتانەی لەناو شنگال خیانەتیان کردووە، هەموویان بە توندی سزا دەدەین".

### سەعید شنگالی، بەرپرسی لقی 17ی پارتی لە شنگال بۆ (رووداو):

# چیای شنگال لەژێر کۆنترۆڵی PKKدا نییە



ماڵەکەی لە دهۆک بووەتە بارەگای لقی پارتی لە شنگال، ئەو تازە بووەتە بەرپرسی لقی 17ی پارتی. کە چووینە ژوورەوە سێ کارگێڕ لقیش لەوێ دانیشتبوون. زۆر هەوڵماندا هەندێ قسەی خۆش بکەین بۆ ئەوەی پێبکەنێ و کەشوهەوای هەڤپەیڤینەکەمان خۆشتربێت. بەڵام سەعید شنگالی، کە پێشتر بەرپرسی ئاسایشی گشتی بووە لە پارێزگای دهۆک. لەیەکەم هەڤپەیڤینی رۆژنامەوانیدا گوتی لێتان تێدەگەم. بەڵام تاوەکو لە بارەگای لق لە شنگال یەکدی نەبینین، برینەکانمان سارێژ نابن و دڵمان خۆش نابێت. هەر پێنەکەنی. بەڵام بە گەشبینییەوە گوتی "کەمتر لە مانگێکی دیکە شنگال ئازاد دەکەین".

هەڤپەیڤین: عوبێد رەشاڤایی و هیڤیدار ئەحمەد

**رووداو: دوای ئەوەی بووی بە بەرپرسی لقی 17ی پارتی لە شنگال، سەردانی شنگالت کردووە؟**

**سەعید شنگالی:** ئەوەی راستی بێ پێش ئەوەی ئەو پۆستە وەربگرم بڕیارم دابوو سەردانی شنگال بکەم، دەرچوونی فەرمانی من بۆ بەرپرسی لقی شنگال لە 2014/8/11 بوو، بەڵام پێش دەرچوونی ئەو فەرمانە من و خەڵکی شنگال و کەسوکاری من، بڕیارمان دابوو بچین بۆ چیای شنگال بۆ ئەوەی بەشداری لە خەمی خەڵکی شنگالدا بکەین و بەشداری لە پاراستنی مەزارە ئاینییەکانی شنگالدا بکەین. لە 11ی ئەم مانگە فەرمانی من دەرچوو، من لە 12ی مانگ رۆیشتم بۆ شنگال و چووین بۆ مەزاری شەرفەدین و چوار رۆژ لەگەڵ قاسم شەشۆ ماینەوە و خەڵکێکی زۆرم بینی و گفتوگۆمان کرد و موعاناتی خەڵکی ئەو ناوچەیەشمان بینی.

**رووداو: چۆن ئەو پۆستەت لەم کاتەدا وەرگرت؟**

**سەعید شنگالی:** دەزانم بارێکی قورسە، بەڵام من کوڕی شنگالم و ئەگەر من ئەو بەرپرسیارێتییە نەگرمە ئەستۆ و کار بۆ خەڵکی خۆم نەکەم کێ بیکات. پارتی وەها ئێمەی پەروەردە کردووە کە لەکاتی تەنگانەدا زیاتر کاربکەین و ئەرک بگرینە ئەستۆ. کارەساتی شنگال پاڵنەرێکی بەهێزبوو بۆ من کە زیاتر لەو ناوچەیە کار بکەم.

**رووداو: خەڵک دەڵێ زۆربەی دانیشتوانی شنگال ئێزدین، بۆ پارتی کەسێکی ئێزدی نەکردە بەرپرسی لقی شنگال؟**

**سەعید شنگالی:** هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئێزدی و موسڵماندا نییە لە شنگال، چەتری شنگال لە هەموو شتێک گەورەترەو لەوە گەورەترە بڵێی ئەمە ئێزدییە و ئەمە موسڵمانە.

**رووداو: بەڵام تۆ وەکو کادرێکی پارتی، باشتر نەبوو لە کۆی 26 لقی پارتی ئێزدییەک ببێتە بەرپرسی لقی شنگال؟**

**سەعید شنگالی:** ئەمە بڕیاری سەرکردایەتی پارتی بوو. پارتی پێش رووداوەکانی شنگال دووجار داوایکرد کە پۆستی بەرپرسی لقی شنگال وەربگرم، بەڵام لەبەر هەندێ دۆخی تایبەت دواخرا.

**رووداو: لەو باوەڕەدای، ئەگەر تۆ بەرپرسی لقی شنگال بای، ئەو کارەساتە روویندەدا یان هیچ نەبێ قورساییەکەی کەمتر دەبوو؟**

**سەعید شنگالی:** ئەگەر من لەوێ بوومایە، ئەگەر لە شنگالیش رۆڵی خۆمان نەبینیبا، هەر هیچ نەبێ لە چیای شنگال نەدەهاتینە خوارێ و لەوێ دەماینەوە، چونکە چیای شنگال زۆر سەختە، داعش ناتوانێ لێی نزیک بێتەوە، دەمانتوانی لە چیای شنگال بەرگری بکەین و ئەو خەڵکەش بپارێزین.

**رووداو: چی وایکرد لەم کاتەدا ئەو پۆستە وەربگری؟**

**سەعید شنگالی:** یەکەم لەبەر ئەوەی شنگال شاری من بوو، دووەم حیزبەکەی من کە پارتییە فەرمانی کرد و منیش جێبەجێی دەکەم. کە ئەو پۆستەم وەرگرت هەندێ پێشنیازم پێشکەشکرد لەسەر دۆخی شنگال.

**رووداو: پێشنیازەکان چی بوون؟**

**سەعید شنگالی:** ناتوانم هەموویان بڵێم، بەڵام یەکێک لەو پێشنیازانە گوتم، خەڵکی شنگال داوا دەکەن ئەو کەسانەی کەمتەرخەمییان کردووە سزا بدرێن، چونکە خەڵک رۆژانە پەیوەندییان بەمنەوە دەکرد و دەیانگوت دەبێ ئەوانە سزا بدرێن. جەنابی سەرۆک بارزانیش روون و ئاشکرا گوتی ئەوانەی کەمتەرخەم بوون سزا دەدرێن.

**رووداو: پێشنیازەکانی دیکە چی بوون؟**

**سەعید شنگالی:** جارێ کاتی نییە بیڵێم، بەڵام داوامان کرد هەرچی زووە شنگال رزگار بکەین و شوێنی ئاوارەکان هەندێ باش بکەین تاوەکو بگەڕێنەوە. بەرنامەیەکی باش هەیە لەلایەن ئیدارەی پارێزگای دهۆک بۆ باشترکردنی ژیانی ئاوارەکان.

## مانگێکی دیکە ناخایەنێ شنگال ئازاد دەکرێت

## داعش لە تاقەتی پارتی و پێشمەرگە زیاتر بوو

**رووداو: کێن ئەوانەی سزا دەدرێن، ئێستا زۆر باسی بەرپرسی پێشووی لقی پارتی و هەندێ فەرماندەی پێشمەرگە دەکرێ؟**

**سەعید شنگالی:** ئەوکاتەی لێکۆڵینەوەکان دەستپێدەکەن، رەنگە کەسی زیاتر هەبن کە کەمتەرخەم بووبن لەو رووداوانەدا.

**رووداو: چەند رۆژ لە چیای شنگال مایەوە؟**

**سەعید شنگالی:** شەش رۆژ لەوێ مامەوەو زۆر شتی ناخۆشم بینی، دیمەنی تراژیدی هەبوون، کاتێک منداڵێک بە چاوی خۆی ببینێ براکەی بەهۆی نەبوونی ئاو و نانەوە دەمرێت، ئینجا بە دایک و باوکی بڵێ منیش وەکو براکەم دەمرم؟ هیچ شتێک لەمە گەورەتر هەیە؟

**رووداو: چی هۆکار بوو کە ئەو منداڵانە ئاوایان بەسەر بێت؟**

**سەعید شنگالی:** داعش چەند دەوڵەتێکی داگیر کردووە، ئەوە سووریا و ئەوە عێراق و گەیشتووەتە لوبنانیش، داعش لە تاقەتی پارتی و پێشمەرگە زیاتر بوو.

**رووداو: بەڵام دەڵێن پارتی خیانەتی کرد؟**

**سەعید شنگالی:** نەخێر وا نییە، ئەوە لە تاقەتی پارتی و پێشمەرگە زیاتر بوو.

**رووداو: دەگوترێ هەر هیچ نەبێ دەبووایە پارتی هەر بۆ مێژوو 5 شەهیدی بۆ شنگال دابووایە نەک کشابایەوە؟**

**سەعید شنگالی:** پارتی زۆر شەهیدی داوە و لەو کارەساتەش شەهیدی داوە. هەموو لایەنێکیش دەزانن لە هەندێ ناوچە هێزەکانی پێشمەرگە چ شەڕێکی سەختیان کرد، بەڵام ئەو چەکەی لەدەست داعشدا بوو زۆر زیاتر و بەهێزتر بوو لەوەی لەدەست پێشمەرگەدا بوو.

**رووداو: دەگوترێ پارتی دوای رووداوەکانی شنگال 20 ساڵی دیکەی پێویستە، چونکە خەڵک لە پارتی دڵگران بوون، تۆ ئێستا کە بەرپرسی لقی 17ی شنگالی، چی دەکەی؟**

**سەعید شنگالی:** سەرەتا کە برینی تۆ قووڵ بێ، بێگومان کاردانەوەت گەرم دەبێ، ئێستا لە دوێنێ و پێرێ جیاوازەو خەڵکیش ئەو هەڵچوونەی نەماوە. رۆژانە بەدەیان ئێزدی و خەڵکی شنگال دێنە لای من کە چی بکەین. هەندێ داوا دەکەن چەکیان بدەنێ بۆ ئەوەی شنگال رزگار بکەن.

**رووداو: بەڵام ئێستا خەڵکی شنگال و بەتایبەت کوردی ئێزدی داوا دەکەن بەرەو دەرەوەی کوردستان کۆچ بکەن؟**

**سەعید شنگالی:** ئێمە ئەوە بە باش نازانین خەڵکی ئێمە شوێنی خۆیان چۆڵ بکەن.

**رووداو: لە چ رێگایەکەوە کۆچ دەکەن؟**

**سەعید شنگالی:** دەچنە رۆژئاوای کوردستان و لەوێوە دەچن بۆ تورکیا و دەیانەوێ بەرەو ئەورووپا بچن.

**رووداو: ئێوە ناتوانن رێگری لەمە بکەن؟**

**سەعید شنگالی:** ئێمەش کار دەکەین، ناوی خەڵک دەنووسین بۆ ئەوەی ببنە پێشمەرگە و چەکیشیان دەدەینێ، تاوەکو بتوانن شنگال بپارێزن و رۆڵی سەرەکییان دەبێ لە رزگارکردنی

## ئێستا قاسم شەشۆ فەرماندەی گشتی پێشمەرگەیە لە شنگال

شنگال.

**رووداو: راستە قاسم شەشۆ کە ئێستا مەزاری شەرفەدین دەپارێزێ لە چیای شنگال دەبێتە فەرماندەی سەربازی لە شنگال؟**

**سەعید شنگالی:** بەڵێ بڕیار دەرچووە ببێتە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە لە شنگال و هەموو پێشمەرگەکان دەچنە ژێر فەرمانی قاسم شەشۆ. سوپایەکی تایبەت بەسەرکردایەتی قاسم شەشۆ لە شنگال دروست دەکرێت، ئەمە بڕیاری سەرکردایەتی پارتییە و ئێستا بە سەدان کەس کە چەکدارن لەژێر فەرمانی قاسم شەشۆدان لە چیای شنگال. ئیدی پاراستنی شنگال لەلایەن خەڵکی شنگالەوە دەبێ.

**رووداو: راستە چیای شنگال لەدەست چەکدارانی PKK دایە؟**

**سەعید شنگالی:** چیای شنگال لەژێر کۆنترۆڵی PKKدا نییە، بەڵکو بوونی ئەوان لە چیای شنگال بە هەماهەنگییە لەگەڵ قاسم شەشۆ، چونکە چیای شنگال و کۆنترۆڵکردنی چیای شنگال هەموو لە دەست قاسم شەشۆدایە.

**رووداو: دەگوترێ ئیدی پارتی هێزی یەکەم نییە لە شنگال؟**

**سەعید شنگالی:** بۆ زانین زۆر کەسمان بینیون و هاتوونەتە لای ئێمە کە تەقەبوولی هیچ هێزێکی دیکە ناکەن لە شنگال بمێنن.

**رووداو: خەڵکانێک لە نێو شنگالدا ماون، دەگوترێ دەستیان هەیە لەگەڵ چەکدارانی داعش، ئەگەر ئێوە شنگال رزگار بکەن چ هەڵویستێکتان دەبێت بەرامبەریان؟**

**سەعید شنگالی:** هەر کەسێک پەیوەندی بە داعشەوە هەبووبێ و هاوکاری کردبن سزا دەدرێ. ئینجا عەرەب بێ یان کورد.

**رووداو: ئێستا بەرنامەی پارتی بۆ دوای رووداوەکانی شنگال چییە بۆ ئەو ناوچەیە؟**

**سەعید شنگالی:** شنگال پێگەوسەربازگەیەکی گرنگی پارتییە و هەر شوێنی سەرەکی پارتی دەبێ و خەڵکی شنگالیش پارتی بوونە و هەر پارتی دەبن. دەزانن بۆچی خەڵکی کۆچۆ لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بە کۆمەڵ کوژران؟ چونکە خەڵکی ئەو گوندە خۆیان بە پارتی دەزانی و دەیانگوت کۆچۆ بارزانە، ئەوە وایکرد ئەو کارەساتە لەوێ رووبدات. بارزانیش بەو کارەساتە زۆر دڵگران بوو.

**رووداو: کەی شنگال رزگار دەبێ؟**

**سەعید شنگالی:** بەرنامەیەکی بەپەلە هەیە بۆ رزگارکردنی شنگال و مانگێکی دیکە ناخایەنێ شنگال رزگار دەبێ و خەڵکی شنگالیش دەگەڕێنەوە.

رووداو
کوردستانی
ژمارە (323) دووشەممە 2014/8/25

## سووریا وەزارەتێک دەداتە کورد



**رووداو – دیمەشق**

عومەر ئۆسێ، ئەندامی پەرلەمانی سووریا بە (رووداو)ی راگەیاند وائیل حلفی، سەرۆک وەزیرانی ئێستای سووریا، کە هەر ئەویش راسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازە. پێش دە رۆژ بانگی کردووە و پێیراگەیاندووە کە دەیانەوێ کورد بەشداربن لەو کابینەیەدا و ئەویش یەکێکە لە پاڵێوراوەکان بۆ ئەوەی پۆستێکی وەزاری وەربگرێت "منیش پێمگوت بەشداری کورد لە حکومەتدا هەنگاوێکی زۆر گرنگە لەلایەن دەوڵەتی سووریاوە بەرامبەر کورد". گوتیشی بە وائیل حلفی گوتووە کە ئەو پێیخۆشە یەکێک لەو چوار وەزارەتە وەربگرێت: وەزارەتی رۆشنبیری، وەزارەتی گەشتوگوزار، وەزارەتی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، یان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.

دروشمیان دژی دیموکراتەکان گوتووەتەوە

# سەلەفییەکانی رۆژهەڵات ئاڵای رەشی داعش بەرزدەکەنەوە

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو– هەولێر**

بەگوتەی سەرچاوەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە هەندێ لە شارەکانی رۆژهەڵاتدا سەلەفییەکان بۆ نیشاندانی پشتیوانی خۆیان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) خۆیان دەرخستووە و ئاڵای رەشی داعشیان بەرزکردووەتەوە.

رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەو هەواڵەیان پشتڕاست کردەوە. مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حدکا، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی تیشک گوتی "زانیاری راست و دروستمان هەیە کە لایەنگرانی داعش چالاکییان نواندووە". دواتریش شاهۆ حوسێنی نوێنەری ئەو حیزبە لە دەرەوەی وڵات، هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە.

سەرچاوەکانی (رووداو) لە ژمارەیەک لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە سەلەفییەکان تێیاندا چالاکن، ئەو پرسە پشتڕاست ناکەنەوەو دەڵێن ئەوان تەنیا وەکو دەنگۆ بیستوویانە کە لایەنگرانی داعش چالاکییان هەبووە. ئەو سەرچاوانە هەڵبەت ئەو هەواڵانەش رەتناکەنەوە. سەرچاوەیەک لە بانە بە (رووداو)ی گوت "تەنیا وەک دەنگۆ بیستوومانە لە بانە خۆیان دەرخستووە و ئاڵای رەشیان بەرزکردووەتەوە".

ئاژانسی هەواڵی کوردپا بڵاوی کردەوە، سەلەفییەکان لە شاری بانە دروشمی لایەنگرییان بۆ داعش داوە و هەوڵیان داوە دۆخی شارەکە بشێوێنن. شاهۆ حوسێنی، نوێنەری حیزبی دێمۆکرات بە رادیۆی فەردای گوت "ئەو کەسانە دروشمی نەمان بۆ دێموکرات و سێکۆلاریان داوە" ئەمەشی وەک نیشانەی نارەزایەتی لە ناردنی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکەی بۆ شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی لێکدایەوە.




وەک چۆن لە باشووری کوردستان رەوتی سەلەفیەت لە هەڵکشاندایە، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بەهەمانشێوە لە گەشەدان، تاوەکو ئێستاش کۆماری ئیسلامی ئێران چەند کەسێکی لێ خستوونەتە زیندانەوە. بەڵام سەرجەم سەلەفییەکانی رۆژهەڵات پشتگیری لە داعش ناکەن.

سەلەفییەکان لە شاری جوانرۆ چالاکترن. ئەوان لەو ماوەیەدا کە دەوڵەتی ئیسلامی لە لووتکەدایە، بێدەنگ بوون. دەگوترێ نزیکەی 20 کەسی خەڵکی جوانرۆ لە ریزەکانی داعشدان و لەو شارەدا سەلەفییەکان بە نهێنی یارمەتیشیان بۆ داعش کۆکردووەتەوە.

سەلەفییەکان زۆر زانیاری نادەن بە دەستەوە و تێکەڵ بە خەڵکی دیکە نابن. هەربۆیە ژمارەیان دیار نییە. بەڵام چالاکڤانانی کورد دەڵێن: پێگەیەکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتییان نییە.

شاهۆ حوسێنی دەڵێت "لایەنگرانی داعش لە سنە بە ئاڵای رەشەوە خۆیان نیشانداوە". سەرچاوەکانی رووداو لە سنە دەڵێن "ئەوەیان وەک دەنگۆ بیستووە". بەڵام نە رەتیدەکەنەوە و نە پشتڕاستی دەکەنەوە. ئەو هەواڵانە لە خەڵکی ئەو گەڕەکانە بیستراوە کە ئاڵای رەشیان لێ بینراوە و دروشم گوتراونەتەوە و هەڕەشە لە خەڵک کراوە. هەروەها دەگوترێ لە مزگەوتێک لە سنە یارمەتی بۆ داعش کۆکراوەتەوە.

ئیجلال قەوامی، چالاکڤانی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو پرسە وەک شەڕی دەروونی دەبینێ کە ئەو گرووپانە دەیانەوێ بڵێن هێندە بەهێزن دەتوانن یارمەتیش کۆبکەنەوە.

موختار زارعی، چالاکڤانی سیاسی لە سنە بە (رووداو)ی گوت "لە سنە سەلەفی هەیە، بەڵام داعشی لێ نییە". ئەو سەلەفییەکانی بۆ سەر دوو بەرە دابەشکرد، بەشێکیان کە جیهادی نین و بەشێکی دیکەیان باوەڕیان بە جیهاد هەیە. جیهادییەکانیش پێکەوە ناکۆکییان هەیە و دوو بەشن. بەشێکیان لایەنگری زەواهیرین و بەشێکی دیکەش لایەنگری ئەبوبەکری بەغدادین.

زارعی پێیوایە، ناتوانرێ بەو سەلەفیانە بگوترێت قاعیدە یا داعش، چونکە ئەوان ئاگایان لە دانوستانە نهێنییەکانی رێبەرەکانیان نییە. بەگوتەی زارعی، خەڵک ئەوان وەک سەلەفی دەناسێ و خۆشیان هەر بە سەلەفی خۆیان دەناسێنن.

سەرچاوە لۆکاڵییەکان لە سەقز باس لەوە دەکەن کە لە مزگەوتی ساڵحاوادا سەلەفییەکان لە کاتی هێرشەکانی داعشدا و پێشڕەوییەکانیان لە باشووری کوردستان، شیرینیان دابەش کردووە.

لە شاری مەهابادیش لایەنگرانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر بنکەی کۆکردنەوەی یارمەتی لە پشت تەپ و بەری شیلانێ.

# سنە دەست بە خوێندنی کوردی دەکات

**ناسر پیرۆتی**
**رووداو– هەولێر**

پارێزگاری سنە رایگەیاند لە داهاتوویەکی نزیکدا پلانی دامەزراندنی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆکانی ئەو پارێزگایەدا جێبەجێ دەکرێت.

عەبدولمحەممەد زاهیدی، پارێزگاری سنە بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند یەکێک لە داواکارییە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان گرنگیدانە بە کلتوورەکەیان، بەو هۆیەشەوە خراوەتە پلانی کاری حکومەتەوە و بەو مەبەستە بڕیاریانداوە وانەی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆکانی پارێزگای سنەدا بگوترێتەوە.

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی پارێزگای سنە، وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئێران بەڵێنیداوە ئەو پلانە لە داهاتوویەکی نزیکدا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و دەیانەوێ بەشێوەیەی گونجاوە، ئەو کارە جێبەجێ بکەن.

هاوکات لە رۆژانی رابردوودا، وەزارەتی زانستی ئێران، داواکاری خوێندن بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆکانی ئەو وڵاتەدا پەسند کرد بەڵام بەگوتەی جێگری سەرۆکی زانکۆی کوردستانی سنە بەهۆی نەبوونی مامۆستای شارەزای کوردی ناتوانن جارێ بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆکەیاندا بکەنەوە.

قوربانعەلی سادقی، جێگری سەرۆکی زانکۆی کوردستان لە سنە رایگەیاندووە، خوێندنی بەشێک لە زانکۆکان، پێویستی بە هەڵبژاردنی سەرچاوەیەکی زانستی تەواو و مامۆستای شارەزا هەیە و هەر بۆیە زمان و ئەدەبیاتی کوردیش لەو چوارچێوە بەدەر نییە و پێویستی بە مامۆستای شارەزا هەیە.

سادقی راشیگەیاند بۆ ئەو مەبەستە لێژنەیەک بۆ ئامادەکردنی سەردێڕەکان و چۆنیەتی خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی پێکهێنراوە و راپۆرتێک لەو بارەیەوە بۆ وەزارەتی زانست رەوانە کراوە.

ناوبراو گوتیشی ئێستا زانکۆی کوردستانی سنە، مامۆستای شارەزای لە بواری زمان و ئەدەبیاتی کوردی نییە.

لە لایەکی دیکەوە، ژمارەیەک لە مامۆستایانی زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)یان راگەیاند، ئەگەر کێشەی نەکردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کوردستانی سنە، نەبوونی مامۆستای شارەزا و پسپۆڕە، ئەوان ئامادەن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە و تەنانەت بە خۆبەخشانە لەو زانکۆیەدا وانەی زمان و ئەدەبی کوردی بڵێنەوە.


هەروەها د.نەژدەت ئاکرەیی، بەڕێوەبەری گشتی توێژینەوە و پەرەپێدان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، ئەگەر داوایان لێبکرێ وەزارەتەکەیان ئامادەیە لە بواری دابینکردنی مامۆستای شارەزای زمانی کوردی بۆ خوێندن لەو دوو بەشە هاوکاری زانکۆکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بکات.


بەپێی ماددەی 15ی دەستووری ئێران، زمان و شێوازی نووسینی فەرمی ئێران فارسییە و سەرجەم بەڵگەنامە فەرمییەکان بەو زمانە دەنووسرێن، بەڵام کەڵکوەرگرتن لە زمانی نەتەوە جیاوازەکانی نێو ئەو وڵاتە لە راگەیاندنەکاندا ئازادە و دەکرێ زمان و ئەدەبیاتیان لە خوێندنگاکاندا بخوێندرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا کار بەو ماددەیەی دەستوور نەکراوە.

یەکەم هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 2004وەوە نرا، کە بڕیاری کردنەوەی لقی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کوردستانی سنە درا، بەڵام بەهۆی نەبوونی مامۆستای شارەزا و سەرچاوەی زانستی تاوەکو ئێستا نەکەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.




# جەمیل بایک دەرگای قەندیل بۆ تورکیا دەکاتەوە





**رووداو– وەتەن**

جەمیل بایک لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەڤانی ناسراوی تورکیا روشەن چاکر، ئامادەیی قەندیلی پیشاندا بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ئەنقەرە.

ماوەیەک پێش ئێستا بەشیر ئەتەلای، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند "خوازیارە لەمەودوا دەوڵەت راستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ قەندیل بکات". لە وەڵامی ئەم لێدوانەی ئەتەلایدا، جەمیل بایک، سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆماجڤاکێن کوردستان KCK ئامادەیی حیزبەکەی پێشاندا بۆ دەستپێکردنی ئەو دانوستاندنە و گوتی "ئێمە هەموو کاتێک دەرگامان کراوەیە. هەتا ئەمڕۆ کەسمان رەتنەکردووەتەوە. دەکرێت رۆژنامەڤانان، شاندە جیاوازەکان یان دەزگا نێودەوڵەتییەکان سەردانمان بکەن. بە راستی نازانین رەتییبکەینەوە".

لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەدا، بایک وەڵامی ئەو لێکدانەوانەی دایەوە کە باس لە دژیەکیی هەڵوێستی ئیمراڵی و قەندیل دەکەن لە پرۆسەکەدا. جەمیل بایک پێیوایە رۆڵی ئۆجەلان جیاوازە و رۆڵی ئەوان جیاوازە، کەسیان ناتوانن جێگەی ئەوی دیکە بگرنەوە. ئەمەشی بە دوو هێز زانی کە یەکدی تەواو دەکەن. نەک دژایەتی یەک بکەن.

سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری KCK لە باسی یاسای چارەسەریش کە مانگی تەمموز پەرلەمانی تورکیا تێیپەڕاند، رایگەیاند ئامانجی دەرکردنی ئەو یاسایە راگرتنی باری ئاگربەست بووە کە پێویست بوو بۆ ئەردۆغان هەتا بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرێت. هاوکات رەخنەی لە ناوی یاساکە هەبوو کە "کۆتایی هێنانە بە تیرۆر". بایک پێیوایە ئەوە ئاماژەیەکە بۆ دەوڵەت کە هێشتا عەقڵیەتی نەگۆڕاوە و کێشەی کورد وەک کێشەیەکی سیاسی و داوای رەوای گەلێک نابینێ.

سەبارەت بەو تۆمەتانەی دەدرێتە پاڵیان بۆ هەماهەنگیکردنی سیاسی لەگەڵ پارتی داد وگەشەپێدان، جەمیل بایک گوتی "پیشاندانی ئێمە وەک هاوکاری AKP بێ ویژدانییە، لەبەر ئەوەی ئێمە پارتەکان و کەسایەتییەکان بە بنەما وەرناگرین. AKP و CHP و MHP هیچ جیاوازییەکیان نییە بۆ ئێمە، هەر کەسێک بێتە سەر دەسەڵات ئێمە بە موخاتەبی خۆمانی دەزانین و گفتوگۆی لەگەڵ دەکەین بۆ چارەسەری".

دەنگەکانی سەلاحەددین دەمیرتاش لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و ئەگەری گۆڕینی سیستمی دەسەڵات لە تورکیا دوو بابەتی دیکەبوون لە چاوپێکەوتنەکەی چاکر لەگەڵ بایک. سەبارەت بە دەنگەکانی دەمیرتاش جەمیل بایک گوتی "ئێمە چاوەڕێی نزیکەی 10 بۆ 13%مان دەکرد، بەڵام ئەنجامەکە ئەرێنییە. ئەگەر HDP بتوانێت سوود لەو پشتگیرییەی دەمیرتاش وەربگرێت و دەنگەکانی خۆی بەرزبکاتەوە، دەتوانێت ببێتە بزووتنەوەیەکی بەهێزی بەرهەڵستکار. ئەوەش بە مەرجێک بتوانێت شانبەشانی کورد، عەلەوییەکان و موسوڵمانە دیموکراتەکان و چەپەکان و لیبراڵەکانیش لە ئامێز بگرێت".

دەربارەی سیستمی دەسەڵاتیش، پشتگیریکردنی لە سیستمی سەرۆکایەتی یان نیو سەرۆکایەتی رەتکردەوە و پێیوابوو سیستمی پەرلەمانی زیاتر لەبارە بۆ پاراستنی دیموکراسیەت.

ئەم لێدوانانەی بایک لە کاتێکدایە کە بەشیر ئەتەلای، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا راگەیاندبوو هەتا مانگی ئەیلول نەخشەڕێگای نوێی ئەنقەرە دەردەکەوێت بۆ گواستنەوەی پرۆسەی ئاشتی بۆ قۆناغی داهاتوو، خوازیاریش بوو لەو قۆناغەدا راستەوخۆ دامودەزگاکانی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ قەندیل گفتوگۆ و راوێژ بکەن.

## ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ ڕووداو:

# ئیسلامییەکان وا باشە واز لە سیاسەت بێنن، یان وەکو AKP کاربکەن

ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە ئێستا بڕیاریداوە تا بەستنی کۆنفرانس وەکو نیگەرانییەک لە ئەمینداری حیزبەکەی و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بەشداری کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی نەکات و لە کۆنفرانسیش خۆی بۆ ئەو پۆستە بەربژێر نەکاتەوە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) ئەنجامدانی "ئینقیلابێکی سپی" بەسەر نەوەی یەکەمی حیزبەکەیدا بە کارێکی "ئیسلامی و ئەخلاقی" دادەنێت.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی



**ڕووداو: هەست بە دوو گوتاری دەکرێت لەلایەن ڕەوتی ئیسلامییەوە سەبارەت بە پرسی داعش، یەکگرتوو هەڵوێستێکی جیاوازی لە لایەنەکانی دیکەی ئیسلامی هەیە؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** دوو گوتارییەکە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو کەم بووەتەوە، گەر لە هەندێ ئاستیشدا جیاوازی بەدی بکرێت، قابیلی تێگەیشتنە. پاشخانی ئایدیۆلۆژی و گەشەکردنی مێژوویی لایەنە ئیسلامییەکان و پێکهاتەی بنکە و کەلتووری حیزبییان، لە هەندێ ڕووەوە لە یەکدی جیاوازە. یەکگرتوو هەر لەسەرەتاوە لە دەرەوەی کەلتووری توندوتیژی و لەسەر بناغەی ڕەتکردنەوەی توندڕەویی ئیسلامی سەری هەڵداوە.

بەڵام بە گشتی هەڵویستی ئیسلامیەکان بەو جیاوازیانەشەوە لەگەڵ گەلەکەی خۆیاندایە.

**ڕووداو: دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە ئینجا پەیامێکی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەلایەن مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیەوە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پێدرا، ئەمە مانای دوودڵی نییە لە وەرگرتنی هەڵوێست لە داعش؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** سەرەتا دەبێت ستایشی هەڵوێستی کۆمەڵ بکرێت و هانیش بدرێت کە توانیویەتی لە هێزێکی ئیسلامی ڕادیکاڵ و چەکدارەوە، گۆڕان بەسەر گوتار و شێوازی کارکردنیدا بێنێت و بگاتە دۆخی ئێستای. ئاساییە هێشتا پرۆسەی گوڕانکارییەکە لە هەموو ئاستەکانی ڕێکخراوەکەدا ڕەوتی گەشەکردنی خۆی تەواو نەکردبێت، هێشتا بەشێک لە ڕێکخستنەکان و هەندێ کادر نەگەیشتبنە ئەو ئاستەی بە زمانێکی یەکلاکەرەوەتر قسە لەسەر ڕێکخراوێکی توندڕەوی ترسناکی وەکو داعش بکەن.

بەڵام هەڵوێستی کەسی یەکەمی کۆمەڵ لەم ڕووەوە گرنگە و ئەوەی سەبارەت بە مەکتەبی سیاسیش هەیە، ئەوەندەی من ئاگاداربم ڕەچاوکردنی دۆخی بەشێک لە ڕێکخستنەکانە، بۆ ئەوەی بەهۆی هەڵوێستێک کە قابیلی قبووڵکردن نەبێت لەم ڕووەوە، نەکەوێتە ژێر کاریگەری توندڕەوی ئیسلامی. چونکە مانەوەیان لەناو کۆمەڵدا زەمانەتێکە و دەکرێت لە داهاتووشدا ئەو ئاستەی ئێستا تێپەڕێنن.

لە هەموو حاڵەتێکدا وا باشە زیاد لە پێویست سەر نەخرێتە سەر ئیسلامییەکان، ئەوە بە هەند وەربگیرێت کە لە حکومەت و پەرلەمان و ڕاگەیاندن و ئاستی تریشدا بەشێکن لە وزە نیشتیمانییەکە دژ بە هەڕەشەکانی داعش. داواش نەکرێت هەموو لایەنەکان بە هەمان زمان و شێواز (داعش) ڕەتبکەنەوە، گرنگ ئەوەیە مۆدێلی داعش ڕەتبکەنەوە.

**ڕووداو: زۆر باسی بەرەی ئیسلامی و لیستی هاوبەشی ئیسلامی دەکرا، ئێوەش لەگەڵ کۆمەڵ لیستی هاوبەشتان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان دروست کرد، هەست ناکەن لەسەر داعش هەڵوێستی توندی ئێوە ئیسلامییەکانی دووکەرت کرد، بەوپێیەی ئێوە تێگەیشتنی جیاوازتان بۆ جیهاد هەیە؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** یەکگرتوو و ئیسلامییەکانی دیکە، سەرەڕای ئیسلامیبوونیان، خودان تایبەتمەندی جیاوازیشن. پێموایە توندڕەوی شتێک نییە قابیلی سازش لەسەرکردنی فیکری بێت. هەروەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەمیشدا باسمان کرد. ڕوونتربوونی هەڵوێستی لایەنێکیان هۆکاری مێژوویی و واقیعی لە پشتە و جیاوازییەکەش زۆر زەق نییە.

پێشم وانییە مەسەلەی (داعش) ریزی ئیسلامییەکانی کەرت کردبێت، گەرچی لە ئاستی کەسی دا نارەزایی لە هەندێ هەڵوێست و لێدوانی هەندێ بەرپرسی یەکگرتوو بەدی دەکرێت، بەڵام خۆشبەختانە کەس لە سەنگەری بەرگریدا نییە لە داعش تا لایەنەکەی تر ناچار بەماڵجیایی و پاراستنی ناسنامەی تایبەت بەخۆی بێت. هەر نزیکبوونەوەیەکی جددیش بێتە پێشەوە، بە حوکمی ئەزموون و پێداویستی واقیع و هەڵوێستی فیکری هەندێ لایەنیان لەمەڕ توندڕەوی و توندوتیژی، دەبێت یەکێ لە بناغەکانی ڕەتکردنەوەی تیرۆر و توندڕەوی و قەناعەتبوون بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و دیموکراسی بێت. ئیسلامییەکان لە مەسەلەی زیاتر لە یەکدی نزیکبوونەوە کێشەی تریان هەیە، وەک کێشەی ئیرادەی سیاسی و توانای بڕیاردان، جورئەتی چوونە ناو ئەزموونێکی نوێوە کە تەواوی ئیسلامییەکانی ئێستا تێپەڕێنێ و وزە ئیسلامییەکە لەسەر بناغەی جیاکردنەوەی کاری حیزبی و دەعەوی، لەسەر ئاستی تەوژمە ئیسلامییەکە بە جۆرێکی دیکە ئاراستە بکات، بە ناو و گوتار و میکانیزم و فۆرم و سەرکردە و سەرکردایەتییەکی نوێوە، فۆرمێکی دیکەی تێکۆشانی سیاسی و نیشتمانی و ریفۆرمخوازانە دەستپێبکەن.

**ڕووداو: یەکێک لە سەرکردەکانی یەکگرتوو گوتبووی نابێ ورەمان بڕووخێ لە بەرامبەر داعش، بەڵکو دەبێ خۆمان بۆ مقاوەمەی کۆڵان بە کۆڵان حازر بکەین، کەواتە تێگەیشتنێک لە ئاستی سەرکردایەتی هەیە کە ئێوەش وەکو حەماس ببنە خاوەنی باڵی چەکداری؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** یەکگرتوو گەر لە پرۆگرامەکەیدا سەیری بکەیت ، (ئیخوان)ی مێژوویی لە زۆربەی ئاستەکاندا تێپەڕاندووە. بۆیە وەسفی سەر بە فکری (ئیخوان) بۆ ئێستای یەکگرتوو هەڵەیە. یەکگرتوو لە ساڵی (1997)ەوە خۆی وا پێناسە کردووە کە سوود لە ئەزموونە جیاوازەکانی ئیسلامی و نا ئیسلامی وەردەگرێت، (ئیخوان)یش یەکێکە لەو قوتابخانە و ئەزموونانە.

بۆیە (ئیخوان) بۆ یەکگرتوو پاشخانی مێژووییە. گەرچی بە داخەوە تاوەکو ئێستاش چەمکی پەروەردە و تێکەڵی کاری دەعەوی و حیزبی وەک مۆرکێکی (ئیخوان)ی مێژوویی، کێشەی بۆ گەشەکردنی ئەم حیزبە دروستکردووە. لە هەموو حاڵەتێکدا دۆخی فەڵەستین و کوردستان سەبارەت بە ئیسلامیەکان لێک جیاوازە. قسەی ئەو بەرپرسەی یەکگرتووش بۆ پێداگرتن بوو لەسەر هەڵوێستی بە بڕشتی نیشتیمانیانەی یەکگرتوو. یەکگرتوو لە نەوەدەکاندا میلیشیای دروست نەکرد کە عەقڵی میلیشیاگەری سێبەری بەسەر هەموو شتێکدا کردبوو، تازە بە تازە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو فەرهەنگە دواکەوتووە. پێویستە هەموو رواڵەتەکانی چەکداریی حیزبی لە هەرێمدا کۆتایی بێت، هەمووومان لە چوارچێوەی ریزەکانی لەشکرێکی نیشتمانی و دامودەزگا نیشتمانییەکاندا مافی خزمەتکردن و دەرخستنی پەرۆشی و دڵسۆزیمان هەبێت، چەکداری حیزبی و باڵی چەکدار کەلتووری شاخە و دەبێت ببێتە بەشێک لە مێژوو.

**ڕووداو: پێتوایە زەمینەی جێگیربوونی فیکر و تێگەیشتنی داعش بۆ ئیسلام و شەریعەت لە هەرێمی کوردستان لەبارێت، واتە دەتوانن لێرە گەرا و چەکەرە بکەن؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** پێموانییە کوردستان هاوشێوەی دنیای عەرەب و لەوانەش ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق، ژینگەیەکی لەباری لەخۆگرتنی فکری توندڕۆیی ئیسلامی و داعش بێت. لەبنەڕەتیشدا توندڕەوی ئیسلامی تایبەتمەندییەکی عەقڵ و کەلتووری عەرەبییە و بە فەرهەنگی گەلانی دیکەی موسڵمان نامۆیە. ئەوەی دەبینرێت کاریگەربوونە بە عەرەب. بەڵام ئەمە یەکسان نییە بە پشتێن لێکردنەوە و بێ خەمی. چونکە لە کوردستانیش ئەگەری کاریگەربوونی هەندێ لاوی وڵاتەکەمان هەیە. ئەوەی واش دەکات ئەم کاریگەربوونە سنووردارە هەبێت چەند هۆکارێکە، لەوانەش:

1) پاشخانی مێژوویی چەکداریی ئیسلامی.
2) بوونی ڕەوتێکی سەلەفی و بەداخەوە پشتیوانیکردنی لەلایەن هەندێ لە ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە.
3) هەستکردن بە جیاکاری بەرامبەر ئیسلامییەکان لە هەندێ بواردا.
4) ناعەدالەتی و نەبوونی دەرفەتی یەکسان و هەژاریی بەشێک لە کۆمەڵگە.
5) نزیکیی داعش لە کوردستان.
6) کاریگەریی میدیا و دەستکەوتەکانی جیهانگیری.

پێویستە ئەم پرسەش بە جددی وەربگیرێت و نەکرێت بە بابەتی موزایەدەی سیاسی و کەرەسەی پڕوپاگەندە. چونکە پرسێکە پەیوەستە بە چارەنووسی کۆمەڵگە و نیشتمانەوە. توندڕەویش گەر بتوانێ 100 کەسیش بخاتە ریزەکانی خۆیەوە، دەبێت بە کەم نەگیرێت.

**ڕووداو: تا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی ڕەسمیی ئیخوانمان لەسەر ئاستی میسر و جیهان نەبیستووە لە بەرامبەر پەلامارەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و کوشتنی ئێزدییەکان، بۆچی؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** زانیاری وردم لەو بارەیەوە نییە، بەڵام گەر بە ویژدانەوە قسە بکەین، (ئیخوان) لە میسر لە میحنەتێکی گەورەدان، دەیان هەزار کەسیان ڕاپێچی زیندان کراون، سەدان کەسیان حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرکراوە و زۆربەی سەرکردەکانیان چاوەڕێی پەتی سێدارەن.

هەرێمی کوردستانیش لەو ڕووەوە هەڵوێستی نەبووە، ئەو چالاکییەی ئیسلامیەکانیش لە بری ئەوەی تەوزیفی سیاسی بکرێت و وەک بەشداریی گەلی کوردستان لە ڕەتکردنەوەی کودەتاکە و لەگۆڕانی ئەزموونێکی تازە سەرپێکەوتووی دیموکراسی ناوچەکە بخرێتەڕوو، بەرامبەر تەوژمی ئیسلامی و گەلانی ناوچەکە بەکاربهێنرێت، بە داخەوە کرایە کەرەسەی پڕوپاگەندەی سیاسی بۆ گومان خستنە سەر وەلائی نیشتمانیی ئیسلامییەکان! کە ئاماژەیەکی ناخۆش بوو بۆ بیرتەسکیی سیاسی هەندێک. کاتی خۆیشی من گوتم سیسی سەر بە قوتابخانەی عرووبەیە و ئەمانەی هاتووشن بە سروشتی پێکهاتەیان دژ بە کوردن، ئەم پێشبینیەش وەک بینیمان ڕاست دەرچوو، چونکە محەممەد حەسەنێن هەیکەل وەک تیۆریسێنی کودەتا و سیسی خۆیشی، دژ بە پرسی مافی چارەنووس هەڵوێستی زۆر سەقەتیان دەربڕی.

(ئیخوان)ی سووریاش بەکردەوە لە چوارچێوەی سوپای ئازاد و هەندێ چوارچێوەی تردا دژ بە داعش شەڕ دەکەن.

هەرچۆنێک بێت پێموایە ئێستا ئەوان چاوەڕێی پشتگیری دەرەوەی خۆیانن و لەڕووی ئەخلاقییەوە کاتی ئەوە نییە هەوڵی تۆمەتبارکردنیان بدەین لەسەر هەندێ مەسەلە، بەتایبەتیش کە ئەوان لە میحنەتەکەیاندا قەرزاری هەڵوێستی فەرمی هەرێمی کوردستان نین.

**ڕووداو: هەتا پێش پەلاماری داعش بۆ سەر کوردستان باسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکرا، پێتوایە ئەم پرۆژەیە بەرەو کوێ دەڕوات؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** پێموایە هەرێمی کوردستان بە هاتنی داعش و ڕووداوەکانی (2014/6/9) و ڕۆژانی دواتر، دەبێت بەگوڕتر بەرەو ئامانجی ڕاپرسی و سەربەخۆیی بڕوات. چونکە (داعش) لەگەڵ ئەو هەڕەشەیەی بۆ ئێمەی دروستکرد، بوو بەهۆی ئەوەی کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بکەینەوە و سوپای عێراق بەرەو هەڵوەشانەوە بڕوات و بەغدا لاواز ببێت و لە ڕێگەی شەڕی دژ بە داعشەوە هەرێمی کوردستان پێگەی بەهێزتر بێت و پێشمەرگە چەکدار بکرێت و هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی لەخۆگرتنی ئاوارەکانەوە ببێتە جێی ڕێز و سەرنجڕاکێشانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. هەربۆیە گەر خۆمان هەبین، داعش بێ ئەوەی مەبەستی بێت، ڕێگای گەیشتن بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ کورت کردینەوە، کێشەی بنەڕەتی ئێمەش لەگەڵ بەغدایە، نەک داعش، چونکە داعش دوو مانگە بووە بە هەڕەشە بۆمان و مانەوەشی کاتییە. بەڵام نزیکەی سەدەیەکە کێشەمان لەگەڵ بەغدا هەیە و بەهۆی مانەوەمان لە چوارچێوەی عێراقدا، دووچاری جینۆساید و جۆرەها مەینەتی بووین، تەنانەت هەڕەشەکانی (داعش)یش لەسەرمان هەر بەشێکە لە دەرهاویشتەی بوونمان لە چوارچێوەی عێراقدا.

**ڕووداو: گەنج و جەماوەری ئیسلامی و خەڵکی ڕۆشنبیر و خەمخۆر دەپرسن کەی ئیسلامییەکان 20%ی کورسییەکانی پەرلەمان تێپەڕ دەکەن و کەی دەگەنە دەسەڵات؟ بۆچی خەڵک متمانەتان پێنادات؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** سەرەتا دەبێت بڵێین کێشەی ئیسلامییەکان لەم ڕووەوە دوو بەشە. بەشێکی بابەتییە و پەیوەستە بە دۆخی سیاسی و ئەمنی و فۆرمی حوکمڕانی ڕابردووی هەرێم کوردستانەوە کە جۆرەها بەربەستی بۆ دروستکردوون. بەڵام بەشەکەی تری پەیوەستە بە خۆیانەوە، کێشەکەشیان لەم ڕووەوە فرە ڕەهەند و جۆراوجۆرە، لە کێشەی فیکرییەوە دەستپێدەکات بۆ کێشەی پەیکەری ڕێکخستن و گوتار و شێوازی سەرکردایەتی و نەبوونی سەرکردەی سیاسی و تێنەپەڕاندنی چوارچێوەکانی حیزبی ئایدیۆلۆژی و چارەسەرکردنی تێکەڵاویی مەرجی دینی و حیزبی لە کاری ڕێکخراوەییدا. بە گشتیش ئیسلامییەکان ئێستا ئەو هەستەیان لا دروست بووە کە لە کێشەدا دەژین و بەم جۆرەی ئێستایان زۆر ناچنە پێشەوە. بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەر دیاریکردنی سروشتی کێشەکان و جۆری چارەسەر و جێگرەوەکان.

ئیسلامییەکان بۆ ئەوەی وەرزێکی نوێی گەشەی خۆیان دەستپێبکەن، دەبێت لەم قاڵبەی ئێستایان دەربچن و کاری سیاسی و پێویستییەکانی وەک ئەوەی هەیە و پێویستە، قبوڵ بکەن و لەسەر ئاستی تەوژمە ئیسلامیەکەدا وزە و تواناکانیان لە فۆرم و چوارچێوەیەکی نوێدا تەوزیف بکەنەوە و لە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە نەترسن و تێگەیشتنیان بۆ ڕۆڵی نەوەی نوێ لەناو ریزەکانیاندا نوێ بکەنەوە.

**ڕووداو: یەکگرتوو بە حیزبێکی ئیسلامیی کراوە ناسراوە، بەڵام بە بیانووی کەمکردنی دەنگەکانی خەریکە بەرەو داخراوی و زاڵبوونی دەنگی مەلا و خەڵکی موحافیزکار دەڕوات، بۆ نموونە دەڵێن: گوتاری دینیمان لاوازە بۆیە دەنگمان کەمی کردووە. یان دەڵێن: بێژەر و خوشکانی یەکگرتوو ماکیاژ و جلی مۆدە لەبەردەکەن، تۆ لێکدانەوەت بۆ ئەو قسانە چییە؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** هەمیشە یەکێک لە مەترسییەکانی پاشەکشە بەسەر خۆدا داخرانەوەیە. بە تایبەتیش لەنێو حیزبە ئایدیۆلۆژی و نیمچە ئایدیۆلۆژیەکاندا. ئەو دەنگانەی ئێوەش ئاماژەتان پێکردوون هەن و ئاماژەشن بە تێڕوانینی دەعەویانە بۆ سیاسەت و تێنەگەیشتن لە لۆژیک و پێوەر و پێداویستییەکانی کاری سیاسی و کێبرکێی مەدەنی و یاسا خوایی و گەردوونییەکانی پێشکەوتن و دواکەوتن.

**ڕووداو: بەم دواییە نیگەرانیی خۆت لە ئەمینداری**

داعش ڕێگای گەیشتن بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ کورت کردینەوە

چەکداری کەلتووری شاخە و دەبێت ببێتە بەشێک لە مێژوو

**ئێستای یەکگرتوو ئاشکرا کرد، دەکرێ بزانین تۆ لە چی نیگەرانی؟ کێشەی فیکری و مەنهەجیت هەیە یان کێشەی تەنزیمی و ئیشکردن؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** کێشەی فیکریم لەگەڵ یەکگرتوودا بەو جۆرەی لە پرۆگرامی حیزبەکەدا بەرجەستە بووە نییە، چونکە پرۆگرامێکی سەردەمیانە و نەخشەڕێی حیزبێکی هاوچەرخە، بنکە حیزبییەکەش بەگشتی منیان خۆشدەوێت. بەڵام کێشەی فیکریم لەگەڵ پرۆگرامێکی نەنووسراو لای هەندێک و فیکری هەندێ کادر و بەرپرس هەیە کە بە بڕوای من بۆچوونەکانیان ڕەنگدانەوەی بنەما فکرییەکانی یەکگرتوو نییە، هەموو کوردیش کێشەی لەگەڵ ئەم فۆرمەی حیزبایەتیدا هەیە کە لە سۆڤیەتی کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە. لەوانەش بوونی مەکتەبی سیاسی بەم جۆرەی ئێستای کە من بەشبەحاڵی خۆم وەک ناو و دەسەڵات و کەلتوور و ئەو هالەیەی بە دەوری ئەندامانیدا دروست دەکرێت و ئەو ڕۆڵەی لە کوشتنی ڕۆڵی سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی دیکەدا دەیبینێ، داوا دەکەم کۆتایی بێت. لە کۆنگرەی چوارەمی یەکگرتووشەوە پێشنیازی لابردنیم کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم. لەبەر ئەوەش کە من ئەندامی سەرکردایەتیم و تا دەرفەت مابێت دەبێت ئەو مەسەلانە لە چوارچێوەی یەکگرتوو خۆیدا بوروژێنرێن، ناتوانم بچمە سەر ئەو بابەتە و تەنها زۆر بە کورتی دەڵێم: نیگەرانیی سەرەکی من لە (13) ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ عەقڵیەت و شێوازی سەرکردایەتی و فۆرمی کارکردنە کە کێشەی جۆراوجۆر دەخەنەوە، ئەم هەڵوێستەی دواییش پەیوەستە بە ئازاردانی ڕۆحی نیمچە بەردەوامی کەسی یەکەمی حیزبەوە.

لەگەڵ مەحویشدا دەڵێم: لە کاتێکدا لە سوقی دەهردا تاکە دراوی دەستی ئێمە تەمەنمانە، بۆچی دەبێت گەوهەر بە پشقلدان بێت مامەڵەی مەخلوق؟

**ڕووداو: لە ڕوونکردنەوەکەت باسی ئەوەت کردووە کە هێشتا کات زۆر ماوەو ئیشی زۆریشتان لە بەردەمە، ئەمە لای هەندێک وا لێکدرایەوە کە تۆ پرۆژەی بە ئاکەپە کردنی یەکگرتووت هەیە؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** بە دڵنیاییەوە خەونی ئەوەم هەیە، ئای چەند شەرەفێکی گەورەش دەبوو بۆم بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی کوردستانی خۆمان، بمتوانیایە ئاکەپە بکەمە سەرمەشقی نوێبوونەوەمان. زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم ئیسلامییەکان وا باشە یان واز لە سیاسەت بێنن، یان هاوشێوەی ئاکەپە کار بکەن و بەوەش ئەزموونێکی جیاوازی کاری سیاسی و حیزبی بێننە کایەوە.

**ڕووداو: تۆ وەکو ئەردۆغان بڕوات بە ئینقیلابی سپی بەسەر مامۆستایانی خۆت هەیە؟**

**ئەبوبەکر عەلی:** پێموایە پاشخانی فکری و گەشەی مێژوویی تەوژمی مەشرەب ئیسلامیی تورکیا و حیزبەکەی من لێکجیاوازن. بە دڵنیاییەوە، ئەگەر ناوخۆی ئیسلامییەکان و لەوانەش یەکگرتوو ئامادە بووایە (کە بە داخەوە ئامادە نییە)، بۆ من یان هەر کەسێکی دیکە، کارێکی لەو جۆرە دەبووە ئەرکێکی ئیسلامی و سیاسی و ئەخلاقی و حیزبیی گەورە. سەبارەت بە نەوەی یەکەمیش دەبێت ڕێزیان لێبگیرێت، چونکە ماندوو بوون و ساڵانێکی زۆر خزمەتیان کردووە، بەڵام پێموایە زۆربەی هەرەزۆری ئەو نەوەیە و بەشێک لە نەوەی دووەمیش لەڕووی سیاسییەوە، ئیزافەیەکیان پێ نەماوە بە یەکگرتووی ببەخشن، هەر بۆیە هەق وایە لەم خاڵەوە بیر لە دووبارە ئاراستەکردنەوەی تواناکانیان و درێژەدان بە خزمەتەکانیان بکەنەوە.

کەس لە سەنگەری بەرگریدا نییە لە داعش

وا باشە زیاد لە پێویست سەر نەخرێتە سەر ئیسلامییەکان

دەبێت ستایشی کۆمەڵ بکرێت کە توانیویەتی لە هێزێکی ئیسلامیی ڕادیکاڵ و چەکدارەوە خۆی بگۆڕێ

## کۆبۆنی بەنزین نامێنێت



**rووداو – هەولێر**

لیژنەی باڵای نەوت و غازی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان رێککەوتن، کە لەمەودوا کار بە کۆبۆنی وەرگرتنی بەنزین نەکرێت. پەیامنێری رووداو لە پەرلەمانی کوردستان لە زاری پەرلەمانتارانی لیژنەی وزەوە گواستییەوە، کە سەبارەت بە نرخی بەنزین پێشنیازی جیاواز کراوە، بۆیە بڕیاردراوە لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەو لیژنە حکومی و پەرلەمانییە، کە رۆژی چوارشەممە بەڕێوەدەچێت نرخی بەنزین یەکلایی بکرێتەوە.

رووداو

ژمارە (323) دووشەممە 2014/8/25

## لە شەش مانگی رابردوودا

# له هەولێر کرێی خانوو 100 % زیادی کردووه

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

هاتنی بەلێشاوی ئاوارە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە دهۆک و هەولێر نرخی کرێی خانووی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز کردووەتەوە. بەقسەی خاوەنی نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی، لە شەش مانگی رابردوودا کرێی خانوو 100% زیادی کردووە.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، ژمارەی ئەو ئاوارانەی روویان لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک کردووە زیاترە لە یەک ملیۆن کەس، ئەوە لەکاتێکدایە کە کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت هەرێمی کوردستان پێشوازی لە 700 هەزار ئاوارەی عێراقی کردووە. بەڵام ئەمە تەنیا ئەوانەن کە ناویان لای ئەو کۆمیسیۆنە تۆمار کراوە.

ئەدریان ئێدواردز، گوتەبێژی کۆمیسیۆنەکە لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند: "هەرێمی کوردستان پێشوازی لە 700 هەزار ئاوارەی عێراقی کردووەو زۆربەشیان لە سەرەتای مانگی حوزەیرانەوە ئاوارە بوون". ئێدواردز گوتیشی ئەم ژمارەیە تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە کە تاوەکو ئێستا لەلای ئەوان ناویان تۆمار کراوە.

بەڵام سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، ژمارەی ئاوارەکان بە زۆر لەوە زیاتر دەزانێ و دەڵێت "بەپێی دوایین ئامار، تاوەکو 7/24 ژمارەی ئاوارەکانی فەللوجە و رومادی و ناوچەکانی دیکە کە روویان لە کوردستان کردووە، گەیشتووەتە ملیۆنێک. دوای گرتنی شنگالیش لەلایەن داعشەوە، نزیکەی 200 هەزار کوردی ئێزیدی ئاوارەی شارەکانی کوردستان بوون، پێشتریش نزیکەی 200 هەزار ئاوارە لە رۆژئاوای کوردستانەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان. گوتیشی "ژمارەی ئاوارەکان لەهەندێ ناوچە لە ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکە زیاترە".

بەپێی قسەی سۆران عومەر، کەمترین ئاوارەی عەرەب لەکەمپەکانن، چونکە سەرەتا کارئاسانییان بۆ کراوە لە شارەکان نیشتەجێ ببن "ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی گەورەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان کە بەشێکی پەیوەستە بە بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و کرێی خانوو".

### خانووی کرێ دەستناکەوێ

دوای زیادبوونی خواست لەسەری خانووی کرێ، بەشێک لە نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانوو، کاری نووسینگەکانیان گۆڕی بۆ بە کرێدانی خانوو. نووسینگەی سەباح مەنتک یەکێکە لەو نووسینگانە.

سەباح عەزیز، خاوەنی نووسینگەکە دەڵێت "بەهۆی هاتنی بەلێشاوی ئاوارە و وەستانی پێشینەی خانوو، کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو زۆر لاواز بووە، بەپێچەوانەوە خواستێکی زۆر لەسەر خانووی کرێ هەیە، رۆژانە چەندین کەس روو لە ئێمە دەکەن بۆ بەکرێ گرتنی خانوو کە 90%یان عەرەبن".

بەپێی قسەی ناوبراو "ئەم خواستە زۆرە کرێی خانووی لە هەولێر بەرێژەی 100% بەرز کردووەتەوە. بۆ نموونە ئەگەر کرێی مانگانەی خانوویەکی 100مەتریی دوو نهۆم پێشتر 300 دۆلار بووبێت، ئێستا کرێیەکەی بۆ 600 بۆ 700 دۆلار بەرزبووەتەوە".

سەبارەت بەجیاوازی نرخی کرێ لەگەڕەکەکانی شاری هەولێر، سەباح عەزیز دەڵێت لە گەڕەکەکانی 94ی گوڵان، کارێزان، فەرمانبەران، 99، زانکۆ و رۆشنبیری خانووی 100 مەتری و 125 مەتری کرێیەکەی لە 500 دۆلار کەمتر نییە، لە گەڕەکەکانی وەک مامۆستایان و شارەوانیش نرخی ئەم خانووانە لە نێوان 1500 تاوەکو 2500 دۆلارە".

هەروەها گوتی "لە کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون کە پێشتر زۆربەی خانووەکان بەتاڵ بوون و کەس بە 200 دۆلاریش نەیدەویست، ئێستا یەک خانووی بەتاڵت دەستناکەوێت و کرێیەکەشیان بەرزبووەتەوە بۆ 600 دۆلار".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی خواستی زۆر بۆ خانووی کرێ و بەرزبوونەوەی نرخ، بەشێک لەخاوەن خانووەکان داوای زیادکردنی کرێ لەکرێچیەکانیان دەکەن، ئەمەش گرفتی لە نێوان خاوەن خانوو و کرێچی دروستکردووە.

سەباح بە پێویستی دەزانێت حکومەت سنوورێک بۆ نیشتەجێکردنی ئەو ژمارە زۆرەی عەرەب لەشار دابنێ "چونکە کاریگەری زۆریان کردووەتە سەر ژیانی خەڵک، رۆژانە بەدەیان گەنجی دانیشتووی هەولێر بۆ خانووی کرێ دەگەڕێن و بەهۆی بەرزیی نرخ خانوویان پێناگیرێت".

گەیلان جواد، 24 ساڵ، ماوەی 20 رۆژە دەزگیرانەکەی مارە کردووە، بەڵام بەهۆی بەرزبوونەوەی کرێی خانوو تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە خانوویەک بەکرێ بگرێت و دەزگیرانەی بگوازێتەوە. گەیلان گوتی "چەندین نووسینگە گەڕاوم، تا ئێستا خانوویەکی کرێم دەستنەکەوتووە، ئەو خانووانەشی هەن کرێیان خەیاڵییە".

گەیلان فەرمانبەرە، دوای تەواوبوونی دەوامیش وەک نووسەر لەلای پزیشکێک کاردەکات، دەڵێت "هەردوو مووچەکەم ناگاتە 800 هەزار دینار، بۆیە ئەگەر حکومەت سنوورێک بۆ بەرزبوونەوەی نرخی خانوو و هاتنی بەلێشاوی ئاوارەی عەرەب دانەنێ، لەوانەیە ساڵێکی دیکەش نەتوانم زەماوەند بکەم".



هەمزە حامید، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پارێزگای هەولێر، دەڵێت ئەوان لە ئیداری پارێزگای هەولێر لەرێگەی دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون لە قەزا و ناحیەکان، دروستکردنی دەیان هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە رێگەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، دروستکردنی شوقەی نیشتەجێبوون و خانووی کۆری، هەوڵی زۆریان داوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون، بەڵام بەهۆی هاتنی بەلێشاوی ئاوارە بارودۆخەکە پێچەوانە بووەتەوە.

هەمزە حامید گوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای دارایی سنووردارە، ناتوانێ چیدی کەمپ بۆ ئەم ئاوارانە دروستبکات کە هەر کەمپێکی زیاتر لە 3 ملیار دیناری تێدەچێت، بۆیە لەخۆگرتنی ئەم ژمارە ئاوارە زۆرە لەتوانای حکومەتدا نەماوە، گوتیشی "باشترین چارەسەر بۆ ئاساییبوونەوەی بارودۆخەکە پەلەکردنە لە پێکهێنانی حکومەتی ناوەندی و وەدەرنانی داعشە، بۆ ئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان".

ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، مامۆستای ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین پێیوایە تا بارودۆخی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئارام نەبێتەوە و ئاوارەکان نەگەڕێنەوە، کرێی خانوو لەهەڵکشان ناوەستێ، گوتیشی "بەهۆی ئەوەی لە کوردستان جۆرێک لە بازاڕی ئازاد هەیە و سیاسەتی دارایی و نەختینە لەدەست حکومەتدا نییە، بۆیە حکومەت ناتوانێ نرخ بۆ کرێی خانوو دابنێ".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ دەڵێت حکومەت دەیتوانی لە رێگەی دانانی سیستەمێک بەگوێرەی قەبارەی دانیشتووانی شار و شارۆچکەکان و توانای لەخۆگرتنیان ئاوارەکانی دابەشکردبایە، ئەوکات پاڵەپەستۆی سەر شارەکان کەم دەبووەوە، گوتیشی "ئەگەر رەوشەکە چارەسەر نەکرێت، بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی کاڵا و خانوو کاریگەری خراپ لەسەری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دانیشتووان جێدەهێڵێت".

## دوای پێنج ساڵی دیکە

# کوردستان پێویستی بە هەناری هاوردەکراو نامێنێ



**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**



بەڕێوەبەری گشتی رەزگەری و دارستانی هەرێمی کوردستان دەڵێت ساڵ بەساڵ بەرهەمی هەناری خۆماڵی لەزیادبووندایە و بەهۆی گرنگیدانی جوتیارانیش بە چاندنی هەنار، پێشبینی دەکات دوای پێنج ساڵی دیکە پێویستیان بە هەناری هاوردەکراو نەمێنێ.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرهەمی هەنار لە 4 ساڵی رابردوودا زیاتر لە 90 هەزار تۆن بووە. ئەم بڕەش ساڵ بەساڵ لەزیادبووندایە، بەجۆرێک لە 15 هەزار تۆنەوە بۆ زیاتر لە 26 هەزار تۆن زیاد بووە کە نزیکەی 55%ی پێداویستی ناوخۆ پڕدەکاتەوە، بەوپێیەی بڕی بەکاربردنی ساڵانە دەگاتە نزیکەی 48 هەزار تۆن.

بەپێی پلانی ستراتیژیی کەرتی کشتوکاڵ کە پلانێکی پێنج ساڵە بوو لە 2008ەوە تاوەکو 2013، دەبووایە تاوەکو ئێستا بەرهەمی ناوخۆی هەنار گەیشتبایە ئاستی خۆبژێوی، بەڵام هێشتا کوردستان پێویستی بە هەناری هاوردەکراو هەیە.

حوسێن حەمە کەریم، بەڕێوەبەری گشتی رەزگەری و دارستانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت ساڵ بەساڵ بەرهەمی هەناری ناوخۆ لەزیادبووندایە، بەڵام زیادبوونەکە نەگەیشتووەتە ئاستی خۆبژێوی.

ناوبراو گوتی "بەپێی پلانی ستراتیژی، دەبووایە لەگشت بەروبوومەکانی میوە لەوانەش هەنار، گەیشتبانایە ئاستی خۆبژێوی، بەڵام بەداخەوە بەهۆی دابیننەکردنی بودجەی پێویست نەگەیشتینە ئەم ئامانجە".

سەبارەت بەبڕی ئەو بودجەیە کە پێویستیان بوو، گوتی "بۆ پرۆژەی گەشەپێدانی بەرهەمی ناوخۆیی لە میوە، پێویستمان بە 89 ملیار و 150 ملیۆن دینار بوو، بەڵام تەنیا 7 ملیار و 429 ملیار دیناریان بۆ خەرجکردین، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نەگەینە ئەو ئامانجەی کە پلانمان بۆ دانابوو".

پسپۆڕانی بواری کشتوکاڵ دەڵێن ئاو و هەوا و خاکی هەرێمی کوردستان لەبارە بۆ چاندنی هەنار، چونکە هەنار پێویستی بەخاکێکی کەم لم و کەشوهەوایەکی مام ناوەند هەیە، ئەمەش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا هەیە.

حوسێن حەمە کەریم دەڵێت، وەزارەتی کشتوکاڵ هەناری وەک یەکێک لە بەرهەمە ستراتیژییەکانی میوە دیاریکردووە. بەمەبەستی پاراستن و پەرەپێدانیشی، لە ماوەی ساڵانی 2009 تا 2011 بەبڕی زیاتر لە 196 ملیۆن دینار، پاڵپشتی 76 جوتیاری کوردستانی کردووە بۆ چاندنی 232 دۆنم زەوی بەباخی هەنار بەشێوەیەکی پێشکەوتوو. گوتیشی "ئامانجی وەزارەت لە دامەزراندنی ئەم باخە نموونەییانە بۆ ئەوە بوو جوتیارانی دیکەش لەسەر شێوازی ئەوان، پەرە بە باخەکانیان بدەن، چونکە لەم باخانە جگە لە پەیڕەوکردنی سیستەمی ئاودێریی پێشکەوتوو، بەشێوەیەکی زانستیانە نەمام چێنراوە و پەروەردە کراوە".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ گەشبینە بەداهاتووی بەرهەمی هەنار و دەڵێت "خواستی چاندنی هەنار لەزیادبووندایە، بۆیە پێشبینی دەکەم لە 5 ساڵی ئایندەدا بگەینە ئاستی خۆبژێوی".

فازڵ عەبدوڵڵا، 53 ساڵ، خاوەنی باخێکی 14 دۆنمیی هەنارە لە ناحیەی نازەنین. ساڵی رابردوو بەرهەمی باخەکەی زیاتر لە 25 تۆن بوو. ئەو جوتیارە دەڵێت "ساڵانە بەرهەمێکی باشمان هەیە، بەڵام گرفتی بە بازاڕکردنمان هەیە، چونکە وەزارەتی کشتوکاڵ کرێی گواستنەوەمان بۆ خەرج ناکات".

ئەو جوتیارە نیگەرانە لەکەمیی هاوکاریی وەزارەت بۆ جوتیاران و گوتی "وەک پێویست هاوکاری ناکرێین، بۆ نموونە باخەکەی من پێویستی بە تۆن و نیوێک پەینە، بەڵام تەنیا 200 کیلۆ پەینمان دەدەنێ".

### "نازانن هەنار ئاو بدەن"

د.عەبدولڕەحیم عومەر، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی هەولێر کە دکتۆرای لە پاراستنی رووەک و زیانی مێرووە قڕکەرەکاندا هەیە، دەڵێت گرفتەکانی بەردەم بەرهەمی هەنار زۆرن، بەڵام دیارترینیان بریتییە لە گرفتی ئاودانی نازانستی و کرمی هەنار، گوتیشی "هەندێ جوتیار رەمەکیانە باخەکانیان ئاو دەدەن، ئەمەش زیانی زۆر بە بەرهەمی هەنار دەگەیەنێت، چونکە لەکاتی تینووبوونی هەنار و ئاودانی زۆر تووشی هەندێ نەخۆشی فسیۆلۆجی دەبێ و دەبێتە هۆی تەقینی هەنارەکە".

گرفتی دووەمی بەرهەمی هەنار، بە قسەی ئەو پسپۆڕە "کرمی هەنار"ە. ناوبراو رێنمایی جوتیاران دەکات بۆ قڕکردنی کرم لە ناوەڕاستی مانگی ئایارەوە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو هەر 14 رۆژ جارێک باخەکانیان بپرژێنن، چونکە ئەم کرمە چوار نەوەی هەیە، گوتیشی "ئەم کرمە زیانی زۆر بە بەرهەمی هەنار دەگەیەنێت، چونکە هەنار کون دەکات و دەبێتە رێگەخۆشکەر بۆ دروستبوونی کەڕوو و رەشبوونی هەنار"

بەڕێوەبەری گشتی رەزگەری و دارستان دەڵێت بەپێی رووپێویەک کە بۆ سەرجەم پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان لەساڵی 2006 وە تا مانگی شەشی ئەمساڵ کراوە، دەرکەوتووە لە 687 پرۆژەی مۆڵەتپێدراو تەنیا 25 پرۆژەیان کشتوکاڵین کە دەکاتە 3.6%ی کۆی پرۆژەکان.

گوتیشی "لەو 25 پرۆژە کشتوکاڵییەش تەنیا 13 پرۆژەیان جێبەجێکراون، 12 پرۆژەکەی دیکە گرێبەستەکانیان هەڵوەشاوەتەوە، ئەمەش دەریدەخات وەبەرهێنەران و حکومەت گرنگی بە پرۆژەی کشتوکاڵی نادەن".

### هەناری هەڵەبجە دەرەجە یەکە

نوری ئیسماعیل، بەڕێوەبەری پێشینە و بەبازاڕکردن لە وەزارەتی کشتوکاڵ گوتی بۆ پاڵپشتی و ساغکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ لە 15ی ئەم مانگەوە تا 12/15 هاوردەی هەناریان قەدەغە کردووە، چونکە لەو چوار مانگە وەرزی پێگەیشتنی هەنارە و بەشی ناوخۆ دەکات.

ناوبراو دەڵێت هەناری کوردستان لە زۆربەی وڵاتانی کەنداو و ئەوروپا خواستی لەسەرە، بەڵام تا ئێستا رێگەیەک بۆ هەناردەکردن و بەبازاڕکردنی نییە، گوتیشی "هەناری هەڵەبجە لە کوردستان پلە یەکە".

سەبارەت بە هاوکاریی جوتیاران بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکانیان، ناوبراو گوتی "پێشتر 60%ی کرێی گواستنەوەی بەرهەمی جوتیاران لە ئەستۆی وەزارەتی کشتوکاڵ بوو، بەڵام لە ساڵی 2012ەوە ئەو پاڵپشتییە نەماوە". گوتیشی "وەزیری پێشوو پێی باش بوو لە جیاتی هاوکاری بەبازاڕکردن، پەیین بدرێتە جوتیاران، ئەمەش بەزیانی جوتیاران تەواوبوو، چونکە بڕێکی زۆر کەم پەیینیان پێدەدەن کە بەشی پێداویستیەکانیان ناکات".

ڕووداو
ژمارە (323) دووشەممە 2014/8/25

# ئیسرائیلییەکان بۆ پشتگیری لە کورد خۆپیشاندان دەکەن




**لازار بێرمان**
**ڕووداو- ئۆرشەلیم**

ڕۆژی چوارشەممە، 13ی ئاب، دوای ئەوەی بارودۆخی ئێزیدی و مەسیحییەکانی ناوچەی شنگال، کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە دەورەدراون، گەیشتە میدیاکانی جیهان، ئیسرائیلییەکانی تەل ئەبیب لەبەردەم باڵیۆزخانەی ئەمریکا کۆبوونەوە. لەگەڵ شەکانەوەی ئاڵای کوردستان و ئیسرائیل بەسەر ئامادەبووانەوە، لافیتەکانیان بە دروشمەکانی "ئیسرائیل پشتگیری لە کوردستان و ئێزیدییەکان دەکات"، "دڵمان لەگەڵ کوردە ئێزیدییەکانە" بەرزکردەوە.

زڤی ئیبراهیم، کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی زاخۆیە، بە گوتنەوەی هوتافی کوردی پێشڕەویی خۆپیشاندەرانی دەکرد: "بژی کوردستان، بژی پێشمەرگە. ئەم هەمی پێشمەرگەنە".

ڕۆژی دواتر، دەیان کەسی دیکە لەبەردەم نووسینگەی سەرۆک وەزیران لە ئۆرشەلیم داوای پشتیوانی بەپەلەی ئیسرائیلیان بۆ کوردستان و ئەو کەمینانە کرد کە لە ژێر مەترسیدان.

ڕۆژی 18ی ئاب، ئەندامانی ڕێکخراوی CGA تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی جینۆساید لەبەردەم باڵیۆزخانەی ئەمریکا کۆبوونەوە، وەک بەشێک لە کەمپەینی "جینۆسایدی ئێزیدیان بوەستێنن".

هەندێ چاودێری ئیسرائیلی داوای هەڵوێستی زۆرتریان کرد لە حکومەتی ئیسرائیل. دەیڤد برونس کە بۆ "Israel Hayom" دەنووسێت، لە وتارێکدا پرسی: "بۆچی بۆنموونە، هەندێکیان وەک پەنابەر وەرنەگرین، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت؟... ڕەنگە، وەکچۆن سەرۆک وەزیران بەم دواییە ئاماژەی پێکرد کە هاوپەیمانییەکان لە پشت پەردەوە پێکدەهێنرێن، هەلێکمان هەیە بۆئەوەی نیشانی بدەین کە دراوسێی باشین، بۆئەوەی دەستمان درێژ بکەین، کێ دەزانێ، ڕەنگە تەنانەت بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی نوێش. لەهەمان کاتدا، لاپەڕەیەکی گرنگی نوێ دەخەینە سەر ریکۆردی شین و سپی مرۆیی. کاتی هەنگاونانە..".

یەکێک لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکانی تەلئەبیب و ئۆرشەلیم، ئیمانوێلا سیار بارزانی، گوتی هاوکاری ڕێکخستنی کۆبوونەوە جەماوەرییەکە بووە لەسەر ئەو باوەڕەی کە "پێویستە کۆمەڵگای دیموکراتی ئیسرائیلی بەئاگابێتەوە لەبەرامبەر ئەو شتانەی لە وڵاتانی دراوسێی ڕوودەدەن. لەم کەیسەدا، پاکتاوی ڕەگەزی هێڵی سووری تێپەڕاندووە. بێگومان، بابەتی کوردستان نزیکە لە منەوە، باوەڕم وابوو کە کاتی نیشاندانی پاڵپشتییە بۆ ئێزیدی و کورد".

یەهودا بن یوسف بەرپرسی ڕێکخراوی نەتەوەیی کوردی ئیسرائیلیش گوتی "بەهۆی هاوسۆزیی قووڵمان لەگەڵ کورد کە بەکاتێکی سەختدا تێدەپەڕن، ئەم خۆپیشاندانەمان ڕێکخست". هەروەها گوتی "هەوڵدەدەین ئیسرائیل، ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان وەئاگابێنین".

قەرەباڵخییە 70کەسییەکەی تەلئەبیب فرەڕەنگ بوو، خەڵکی ئایینی و عەلمانی، پیر و گەنج، کەسانی سەر بە هەردوو باڵی سیاسی. مێردمنداڵانی سەر بە ئایینی جوو بە بسکی درێژەوە ئاڵای کوردستانیان هەڵگرتبوو. ئیمانوێلا بارزانی گوتی" هەموو ئەوانەی هاتوون، کوردستان لە دڵیاندایە".

جگە لەوانەی ئامادەی کۆبوونەوە جەماوەرییەکە بوون، پەیامەکە گەیشتە ڕێبوارانیش. ئەو ئۆتۆمبێلانەی بە ناوچەکەدا تێدەپەڕین، وەک نیشاندانی پشتیوانی، هۆڕنیان لێدەدا. مارگالیت لاڤرۆن، کوردی ئیسرائیلی کە دایکی خەڵکی ئامێدی و باوکی خەڵکی زاخۆیە، گوتی "کاردانەوەی باشمان بینی، زۆر کەس دەستخۆشییان لێکردین". هەروەها گوتی" پێیان گوتین 'دەستتان خۆشبێت، بەردەوام بن لە نارەزایی تاوەکو کەسێک وەئاگادێت و شتێک دەکات.' لە ئۆرشەلیم پتر سەرنجی خەڵکمان ڕاکێشا و لێیان دەپرسین کە چیمان دەوێت".

هەرچەند خۆپیشاندانەکان کاردانەوەی ئەرێنی لە میدیا کۆمەڵایەتییەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا، پرسیارە گەورەکە ئەوەیە سیاسەتی ئیسرائیل چۆن دەبێت، هەروەها ئاخۆ کەمپەینەکە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتە دەبێت یان نا؟

هەرچەندە پشتگیریی ئیسرائیل لە کورد مێژوویەکی درێژی هەیە، گومانی زۆریش هەیە لەسەر هاوکاریی سەربازی و ئابووری، کەچی حکومەتی ئیسرائیل ناخوازێت پەیوەندییەکە بە ئاشکرایی بخاتەڕوو.

ئیگال پامۆر، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "باسی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کورد ناکەین، ئەمە شتێک نییە کە بە ئاشکرایی باسی بکەین".

لێمان پرسی ئاخۆ ئیسرائیل پلانی نییە بۆ هێرشکردنە سەر چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی، پالمۆر گوتی" بەپێویستی نازانم بڵێم کە بیر لەچی دەکەینەوە لەبارەی دەوڵەتی ئیسلامی. پێموایە شتەکە تەواو ڕوونە".

بە ئاماژەکردن بە ئاستەنگە لۆجستییەکان بەهۆی دووریی کوردستان و بنکەکانی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل، پالمۆر ڕایگەیاند کە ئیسرائیل پلانی دانەناوە بۆ بەردانەوەی کۆمەکی مرۆیی بۆ ئێزیدییەکان و گرووپەکانی دیکە کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە دەورەدراون.

لەگەڵ ئەوەشدا، پاڵمۆر ڕووداوی دڵنیاکردەوە کە سەرکردەکانی ئیسرائیل، بەتایبەتی شیمۆن پێرێز، سەرۆکی پێشوو، بە ئاشکرا پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان کردووە.

لەنێو خۆپێشاندەراندا ئەو باوەڕە بڵاوە کە پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و هەرێمی کوردستان بەهێزن، بەڵام شاراوەن. لەوبارەوە ئیمانوێلا بارزانی گوتی" دەتوانم تێبگەم کە ئێمەش لە ئیسرائیل لە دۆخێکی هاوشێوەداین و لە دژی حەماس لە جەنگداین. بەڵام کێ دەزانێت، ڕەنگە لە ژوورە تاریکەکاندا ئیسرائیل پشتیوانی لە کورد بکات بە شێوازێکی نهێنی. پێموایە ئەمە ڕاستییە".

بن یوسف گوتی "پێموایە کە پێویستە ئیسرائیل هەنگاوی ئاشکرا بنێت، بەڵام دەزانین کە ئیسرائیل لەوە دەترسێت، نەکا ئێران ئازاری کورد بدات. ئێمە نیگەرانی کوردین، هەوڵدەدەین پارە کۆبکەینەوە بۆ پێداویستی تەندروستی و شتی لەوجۆرە".

بە دڵنیاییەوە لە نێو ئیسرائیلییەکاندا خواستێک هەیە بۆئەوەی حکومەتەکەیان هاوکاری پاراستنی ژیانی ئاوارەکان بکات، هەروەها لەدژی داعشیش شەڕ بکات.

ئیمانوێلا بارزانی دەڵێت "خەڵک نامەم بۆ دەنێرن و دەڵێن پێویستە دەستی یارمەتی درێژ بکات و یارمەتی مرۆیی دابین بکات وەکو ئاو، خۆراک، خێمە، جلوبەرگ و دەرمان".

لەم کاتەدا، کۆمەڵگەی کوردی نێو ئیسرائیل و ئەو کەسانەش کە پشتگیرییان دەکەن قورساییان خستووەتە سەر کۆکردنەوەی پارە بۆ دابینکردنی ئەو کەلوپەلانەی کە زۆر پێویستن بۆ پاراستنی ژیانی ئاوارەکان لە کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەری.

لاڤرۆن گوتی ئەگەر پێویست بکات، خۆپیشاندانی گەورەتر ڕێکدەخەن.

## دوو فڕۆکەی پڕ لە چەکیان لەگەڵ خۆیان هێناوە

# کەنەدا 30 پسپۆڕی سەربازی بۆ کوردستان دەنێرێت




**تێسا مانوێلۆ**
**ڕووداو- مۆنتریال**

کەنەدا، کە بڕیاریدا بەشداری جەنگی 2003ی عێراق نەکات، ئێستا بەشداری ئەو هەوڵە نێودەوڵەتیانە دەکات کە ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا خستوویانەتە گەڕ بۆ پشتگیری لە هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش).

ستیڤن هارپەر، سەرۆک وەزیرانی کەنەدا گوتی وڵاتەکەی دوو فڕۆکەی پڕ چەک و تەقەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت وەک هەنگاوێک بۆ بەشداریکردن لە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی کورد لەناوچەکەدا.

هارپەر لە بەیانامەیەکدا ڕایگەیاند "ئەم پشتگیرییە کە بەهاریکاری نزیک لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان ئەنجامدەدرێ، توانای هێزەکانی کورد زیاد دەکات لەو شەڕەی عێراقییەکان ڕووبەڕووی بوونەتەوە بەهۆی هێرشە بەربەرییەکانی داعش".

پاش ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباما بڕیاری هێرشی ئاسمانی بۆ سەر پێگەکانی داعش دا، دواتر فەرەنسا بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییە خێراکان، بڕیاری ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگە دا. پاشان بەریتانیاش ڕۆڵی وڵاتەکەی لە باکووری عێراق زیادکرد بەناردنی هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارەکان.

هەردوو فڕۆکەی بارهەڵگری گلۆب ماستەر و هەرکیلەسی کەنەدی ئەو چەک و پێداویستییە سەربازیانەی لەلایەن هاوپەیمانانەوە بۆ هەولێر دابین دەکرێن، دەگوزانەوە. ئەو فڕۆکانە کە نزیکەی 30 پسپۆڕی سەربازیی کەنەدیش لەخۆدەگرن بەردەوام دەبن لە گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی.

ئەو هەنگاوەی کەنەدا ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە کەنەدا دوورکەوتبێتەوە لە سیاسەتی تێوەنەگلان لە جەنگی عێراق کە لە ساڵی 2003دا پەیڕەوی کرد. هارپەر هەنگاوێکی زیاتری نا لە تێوەگلانی کەنەدا لە جەنگەکەدا پاش ئەوەی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی جۆن بێیەرد ڕەزامەندیی وڵاتەکەی نیشاندا بۆ هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بۆ سەر داعش.

"کەنەدا پشتگیری هەموو ئەو هەوڵانە دەکات، بە دابینکردنی هاوکاری مرۆیی و هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکاوەش، لەپێناوی بەرگریکردن لە هاووڵاتیانی مەدەنی لە تیرۆرستانی داعش. بەردەوام دەبین لە پشتگیریکردنی هەموو ئەوانەی پشتگیری خەڵکی عێراق دەکەن، بە هێزەکانی پێشمەرگەوەش کە ئازایانە لە دژی دڕندەکانی داعش دەجەنگێن".

سەرەڕای هاوکاری گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی، حکومەتی کەنەدا بڕی پێنج ملیۆن دۆلاری کەنەدی تەرخان کردووە بۆ هاریکارییە مرۆییەکان لە عێراق. ئەو بڕیارەش پاش خۆپیشاندانێکی ئێزیدییەکانی کەنەدا هات لەبەردەم پەرلەمانی ئەو وڵاتە لە ئۆتاوای پایتەخت کە تێیدا داوایان لە حکومەت کرد دەستتێوەردان بکات و هاوکاری ئاوارەکان بکات.

هارپەر گوتی بارودۆخی عێراق بەوردی چاودێری دەکرێت و ڕەنگە یارمەتی زیاتریش دابین بکەن لە داهاتوودا.

پاش 25 ساڵ لە غایببوون، کەنەدا لە مانگی نیسانی 2013، دووبارە تێکەڵی عێراق بووەوە بە کردنەوەی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە بەغدا. کردنەوەی ئەم باڵیۆزخانەیە هەنگاوێکی گرنگ بوو لە پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق کە کەنەدا وەک هاوبەشێکی هەرێمی تەماشای دەکات.

لەسەرەتای ئەمساڵدا، کەنەدا ئۆفیسێکی نوێی بازرگانی لە هەولێر کردووە بۆ باشکردنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ عێراق.

هارپەر پشتگیری خۆی بۆ سەرکردایەتی نوێی عێراق دووپاتکردەوە و هیوای خواست حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی نوێ بتوانێ هەموو لایەنە عێراقییەکان لەدەوری حکومەتەکەی کۆبکاتەوە.

"داوا لە سەرکردایەتی عێراق دەکەین کە هەنگاوی بەپەلە لەدژی داعش و ئەو گرووپە تیرۆرستیانە بنێ کە لەژێر ناوی ئەواندا چالاکی دەکەن". هارپەر لە بەیاننامەکەیدا هەروەها گوتی "ئامادەین پشتگیری حکومەتی نوێی عێراق بکەین کە داخوازی هەموو عێراقییەکان جێبەجێ بکات، بەبێ ڕەچاوکردنی باکگراوندی ئایینی و نەتەوەیی".



## شنگال تەنیا 100 ماڵی تێدا ماوە

# مووچەی دوو مانگی فەرمانبەرانی شنگال لە دهۆک دەدرێت

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

قایمقامی قەزای شنگال ڕایگەیاند لەم هەفتەیەوە لە قەزای سێمێل دەوام دەکەن و ئەمڕۆش (دووشەممە) مووچەی مانگی حوزەیران و تەمموزی فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی شنگال دابەش دەکەن کە لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە بۆیان نێردراوە.

مەیسەر حەجی، قایمقامی قەزای شنگال بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای داگیرکردنی شنگال لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، فەرمانگەکانی قەزاکەیان گواستووەتەوە بۆ قەزای سێمێلی سەر بە دهۆک.

زۆربەی فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی قەزای شنگال کوردن و لە ترسی داعش قەزاکەیان چۆڵ کردووە و ئێستا لە دهۆک و دەوروبەری نیشتەجێن. مەیسەر حەجی گوتی "لە ئەمڕۆ دووشەممەوە ئێمە وەکو قایمقامیەت و ئەنجوومەنی قەزای شنگال و پەروەردە، لە نێو باڵەخانەی پەروەردەی سێمێل دەست بە دەوام دەکەینەوە".

سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەرانی قەزاکە، مەیسەر حەجی گوتی "مووچەی هەردوو مانگی حوزەیران و تەموز لەلایەن بەغداوە نێردراوەو فەرمانبەران ئێستا دەتوانن بێن لە ناحیەی فایدە مووچەکانیان وەربگرن".

بەپێی قسەی قایمقامی شنگال، ئێستا تەنیا 100 خێزان لەناو شنگال ماون کە ئەوانیش زۆربەیان عەرەبی سوننەن. گوتیشی "دوو ڕۆژە داعش هەوڵدەدات دەوام لە فەرمانگەکان دەستپێبکاتەوە، بەڵام هیچ فەرمانگەیەک دەوامی تێدا ناکرێت. یەکێک لە بەڕێوەبەرەکان پەیوەندی پێوەکردم کە داعش داوایان لێکردووە دەوام بکات".

مەیسەر داوای لە خەڵکی شنگال کرد کە هەر کەسێک ئاریشەیەکی کارگێڕی هەبێت دەتوانێت سەردانیان بکات لە قەزای سێمێل و دەڵێت "دەزانین خەڵکی شنگال ئێستا لە چ ڕەوشێکدان، بەڵام ئەوەی بەئێمە بکرێت بۆیان دەکەین".

سەبارەت بە سزادانی بەرپرسانی شنگال و گۆڕینیان کە ئێستا باسێکی گەرمە لەنێو خەڵک، مەیسەر حەجی گوتی "ئێمە سەر بە حکومەتی بەغداین و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی گۆڕینی ئێمەی نییە".

فەرهاد ئەترۆشی، پارێزگاری دهۆک ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هاوکاریکردنی ئیدارەی قەزای شنگال و گوتی "ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی کارگێڕیی قەزای شنگال دەکەین، جێگامان بو دابینکردوون، بەردەوامیش دەبین لە هاوکارییان بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەکەیان".

سەبارەت بە گۆڕینی بەرپرسانی ئیداری قەزای شنگال، پارێزگاری دهۆک دەڵێت "شتی گرنگتر هەیە و گۆڕینی بەرپرسانی ئیدارەی شنگال لە بەرنامەی ئێمەدا نییە".

# حەوت ڕۆژ لەسەر چیای شنگال





( فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

**بەرەکات عیسا ***

نزیکەی کاژێر یانزەی شـەو بوو، ئێمە وەک ڕۆژنامەڤان لەگەڵ ئاسایشـی گرعوزێر بەسەر سەنگەرەکاندا دەگەڕاین، ئەوان دەستخۆشییان لەخەڵک دەکرد بۆ بەرگرییان لە خاکی خۆیان، منیش لەگەڵیاندا بووم بۆ ئەوەی چیرۆکی ئەو بەرەنگارییە بگوازمەوە بۆ بینەران و گوێگرانی ڕووداو.

لەبەرئەوەی ڕەبایەی زۆر هەبوون لە سنووری گرعوزێر، کات بووە یەکی دوای نیوەشـەو، لە خاڵی پێشـمەرگەی نێوان گرعوزێر و گرزەرک، ئەفسـەرێکی پێشـمەرگە ویسـتی سـەردانی پێشـمەرگە بکات لە کۆمەڵگـەی گرزەرک کە 7 کیلۆمەتـر لە ڕۆژهەڵاتی گرعوزێرەوە دوورە. ئـەوکات کاروانـی ئۆتۆمبێلەکانـی داعش بەو سنوورەدا لە هاتوچۆیەکی زۆردابوون. هەندێک لە بەعاجەوە بەرەو بلێج دەچوون و هەندێکیش لە سنووری گرعوزێرەوە بەرەو سیبا شێخ خدر دەچـوون، ئیدی زانیمان ئـەو هاتوچۆ زۆرەی داعش بێ هۆکار نییە و شتێکی لەپشتەوەیە.

خاڵی داعش لە گرزەرک لە سیبا حەجکۆ کە نزیکەی یەک کیلۆمەتر لە خاڵی پێشـمەرگەوە دوورە، لـە دووڕێیانی نێـوان گرزەرک و بەعاج بـوو. کاتێک ئێمـە چووینە لای پێشـمەرگە، ئۆتۆمبێلەکانی داعش زۆربوون لەو ناوچەیەدا. تەنیا سـڵاو و دەستخۆشـییان لەیەکتر کرد و ئێمە گەڕاینـەوە بەرەو کۆمەڵگـەی گرزەرک، پێـش ئەوەی بگەینە نێو کۆمەڵگەی گرزەرک، کەسـێک تەلەفۆنی بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشـی گرعوزێر کـرد و گوتـی "چەکدارانی داعش لە تەنیشـت گونـدی گرزەرکـی کـۆن کەمینیان لەپێش ئێوە داناوە". منیش لە ئۆتۆمبێلەکەی سـواربووم و لە پێشەوەی کاروانەکەوە بووین کە لـە چوار ئۆتۆمبێل پێکدەهـات و جگە لە کلاشـینکۆف، دۆشـکەیەک و دوو بیکەیسـی لەگەڵ ئەو هێزەی ئاسایشدا بوون.

بەڕێوەبەری ئاسایش گوتی ئێمە ڕاناوەستین و کاتێک گەیشتینە خاڵی پێشمەرگە لە دەرگای دەرکەوتنـی گـرزەرک بـەرەو گرعوزێر، شـەڕ دەستپێکرد وگوللەیان گرتنە ئۆتۆمبێلەکانمان، داعش لـە چوار میحوەرەوە شـەڕی گرزەرکی دەستپێکرد.

دۆشـکە و هەردوو بیکەیسییەکەی ئاسایش کاریان نەکرد، دۆشکەکەی خاڵی پێشمەرگەش تەنیا چەند گوللەیەکی تەقاند و وەستا. ئێمەش لە ئۆتۆمبێلەکان هاتینە خوارەوەو خۆمان دایە پەنـا دیـوارەکان. داعش بە دۆشـکە و هاوەن شەڕێکی قورسـی دەکرد، لەلای ئێمەش تەنیا کلاشـینکۆفەکان کاریان دەکرد. هەر سـات نا ساتێک باسـی هاتنی هێزێک دەکرا و نزیکەی 40 هاوەن لە تەنیشـت ئێمـە دەکەوتن و زۆر خانووی هاووڵاتیان کەوتنە بەر گوللە هاوەنەکان و قاڕژن لە زۆر ماڵەوە دەهات ئەو کاتەی گوللە هاوەنێـک دەکەوتە نێو ماڵانەوە. تاوەکو کاژێر 6ی بەیانی لەوێ ماینەوە، دوای ئەوەی داعش پێشڕەوی کرد و لە ئێمە سووڕانەوە، ناچاربووین ڕابکەین و توانیمان تەنیا یەک ئۆتۆمبێل لەژێر بۆردومانەکە ڕزگار بکەین.

ئەوکاتـەی ئێمـە لـەوێ دەردەچوویـن، خەڵکێکی زۆر لە گـرزەرک ڕایاندەکرد. منیش بە تەلەفۆن قسـەم لەگەڵ بـرادەران دەکرد لە سیبا شێخ خدر لە ڕۆژئاوای گرعوزێر کە لەوێش شەڕبوو.

ئێمە بەنێو دۆڵ و سەنگەرەکاندا گەیشتینە گرعوزێـر، ئەوکات بـەو برایەم گوت کە لە من بچووکتـرە، منداڵەکان بباتە گونـدی وەردیێ تەنیشت چیای شنگال. ڕاستە شەڕ لە گرعوزێر نەبـوو، بەڵام خەڵک ڕایاندەکـرد، دوای ئەوەی بیسـتیان کە پێشـمەرگە شـوێنەکانی خۆی بـەرداون. داوام لـە دایـک، باوک، خوشـک و هاوسـەرەکەم کـرد کـە بەپـێ بـڕۆن تاوەکو فەرحانـی برام منـداڵان دەگەیێنێتە وەردیێ و دواتر دێتەوە بۆ هەڵگرتنی ئێمە.

ئـەوکات هەموو خەڵـک ڕایاندەکرد و ئێمە نزیکەی نیو کاژێر بەپێ ڕۆیشتین. بەڵام هێشتا هەندێک ژن لە گرعوزێر خەریکی پێوەدانی نانی تەنوور بوون و ئاگایان لە ڕاکردن نەبوو.

ئێمە گەیشـتینە وەردیێ و بینیمان خەڵکی ئەو گوندەش ڕایانکردووەتە نێو گەلی و چیا.

تاوەکـو دوای نیـوەڕۆ هەمـوو خێـزان و ماڵباتەکەمـان گەیشـتینە یەکتـر، هەندێـک بەرەو گوندەکانی جدالی، حەیالێ، سـکێنیێ و مەزارگەی شێخ حەسەن لە گوندی گابار چوون کە هەموو ئەو گوندانە نزیکی چیان.

گـەورەی گونـدی وەردیـێ لـە ماڵی خۆی مابووەوە و کاتێک داعش گەیشـتە نێو گوند، داوایان لێکرد کە ئەو خێزانانەی چوونەتە چیا و دەشتەکان بگەڕێنێتەوە. ئاڵای سپییان هێنان و لە گوندەکەیان چەقاندن. لەسەر داوای گەورەی گونـد زۆر خێزان گەڕانەوە، بـەڵام باوکی من، هەر پێنج براکەی و بنەماڵەکەمان گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە نەچنەوە نێو گوند. ئەوکات دایکم پێیگوتم: تۆ بڕۆ سـەری چیا، چونکە تۆ وەک خەڵکی دیکە نیت. هاوسەرەکەشـم ڕازی بوو. ئێمە پێنج ئامۆزا بەسـەر چیـا کەوتین بەرەو باکووری چیاکە، خێزانەکانیشمان لەلای دیکە مانەوە و گەیشـتنە ئەو ڕایەی کە ئێمە بچینە جدالێ، چونکە داعش نەهاتبوونە ئەولایە.

ماڵی پوورم لەسەر باخەکانی هەنجیر بوون لـە گوندی کەرسـێ کـە دەکەوێتـە باکووری چیـای شـنگال. ئێمـە نزیکـەی کاژێـر 9ی ئێوارە گەیشـتینە ئـەوێ، لەسـەر چیا مامی خۆم (خودێدا) و هاوسـەرەکەیم بینی. کوڕی پـوورم دوو گالۆن ئاوی لە کەرێک بارکردبوون و هاتبـووە هـاواری تینوێتی ماڵی مامی من و ئێمەش کـە ئاوەکەمان بینی، دەممان پێوەنا، چونکە ئێمەش بێ ئاو بەسـەر چیا کەوتین و زۆر تینوو بووین.

کاتێک گەیشـتینە ماڵی ئەوان، خواردنیان هێنـا، خواردنەکە نان و تـرێ و هەنجیر بوو. مـن بەحەیاتم حەزم لە شـیرینی نەکـردووە، بـەڵام دەمزانی دەبێ بیخۆم، چونکە دواتر ئەو خواردنەش نامێنێ.

ڕۆژی دوایی ماڵی مامی من نایفیش گەیشتن و کەسـوکاری کـوڕە پوورەکـەی منیش لێی کۆبوونـەوەو ئێمە بووینـە نزیکەی 130 کەس لەو ماڵە کە دوو خانووی لە قوڕ دروستکراویان هەبوو.

ئـەو تەلەفۆنـەی هەمـوو پەیوەندییەکان و کارەکەمی لەسەربوو، لەشەڕی گرزەرک بەجێما و شارجی مۆبایلی دووەمیشم نەمابوو، بۆیەش هەموو شـتێکم لـە تەلەفۆنی ئەوانـی دیکەوە دەبیسـت. هەرکەسـێک لە باشـوورەوە بەرەو باکووری چیا هاتبا پرسیارمان لێدەکرد. هەموو بەرسـڤەکان پڕبوون لە چیرۆکەکانی کوشتن و مردن لە گرعوزێر، سیبا شێخ خدر، تل قەسەب و تل بەنات. خەڵکی سـنوونێ لەبەر نزیکییان لە ڕەبیعە، بەزوویی خۆیـان گەیاندە ڕۆژئاوای کوردسـتان. هەموو کاژێرێـک هەندێکی دیکە لەلای ئێمە زیاد دەبوون، ئەوانەی لەباشوورەوە ڕایاندەکـردە نێو چیا، لەلای باکوور دوو دەرگا هەبوون و خەڵک پاسـەوانی دەکـرد. خواردن زۆر کـەم بـوو، خەڵکیش هەروا زیـاد دەبوون لەلامان. دووریی گەیاندنی ئاویش لەسەرچاوەی کانیاوەوە 18 کاژێر بوو. هەر کە ئاو دەگەیشت هەمـووی دەخورایـەوە، بەڵام ژنـەکان هەندێ ئاو و خۆراکیان بۆ منداڵەکانیان دەشـاردەوە. مـن لـەوێ نە ژنم هەبوو، نـە دایک، نە باوک، نـە خوشـک و بـرا. نەشـمدەتوانی بگریێم و ڕێگـە بدەم ورەم دابەزێت لەبەرچاوی سـەدان مـرۆڤ. زۆر لە خەڵکەکـە پاتری مۆبایلەکانی خۆیـان دەدایە من، بۆ ئـەوەی هەواڵی نوێیان بۆ بهێنم دەربارەی پێشـمەرگە، شەڕی داعش و ڕزگارکردنی شنگال. هەرکاتێک تەلەفۆنم بۆ برادەرەکانم دەکرد لە دهۆک، دەمپرسی کە ئایا پێشمەرگە کەی دێن، ئەوکات زانیم کە تلکێف و بەنداوی موسڵیش کەوتوونەتە دەستی داعش. دوای دوو ڕۆژ زۆر شـتم بیسـتن و لـە دڵمـدا مانەوە، چونکە ئەگەر ئەو شـتانەم بە خەڵک گوتبان، ترسی ئەوە هەبوو خۆکوشتن ڕوویدات. لەبەرئـەوە دەبووایـە دەم بەخەندە بم و تەنیا هەواڵی خۆش بگوازمەوە.

زۆرم دەبیسـت لەبـارەی مردنـی منداڵان و کەسـانی نەخـۆش و بەتەمـەن، لەکاتـی سـەرکەوتنیان لە باشـوورەوە بەرەو باکووری چیـا. بەڵام کاتێک گوێمان لە دەنگی هاوەن و تەقە دەبوو لە دەرگای ڕۆژئاوای چیاکەوە، زۆر دڵخۆش دەبووین، چونکە دەمانزانی خەڵکێک ماوەو پێشـمەرگە و YPG و خەڵکی شـنگال شەڕ دەکەن.

YPG چەکی خەڵکی وەردەگرتن و داوای لە گەنجـان دەکرد بچنە ڕیزەکانی ئەوانەوە، پاش ئەوەی ڕۆژی دووەم گەیشتنە نێو چیای شنگال. سۆزی خەڵکیش بەلای ئەواندا جوڵابوو، دەیان کـەس لەوانەش کە تەمەنیان 15 سـاڵی بوو، چوونە نێو ڕیزەکانیان. زۆریش باسـی قاسـم شەشـۆ و برادەرەکانی دەکرا و ئەوەش بەدڵی خەڵک بوو، بەڵام لە بەرامبەردا قەیرانی نان و ئـاو هەبوو، هەواڵی ناخۆش دەربارەی مردن و کوشتن، ڕێگر بوون لە دڵخۆشبوونی خەڵک.

لـە ڕۆژانی چـوارەم و پێنجەمدا، سـەختی هەرە مەزنمان بینی لە بێ خۆراکی و ئەو هەواڵە نەخۆشـانەی دەگەیشـتنە ئێمە، دوای ئەوەی بیستمان کە خەڵکی گوندی کۆچۆ لە دەستی داعشدا ماون و زۆر لە خەڵکی وەردیێ بە لۆری و بارهەڵگر بەرەو شوێنی نادیار بردراون لەلایەن داعشەوە. ئیدی خەڵک کۆنترۆڵ نەدەکرا و ئەو چەند هـەزارەی لە باکووری چیابـوون، بوونە دەیان هەزار کەس. خەڵک مەڕ و ماڵاتی خۆی بەرەڵڵا کرد، بەڵام چونکە گۆشتی سوور مرۆڤی تینوو دەکـرد، خەڵک نەیاندەوێرا بیخۆن. ئەو کەسانەی تازە دەهاتن، چەندین چیرۆکی تازەی مردن و کوشتنیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، هەموو ئەو چیرۆکانەش دەربارەی کەسانێک بوون کە ئێمە دەمانناسین. سەرەڕای ترسی کوشتن یان مردنی خۆمان، بەڵام گەیشـتنی ساندرای کچم بۆ لای من، هەناسـەیەکی بە دەروونی ماندووم بەخشی.

لـە ڕۆژی پێنجەمـدا لەڕێگـەی تەلەفۆنـی براکەمـەوە دوای ئـەوەی بەهـاواری خێزانەکەمانـەوە چـوو لە باشـووری چیا، بۆ ئـەوەی بیانهێنێتـە باکووری چیای شـنگال، قسـەم لەگەڵ هاوسـەرەکەم کرد. لەبەرئەوەی زۆر لە ترس و تەنگاویدا دەژیان، شەڕی لەگەڵ کردم و گوتی: "ئێمەت بەجێهێشت"، دوای ئەوە پێمگوت: فەرحان هاتووە بۆ ئەوەی ئێوە لەگەڵ خـۆی بهێنێتـە باکـوور و لەماوەیەکی نزیکدا یەکتر دەبینین و کە گەیشتنە سەری چیا، ئێمە بەئاوەوە بەپیرتانەوە دێین. بەوشێوەیە دڵخۆش بوو گوتی "دەی ئەوە کوڕەکەتە قسەت لەگەڵ دەکات"، کاتێک دەنگی (بنیامین)م بیسـت و بانگم کرد، یەکسەر دڵم گوشرا و پێش ئەوەی قسـەی لەگـەڵ بکەم، گریان گـەرووی گرتم و پەیوەندییەکەم بڕی.

منداڵـی نەخـۆش هەبـوون، زۆریـان بـێ شـیربوون، خواردن نەمابـوو، ئەوانەی ئاویان بەپشتی کەر دەهێنا، نەیاندەویست ئیدی بچن، چونکە زۆر ماندوو دەبوون. من هەر سـەرقاڵی تەلەفۆنکردن بووم و هەمووانیش دەیانویسـت من شـەحنم هەبێ و قسـە بکـەم. لە گوندی کەرسێ بورجی کۆڕەک هەبوو، بەشەو هەندێک کەس تەلەفۆنیان دەبردن و بەیانی دەهاتنەوەو پاترییان بۆ ئێمە دەهێنا.

هیچ نەمابوو، خۆشـم یـەک ڕۆژ و نیو بوو تەنیا چەند دەنکە برنجێکم لەگەڵ مستێک ئاو خواردبـووەوە. ئیدی وای لێهاتبوو ئەگەر ئاوت بەدەسـتەوە بووایە، دەترسای کەسێک بە زۆر لێت بستێنێ و پەلامارت بدات.

ڕۆژی شەشـەم بیستمان کە سەدان خەڵک لـە چیا دەربازبوون و گەیشـتوونەتە ڕۆژئاوای کوردسـتان، دوای ئەوەی پێشـمەرگە و YPG ڕێگەی نێوان سـنوونێ و دووگورێیان کۆنترۆڵ کرد. دووگورێ تاوەکو بۆرک لە دەستی ئەواندا بوو.

ئیـدی هیـچ چارەیەکمـان نەمـا، دەبووایە بڕیارێک بدەین. لەو ساتانەدا دوو براژنی من و منداڵەکانیان گەیشتنە لای ئێمە. بەڵام دایک، باوک، خوشـک، هەردوو براکەم، هاوسەرەکەم و منداڵەکانم لەلای باشووری چیا مابوونەوە.

دوای ئەوەی بیسـتم کە هاوسەرەکەم بەرەو باکوور دێت و هەردوو براکەی من و چەند ئامۆزا و خێزانەکانیشان لەگەڵدان، بڕیارمان دا بچینە گوندی کەرسـێ، لەڕۆژی حەوتەمدا دوو کاژێر سەرقاڵی گواستنەوە بووین.

کە ئێمە گەیشـتین، خەڵکێکی زۆر خۆیان ئامـادە دەکرد بۆ ڕۆیشـتن لەنێو چیاوە بەرەو ڕۆژئـاوای کوردسـتان، ئێمـەش یـەک کاژێر پشوومان دا و پێمگوتن با ئێمەش بڕۆین.

نزیکـەی 80 کەس لـە بنەماڵەکەمان ڕازی بوون و ئەوانی دیکە گوتیان ئێمە لە چاوەڕوانی ئەوانەدا دەمێنینەوە کە لە باشـوورەوە دێن و پێکەوە لەگەڵ ئەوان دێین.

دوای نیـوەڕۆی ڕۆژی حەوتـەم، هەنگاو بە هەنـگاو لـە چیا دەرباز بووین و لەتەنیشـت ناحیـەی سـنوونێ ڕوومانکـردە دووگـورێ و شەڕێک لەوێ ڕوویدا لەو کاتەدا، بۆیەش هەندێ کەس ویستیان دووبارە بگەڕێنەوە بۆ چیا.

من و ساندرای کچم، ئاپۆ، ڕاکان و سیروان کـە هەموویان کـوڕە برای من بـوون، لەگەڵ ئامۆزاکەم موحسین و هاوسەرەکەی و هەردوو کوڕەکـەی لەپێشـەوەی خێزانەکانـی دیکەوە دەڕۆیشتین و هێدی هێدی ئاومان لێ دەبڕا.

دوای نزیکـەی چـوار کاژێـر ڕۆیشـتن، گەیشتینە پشت کۆمەڵگەی دووگورێ و چەند ئۆتۆمبێلێکی YPGمان بینین کە لەوێ دەهاتن و دەڕۆیشـتن، بەڵام کەسـیان هەڵنەدەگرت و بە هەزاران کەس بەپێ بە ڕێگەدا دەڕۆیشـتن. هەندێک پیرەژن و پیرەمێردمان بەپێ دەبینین کە بەجێهێشـترابوون، هەموو کەس پرسیاری ئاویان لێدەکردین. بنکەیەکی YPG لە پشـت دووگـورێ هەبوو، چوومە لایان، چونکە ئاپۆی کوڕە براکەم حاڵی زۆر خراپ بوو، داوام لێکردن بـە ئۆتۆمبێلێـک بیگەیێننە شـوێنێک. دوای ئـەوەی زانییـان ناوی ئاپۆیە گوتیـان " تۆ و کچەکـەت و ئاپۆ بەتەنیا وەرن سـوارین "، با سیروان و ڕاکان و ئەوانی دی بەپێ بڕۆن. ئیدی چارەیەکـی دیکە نەبوو بۆ ڕزگارکردنی ئاپۆ لە مـردن، ڕازی بوویـن چونکە تەمەنـی ڕاکان و سـیروان لەنێوان 15 تاوەکو 17 سـاڵیدا بوو، هەندێک ناسیاری خۆمان بینین و بەڵێنیاندا کە ئاگایان لێیان بێ.

نزیکـەی حـەوت کیلۆمەتـر بـە ئۆتۆمبیل ڕۆیشـتین و لە تەنیشت ماتۆڕێکی ئاو ئێمەیان بەجێهێشـت، ئاومان خواردەوە و دیسان بەپێ چەند کاژێرێکی دیکە ڕۆیشـتین و لە سنووری ڕۆژئاوای کوردستان پەڕینەوە.

لەنێو ڕۆژئاوای کوردستانیشدا نزیکەی کاژێر و نیوێک بەپێ ڕۆیشتین، ئیدی جگە لە ساندراو ئاپۆ کەس نەمابوو لەگەڵم، تەلەفۆنیش نەبوو تاوەکـو چارەنووسـی ئەوانـی دیکـەی کە بە ڕێگەوە بوون بزانم.

نزیکـەی کاژێـر 8:30 خولـەک سـواری بارهەڵگرێک کراین و بەرەو باشووری کوردستان بەڕێکەوتیـن. من زۆر نەخۆش بووم. لە ڕێگەدا گەیشتینە شارۆچکەیەکی ڕۆژئاوای کوردستان، لەوێ چەند شـەڕڤانێکی YPG هاتن و گوتیان "ئـەوە ئـاوە بیخۆنـەوە و بزانن کە مەسـعود بارزانی و پێشمەرگە چییان بەسەر ئێوە هێنا".

مـن ترسـام کـە لەسـەر شـنگال دوای کۆمەڵکوژی، براکوژی دروست ببێت. ئاوەکەی ئەوانـم نەخـواردەوە و بەتینوێتی گەیشـتمە باشوور.

سـەرلەنوێ گریـام و بیـری خێزانەکـەی خـۆم و بنەماڵەکەی خۆم کرد کە ڕاسـتە من گەیشـتوومەتە باشـووری کوردسـتان، بەڵام نازانـم ئەوان لـە کوێـن. دوو ڕۆژی زۆر درێژم تێپەڕاندن. خێزانەکەم گەیشتە ڕۆژئاوا و ڕۆژی سێیەم گەیشتنە زاخۆ و بەیەکتر شادبووینەوە. بـەڵام چ شـادبوونێک؟ هەموو مـاڵ و موڵکی خۆمان بەجێهێشـتووە. چ شادبوونێک؟ ئێمە بە تەنیشت شنگالێکەوە ڕامانکردووە کە بۆنی مردنـی لێدەهات، زۆر برادەرمان کوژران، بەڵام نەنێـژران. چ شـادبوونێک کـە زۆر ئافرەتـی شـنگال ڕفێندراون و لە بازاڕەکانی شارەکانی عەرەباندا دەفرۆشرێن؟ چ شادبوونێک کە ئیدی نازانین خاکێکمان هەیە ناوی شنگالە و ئایا هەر ئاوارە دەمێنینەوە یان نا.



***بەرەکات عیسا، پەیامنێری تۆڕی میدیایی ڕووداو، ماوەی 6 ڕۆژ هەواڵەکانی کوردی ئێزدی لەچیای شنگالەوە دەگەیاندنە ڕووداو.**

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (323) دووشەممە 2014/8/25

## ئێزدییەکان داواکارییەکی مۆسکۆ ڕەتدەکەنەوە



**ڕووداو – ڕووسیا**

ڕۆژی 2014/8/19 شاندێکی کوردانی ئێزیدی لە ڕووسیا سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیایان کرد. سایدی فەریک تیمور، کە کوردێکی ئێزدی ڕووسیایە و یەکێکبوو لە ئەندامانی شاندەکە و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە داوای هاوکاری مرۆییان لە حکومەتی مۆسکۆ کردووە بۆ لێقەوماوانی شنگال. ئەوانیش بەڵێنیان داوە ئەو کۆمەکە لە ڕێگەی بەغداوە بنێرن، تەیموور گوتی "بەڵام ئێمە ڕەتمانکردەوە کە هاوکارییەکان لە ڕێگای بەغدا ڕەوان بکرێن، پێمانگوتن ئاوارەکانمان لە بارودۆخێکی دژواردا دەژین، پێویستە ڕاستەوخۆ هاوکارییەکان ڕەوانەی هەولێر بکرێن. پاشان ئەوان ڕازی بوون لەسەر داواکارییەکەمان، ئێستا ئەوان سەرقاڵی ڕەوانەکردنی هاوکارییەکانن".

### دوو بکالۆریۆس و دیپلۆمێک و دوو ماستەر و دکتۆرایەکی لەبواری جیناتدا هەیە

# کوردێک سوێدییەکان سەرسام دەکات






**ڕووداو – سوێد**

**ئارام حەمە سەعید کاتێک ڕووی کردبووە قوتابخانە، مامۆستاکان دەیانویست بینێرن بۆ خوێندنی پیشەیی، وەک فیتەری یان پیشەیەکی دیکە. هۆکارەکەش ئەوە بوو کە زمانی سوێدی نەدەزانی و مامۆستاکان پێیانوابوو فێری هیچ نابێت**

لەدەرەوەی شوقەکەیان جلشۆرێک هەبوو، لەتەنیشتی ئەو جلشۆرە، زۆربەی کاتەکان وانەکانی قۆناغی دواناوەندی دەخوێند. کاتێکیش چووە زانکۆ، دەیان جار، ماوەی 45 خولەک زیاتر و لە کەشێکی ساردی 20 پلەی ژێر سفردا، بەپێ چووە بۆ زانکۆ، لەبەرئەوەی کرێی پاسی پێنەبووە، بەڵام ئەو ئێستا مانشێتی ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی سوێدە، دوای ئەوەی نامەی دکتۆراکەی بە یەکێک لە باشترین بڕوانامەکانی ساڵی 2014 هەڵبژێردرا.

ئارام حەمە سەعید، یان ئارام گەلاڵی، ساڵی 1982 لە سلێمانی لەدایک بووە، باوکی ئەو "حەمەسەعید گەلاڵی" یەکێک بووە لە ئەندازیارە زیرەکەکان، لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا داوای لێکراوە ببێتە وەزیری کارەبای عێراق، بەڵام بەهۆی تێکەڵیی بنەماڵەی خۆی و هاوسەرەکەی و کۆبوونەوە نهێنییەکانی شۆڕش لەماڵەکەیدا، ئەو داوایە ڕەتدەکاتەوە. باوکی ئارام بەڕێوەبەری کارەبای سلێمانی دەبێت کاتێک لەساڵی 1992 شەهید دەکرێت. پاشان لەگەڵ دایکی و تەنها خوشک و براکەی لە سلێمانی دەمێننەوە تا ساڵی 1996 بەهۆی شەڕی ناوخۆوە کوردستان جێدێڵن و دەچنە سوێد.

ئارام حەمەسەعید، دوو بکالیۆریۆس و یەک دیپلۆم و دوو ماستەر و دکتۆرایەکی بەدەستهێناوە و ئێستاش خوێندکاری پۆست دکتۆرایە. ئەو بابەتەشی زۆرترین لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە، بواری "بۆهێڵ" جیناتە.

جینات بەشێکە لە زانستی بایۆلۆجی، لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر سیفەتە بۆماوەییەکان و مانەوەی کەسایەتی و ڕواڵەت و تایبەتمەندی و گواستنەوەی نەخۆشی لە نەوەی کۆنەوە بۆ نەوەی نوێ، لە دایک و باوکەوە بۆ منداڵ، هەروەها لێکۆڵینەوە دەکات لە شێوەی دروستبوونی (DNA) کە لەنێو کرۆمۆسۆمەکاندایە.

دروستبوونی هەر گۆڕانکارییەک لە جیناتەکاندا، کاریگەری گەورە لەسەر تەندروستیی مرۆڤ دادەنێت، ئەوەش وایکردووە لەجیهاندا بایەخێکی زۆر بە لێکۆڵینەوەی ئەو بوارە بدرێت، چونکە گۆڕانکارییەکی بچووک لەیەکێک لە جیناتەکاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشیی کوشندە، دۆزینەوەی ئەو گۆڕانکاریانەش یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ ڕزگارکردنی و دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەر.

ئارام دوای ئەوەی لەگەڵ دایک و خوشک و براکەی دەگەنە سوێد، ڕوودەکاتە قوتابخانە بۆ خوێندن، دەیویست لە بەشی زانستی بخوێنێت، بەڵام مامۆستاکان دەیانویست بینێرن بۆ خوێندنی پیشەیی، وەک فیتەری یان پیشەیەکی دیکە. هۆکارەکەش ئەوە بوو کە زمانی سوێدی نەدەزانی و مامۆستاکان بۆچوونیان وابووە فێری هیچ نابێت، چونکە خوێندنی بەشی زانستی لە سوێد زۆر قورسە و تەنها خوێندکارە زۆر زیرەکەکان ڕووی تێدەکەن.

ئارام گوتی "من زمانی ئینگلیزی و سوێدیم نەدەزانی، تاقیکردنەوەی ماتماتیکیشم نەکردبوو، ئەوەش ئیشی منی گرانتر کردبوو، بەڵام یەخەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم بەرنەدەداو دەمگوت من هەر لەبەشی زانستی دەخوێنم".

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ناوی "ئاکێ دالکڤیست" بوو، ئارام بانگ دەکاتە ژوورەکەی خۆی و پێیدەڵێت "دەزانی تۆ زۆر سەرسەختی؟". دوای ئەوە دەرفەتێکی یەک مانگی پێدەدات بۆ ئەوەی بزانێت لە تاقیکردنەوەی ئەو مانگەدا سەرکەوتوو دەبێت یان نا.. ئاکێ دالکڤیست پێیگوتبوو" ئەگەر لەهەموو وانەکاندا سەرکەوتوو نەبوویت، لەم بەشەو لەم قوتابخانەیە جێگات نابێتەوە".

ئارام، لەنێو شوقەیەکی قەرەباڵغ بە کەسوکار و گەرم بە دەنگوباسەکانی کوردستان و سەخت بە ژیانی پڕ لە کەموکورتیی پەناهەندەییدا شوێن خەونەکەی خۆی دەکەوێت. هەڕەشەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش وەک مۆتەکەیەک هەمیشە لەپێش چاوی دەبێت کە تەنها یەک مانگ دەرفەتی داوەتێ.

ئارام دەیگوت ئەو مانگە ڕۆژ و شەوم نایە سەر یەک، دواجار توانیم سەرکەوتن بەدەست بێنم و جێگەی خۆم لەو قوتابخانەیە بکەمەوە. ئەو مندااڵترین خوێندکاری نێو قوتابخانەکە بوو، بەڵام توانی بە نمرەیەکی زۆر باشەوە ئامادەیی تەواو بکات و ئۆفەری خوێندنی لە کۆلێژی پزیشکی لە شاری "لەندەن" لە بەریتانیا بۆ هاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەگەزنامەی سوێدی نەبوو، نەیتوانی بچێتە ئەو وڵاتە.

ئارام دەڵێت "کاتێک داوای ڕەگەزنامەی عێراقیم کردەوە بۆ ئەوەی ئیشوکاری خوێندنی پێ بەڕێوەبەرم، مانگی ئاداری 2003 بوو، ئەوکات هاوپەیمانەکان شەڕی عێراقیان ڕاگەیاند و سەفارەتی عێراق لە سوێد داخرا، بەو هۆیەشەوە بەڵگەنامە فەرمییەکانم دەستنەکەوت و کاتی پڕکردنەوەی فۆرمی خوێندن بۆ زانکۆکانی سوێد تەواو بوو، تەنها لە بەشی جینات جێگە مابوو، منیش بەناچاری ڕووم کردە ئەو بەشە و گوتم تا ئیشوکارەکانی خۆم تەواو دەکەم لەم بەشە دەخوێنم و پاشان ڕوودەکەمە لەندەن بۆ خوێندنی پزیشکی. بەڵام کاتێک تێکەڵی زانستەکە و وانە ڕۆژانەییەکان و ئەو زانستە فراوانە بووم، بەتەواوی خۆشەویست بوو لام و خوێندنی پزیشکیم لە خەیاڵی خۆم دەرکرد". گەڕانەوەی کەسوکاری بۆ کوردستان لەدوای ساڵی 2003، ئارامی ناچارکرد لەسەر پێیەکانی خۆی ڕاوەستێت و بەو بڕە پارە کەمەی لە زانکۆ وەریدەگرت، ژیان بەرێتەسەر، ئەوەش وایکردبوو دەیان جار لەبەر بێ پارەیی بەپێ بچێتە زانکۆ.

ئارام دەڵێت "دوای پێنج ساڵ خوێندنی زانکۆ، توانیم پێنج بڕوانامە بەدەستبهێنم. لەو ماوەیەدا لەیەک کاتدا لە دوو بواردا دەمخوێند، واتە 200% و ئەوەش بۆ ئەوەی هەندێک بڕوانامە بەدەستبهێنم کە بۆ داوڕۆژی خۆم زۆر گرنگن و هەندێک بواری دیکەی ئەو خوێندنە تەنها هیوایەتی خۆم بوو. پاشان دەستم کرد بە لێکۆڵینەوەی زانستی. لەو کاتەی سەرگەرمی خوێندنی دکتۆرا بووم، توانیم پێنج بابەت و دۆزینەوەی زانستی بنووسم و بڵاو بکەمەوە، ئەوە لەکاتێکدایە لە سوێد لەسەر خوێندکاری دکتۆرا واجبە تەنها دوو دۆزینەوەی زانستی هەبێت و لەهەندێک وڵاتی ئەوروپا ئەو دوانەش هەر پێویست ناکات".

هەروەها دەڵێت "دۆزینەوە زانستییەکانی من لەسەر شێرپەنجەی سی، پرۆستات و خوێن بوون و دوو شتی سەرەکیم پێشانداوە، دەرمانێک هەیە مرۆڤ دەپارێزێت لە شێرپەنجە، ئەو خۆپاراستنەش لەڕێگای جیناتەکانەوەیە، کۆمەڵێک جینات و پرۆتین هەیە کە ئێمە پێشانمانداوە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە خۆپاراستن لە شێرپەنجە".

دەشڵێت "ئێمە دۆزیمانەوە کە کۆمەڵێک پرۆتین و جینات هەیە لە خانەکانی مرۆڤدا پەیوەندییان هەیە بەیەکەوە، ئەو پرۆتین و جیناتانە بەشەکانی لە شەودا لە یەک ئاستدان و باڵانس هەیە لەنێوانیاندا، کاتێک ئەو باڵانسە تێکدەچێت، ئەوا ئەو کەسە بەدڵنیایی تووشی شێرپەنجە دەبێت.. ئەو خانە سەرەتانیانەی لە لەشدا بڵاودەبنەوە، کێشەی ئەو هاوسەنگییەیان هەیە، بۆ ئەو دۆزینەوە زانستییە خانەی سەرەتانی سی، پرۆستات، پەنکریاس و خوێنم بەکارهێناون. جگە لە خانەی تەندروستی مرۆڤ، خانەی ئاژەڵەکانی وەک مشک و جرجیشم بەکارهێناوە".

ئارام دەڵێت ئێستا بۆ پۆست دکتۆرا (Post-Doctoral Study) دەخوێنێ لە سوێد و لە زانکۆی هارڤارد لە ئەمریکا ئۆفەری پۆست دکتۆرای بۆ هاتووەتەوە لەڕێگای گرووپێکەوە کە پێکەوە لێکۆڵینەوەی زانستییان ئەنجامداوە. دوای ئەوەی خوێندنەکەی سوێدی تەواوکرد، دەچێتە زانکۆی هارڤارد بۆ لێکۆڵینەوە لە شێرپەنجە و لەوێ دەمێنێتەوە.

دوای تەواوکردنی نامەی دکتۆراکەی، بەناوبانگترین ڕۆژنامەی سوێد "(Dagens Nyheter) چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئارام بڵاودەکاتەوە وەک کەسایەتییەکی سەرکەوتووی سوێد لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستیدا، هەڵبەت پاش ئەوەی نامەی دکتۆراکەی بە یەکێک لە باشترین بڕوانامەکانی ساڵی 2014 دانراوە.

### بەهۆی نەبوونی پارە

# ئەنستیتوتی کوردی لە مۆسکۆ کارەکانی ڕادەگرێت

**خالید حوسێن**
**ڕووداو – مۆسکۆ**

خەریکە گەورەترین سەرچاوەی زانیاری لەبارەی کورد و کوردستانەوە لە ڕووسیا لە دەست دەچێت کە ئەویش ئەنیستتیوتی کوردییە لە مۆسکۆ، چونکە بەڕێوەبەرانی دەڵێن بەو دەستکورتییە چیدی ناتوانن درێژە بەکارەکانیان بدەن.

ئێستا کارەکانی ئەنستتیوتی کوردی لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا وەستاوە و بەرپرسانیشی هۆکاری وەستانی کارەکانی بۆ نەبوونی کۆمەکی دارایی دەگەڕێننەوە.

ئەو پەیمانگەیە لە ساڵی 2001 دامەزراوە و کاری پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕووسیا و وەرگێڕانە لە نێوان زمانی کوردی و ڕووسی و دۆزینەوە و پاراستنی ئەرشیفی کوردییە لە ڕووسیا.

بەرپرسانی پەیمانگاکە دەڵێن سەرەڕای ئەوەی کۆمەک ناکرێن، بەڵام شانازی بەکارکردنیان دەکەن و دەڵێن لەو ماوەیە چەندین بەڵگەنامەی مێژوویی گرنگیان دۆزیوەتەوە و ساخیان کردووەتەوە، لەوانەش دوو نەخشەی تەعریبکردنی کوردستان.

لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بە هەزاران کورد دەژین کە ژمارەیەکی زۆریان لە ڕووسیان، بەڵام هیچ قوتابخانەیەک بە زمانی کوردی لەو وڵاتەدا نییە.

ئەم ئەنستتیوتە سەرچاوەیەک بوو بۆ قوتابیانی کورد و ڕووس، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لێکۆڵینەوە لەبارەی مێژووی کورد لە وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو بکەن.

پرۆفیسۆر کۆچۆ، سەرۆکی ئەو ئەنستتیوتە کە کوردێکی ڕووسیایە، دەڵێت بەهۆی کۆمەک نەکردنیان لەلایەن حکومەتی ڕووسیا و هەرێمی کوردستانەوە چیدی ناتوانن درێژە بە کارەکانیان بدەن و ئێستا سەرجەم چالاکییەکانی سەنتەرەکەیان وەستاندووە.

پرۆفیسۆر کۆچۆ دەڵێت "کەس هاوکاری ئێمە ناکات، پێشتر چەندین سەنتەری کوردناسی هەبوون لە ڕووسیا و هەموویان بەهۆی نەبوونی هاوکاری داخران، ڕووسیا وڵاتێکی گەورەیە و پێویستە گرنگی بە زانستی کوردناسی لەم وڵاتە بدرێت".

پێشتر هەوڵدراوە لقێکی ئەو ئەنیستتیوتە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانیش بکرێتەوە، بەڵام بەهەمانشێوە بەهۆی نەبوونی پشتگیری ماددی ئەو هەوڵەش سەری نەگرت.

چەندین ئەنستتیوتی تایبەت بە زمان و مێژووی کوردی لە وڵاتانی وەکو فەرەنسا، ئینگلتەرا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکە هەن کە زۆریان تاوەکو ئێستاش بەردەوامن لە کارکردن.

پێشتر بەشی کوردی لە سەنتەری ڕۆژهەڵاتناسی لە سانت پیتەرسبورگی ڕووسیا داخرا، بەهۆی نەبوونی خەڵکانی شارەزا و پسپۆڕ کە لەو بواردەدا کار بکەن.


د.بەکر شامحەممەد جێگری سەرۆکی ئەنیستتیوتی کورد لە مۆسکۆ پێیوایە ئەم ئەنستتیوتە زۆر گرنگ بوو بۆ کورد ئەگەر پەرەی پێبدرایە.

ناوبراو ئاماژە بە چالاکییەکانی ئەو سەنتەرە دەکات و دەڵێت یەکەم پەرتووک کە چاپیان کردووە لەسەر ئەنفال بووە بە زمانی ڕووسی، بۆ ئەوەی ڕووسەکان لە گەورەیی کارەساتی ئەنفال تێبگەن. گوتیشی "چەندین کتێبی دیکەی گرنگمان چاپکرد".

یەکێک لە کارەکانی ئەو ئەنستتیوتە گەڕان بووە بۆ پەیداکردنی بەڵگەنامە لەسەر کورد لە ئەرشیفی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا. د.بەکر دەڵێت "سێ نەخشەمان دۆزیوەتەوە کە باسی چۆنیەتی تەعریبکردنی کوردستان دەکەن لە ساڵی 1910 تاوەکو 1924".

ئەوەی بەرپرسانی ئەنستتیوتەکە شانازی پێوە دەکەن، چاپکردنی کتێبێکە بە ناوی ئاڤێستا، د.بەکر دەڵێت "ئەم پەرتووکە لەلایەن پرۆفیسۆرێک نووسراوە و باسی ئەوە دەکات کە زەردەشت پێغەمبەر بە چ زمانێک نووسیویەتی، ئەوەش دەیسەلمێنێ کە زمانی کوردی پێش سێ هەزار ساڵ زمانی نووسینی کتێب بووە. تازە بەتازە خەڵکانێکی وەکو ئەکمەلەدین ئیحسان ئۆغلۆ دەڵێن زمانی کوردی زانستیی نییە و بۆ نووسین ناشێ."

د.بەکر کە لە هەمانکاتدا بازرگانیشە، دەڵێت زۆربەی کارەکانی ئەنستتیوتەکەی لەسەر گیرفانی خۆی بەڕێوەبردووە، بەڵام بەو شێوەیە چیدی ناتوانێت درێژە بەکارەکانی بدات.



ڕووداو
هونەری
ژمارە (323) دووشەممە 2014/8/25



## زاخۆییەک دانسەری یەکەمی ئەڵمانیایە

**ڕووداو- دوسلدۆرف**

گەنجێکی شاری زاخۆی باشووری کوردستان بەشداری پێشبڕکێیەکی دانس دەکات و پلەی یەکەم بەدەستدێنێ. مەجید قەساب، 20 ساڵ، توانی لە پێشبڕکێی (Got to dance)ی تەلەفزیۆنی Pro 7 پلەی یەکەم بهێنێت و بڕی 100 هەزار یورۆ بباتەوە. مەجید کە قوتابی بەشــی ئەندازەی بیناســازییە، لە فینالّی بەرنامەکەدا لەگەڵ 11 ســەماکەر کەوتە کێبڕکێ و توانی پلەی یەکەم بهێنێت. مەجید تەمەنی ســێ ســاڵان بووە کاتێک لەگەڵ خێزانەکەی ڕوویان کردووەتە ئەڵمانیا. جگە لەو 100 هەزار یورۆیە ئۆتۆمبێلێکیشی بە دیاری پێدرا. هەروەها نازناوی باشترین سەماکەریشی پێبەخشرا.



## ناڵە سوپەر:

# ئەوەی چارەی منی ناوێت با بمگۆڕێت

**هەمیشە بە خەندە و پێکەنینەوە پێشوازیت لێدەکات. لە قسەکردنیشدا زۆر بە جورئەتە، بەهۆی ڕوخسارە جوانەکەی هەر زوو لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن جێی خۆی کردەوە و چەندین دەرهێنەریش داوایان لێکردووە بەشداری لە فیلمەکانیاندا بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا بەشداری لە هیچ فیلمێکدا نەکردووە و لە شاشەش دیارنەماوە. ناڵە سوپەر، تەمەن 26 ساڵ کە ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) هۆکاری دوورکەوتنەوەی لە شاشەی تەلەفزیۆن ڕووندەکاتەوە.**

**هیوا سەلاح - هەولێر**

### داکۆکیکارێکی سەرسەخت بووم لە ئەڤین ئاسۆ

### کۆمەڵگای کوردی زۆر شتی خواری هەیە دەبێت ڕاست بکرێنەوە

**ڕووداو: هاتنـت بـۆ نێـو کاری ڕاگەیاندن بە ڕێکەوت بوو یان ئەو خەونەت هەبوو؟**

**ناڵـە سـوپەر:** بە ڕێکـەوت بـوو. ڕۆژێکیان لـە گەشـتێکی خێزانیـدا بووین، پێشـنیازیان بـۆ کردم ببمە بێژەر، چونکـە دەیانگوت تۆ لە قسـەکردن زۆر باشـی، منیـش بیرۆکەکـەم بە دڵ بـوو ڕازی بـووم، سـەرەتاش کەناڵی گەلی کوردسـتان دەرگای بۆ کردمـەوەو گوتیان وەک پەیامنێری وەرزشـی لەگەڵمـان کار بکە، دواتر کـە زانییان تواناى زۆرم هەیـە، بوومە بێژەری وەرزشـی، پاشان هەسـتمکرد کە من دەمەوێت لـە دەرەوەی ڕاگەیاندنـی وەرزشـی کار بکەم، ئێستا وەک پێشکەشکاری بەرنامە هونەرییەکان و کۆمەڵاتییەکان لە کەناڵی کۆڕەک کار دەکەم.

**ڕووداو: بەڵام ساڵێکە لەسەر شاشە نابینرێی، بۆچی؟**

**ناڵە سوپەر:** ئێستا ئامادەکاری بۆ وەرزی نوێ دەکەین، کەمێک لە شاشـە دوورکەوتوومەتەوە، ئێسـتا ئامادەکاری بۆ وەرزی دووەمی بەرنامەی ئێکس کورد لایک دەکەین، هەموو کارەکان تەواو بوون، بەڵام لەبەر ئەم بارودۆخە دوامانخست.

**ڕووداو: بێـژەر و پێشکەشـکارانی کورد زوو زوو شاشـە دەگۆڕن، تۆ بە نیاز نیت شاشـەکە بگۆڕیت؟**

**ناڵـە سـوپەر:** لە چەندیـن کەناڵـەوە داوام پێشکەشـکراوە، بەڵام من ناوەڕۆکی بەرنامەکانم بـە دڵ نەبووە، چونکە بەرنامـەکان کاتیان زۆر کەمـە و ناتوانرێـت لـەو کاتـە کەمـەدا ئەوەی مەبەستتە بیگەیەنی، گلەییشم لە بەشێکی زۆری کەناڵەکانی کوردسـتان هەیە کە زۆر سیاسین و بەرنامەکانی هونـەر و کەلتووریان لەبیرکردووە، بەڕاستی خەڵک بێزار بووە لە بەرنامەی سیاسی و مێزگرد.

**ڕووداو: دەگوتـرێ دوای ڕۆیشـتنی ئەڤین و ئارامۆ، کۆڕەک و کەناڵ چوار بەرەوڕووی کێشەی زۆر بوونەتەوە؟**

**ناڵە سوپەر:** کێشـەکە ئەوەندەی هونەری و تەکنیکیـە، ئەوەندە پەیوەندی بەکەسـەکانەوە نییە. ئێمـە دەتوانین بەرنامەی زۆرباش بکەین. دەمانەوێـت گۆڕانکارییەکانمـان ئەوەندە گەورە بـن کـە بینەرەکانمـان تووشـی شـۆک بکەن، ئێستا پرۆگرامەکان و ستۆدیۆکانمان ئامادەن بۆ کارکردن، تەنیا ئەوەند ماوە دەست بەکار بکەین.

**ڕووداو: زۆر کەس ڕەخنەیان لەوە هەیە کە تۆ بە جلی نیمچە ڕووت دەردەکەوی؟**

**ناڵـە سـوپەر:** ئەوانـەی ڕەخنەیـان هەیـە مەبەستیانە لە کەسایەتی من بدەن، ئەوان باس لـە ئەدا و ڕۆشـنبیریی من ناکـەن، دێن دەڵێن ناڵە جلەکانـی ڕووتن یان میکیاژەکـەی وابوو، ئەوشـتانە زۆر لاوەکین، ئەوانە ڕەخنە نین ئەمە لە پارچەیەکی پیسـی دڵـەوە دەردەچن، دواتر بۆمان دەرکەوت بەشێکی زۆری ڕەخنەگرەکان لە کەناڵەکانی دیکەوە بوون. من گرنگی بەو قسانە نـادەم، ئـەوەی حەز ناکات سـەیری من بکات، دەتوانێـت کەناڵەکە بگۆڕێـت. ئاخر کەی بووە بە جلوبەرگ کەسـایەتی بێـژەر دیاری بکرێت، ناکرێت تۆ بڵێی ناڵە کەسێکی زۆر خراپە لەبەر ئـەوەی قۆڵی ڕووتە یـان قاچی دیارە. لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک چەندینجار نامە و قسەی ناشیرینیان لەسـەر من نووسیوە، گوتوویانە بە نەفرەت بێ و تفبارانی بکەن، بەڵام ئەوە حەزی خۆمە و هەر بەردەوامیش دەبم.

**ڕووداو: هاوسەرەکەت ئەو جل پۆشینەی تۆی پەدڵە؟**

**ناڵە سـوپەر:** بەڵـێ. تەنانـەت هاوکارمە لە دیاریکردنی کراسەکانم و چۆنیەتی قژداهێنانم.

**ڕووداو: بە خۆشەویسـتی شووت کرد یان بە ڕێکەوت؟**

**ناڵە سوپەر:** بە خۆشەویستی، نزیکەی حەوت ساڵ پەیوەندیمان هەبوو، سەرەتا هاوڕێ بووین و دواتر پەیوەندییەکە بووە خۆشەویستی، ئێستا ژیانمان زۆر خۆشـە و منداڵێکمان هەیە بەناوی زاگۆن.

**ڕووداو: تـۆ داوای خۆشەویسـتیت لـە هاوسـەرەکەت کـرد، یاخود ئەو دەستپێشـخەر بوو؟**

**ناڵە سوپەر:** ئەو دەستپێشخەر بوو، بەڵام کە داوای کـرد من زۆر پێم خۆشـبوو، لەبەر ئەوەی منیش هەستێکم هەبوو بۆی. هیچ پێم عەیب نییە داوای خۆشەویستی لە کوڕێک بکەم.

**ڕووداو: بە کام بێژەری ئافرەت لە کوردستان سەرسامیت؟**

**ناڵە سـوپەر:** لـە کەناڵی گەلی کوردسـتان زریـان خان زۆر لێهاتووە. دڵم بە شـیفا گەردی دەکرێتـەوە، چونکـە ئەوەندە خۆش و ناسـک هەواڵـەکان دەخوێنێتـەوە مرۆڤ حـەز دەکات سـەیری بـکات. تاڤگە لـە کەناڵی کوردسـات و شـیلان لـە گەلی کوردسـتان و بەڕێز حاجی نموونـەی بێـژەری سـەرکەوتوون. هەروەهـا داکۆکیکارێکـی سەرسـەخت بـووم لـە ئەڤین ئاسـۆ کاتێک قسە و قسەڵۆکی نابەجێی لەسەر دەگوترا.

**ڕووداو: هێرشـێکی زۆر دەکرێتـە سـەر هونەرمەنـدان هێڵـی لـەڤ و مزگێـن بەهـۆی کلیپەکانیانەوە، تۆ لەوبارەیەوە دەڵێی چی؟**

**ناڵە سوپەر:** سەرەتا خۆزگە بەشێکی خەڵکی کوردسـتان ئازادی و بەرەڵاییان لەیەکدی جودا دەکـردەوە، من خـۆم لەگەڵ ئازادیـم نەک ئەو ئازادییەی خەڵک لێی دەڕوانێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەیـە کۆمەڵـگای کوردیـش زۆر شـتی خواری هەیە دەبێت ڕاسـت بکرێنەوە، ئەگەر کەسـێک دەیەوێـت بە کراسـێکی ڕووتـەوە گۆرانی بڵێ لێیگەڕێ با بیڵێت، ئەگەر کەسـێکیش دەیەوێ بە سەرپۆشەوە گۆرانی بڵێت با بیڵێت. بەڕاستی ئەم شتانە بچووکن کە خەڵک حیسابی گەورەیان بـۆ دەکات. بۆ نموونە بەبینینی قۆڵێکی ڕووتی کچـە کوردێـک یەک ملیۆن کـەس دێتە دەنگ، کەچی هـەزاران کەس خۆی بـە قوربانی قۆڵی ڕووتی هەیفا وەهبی دەکات.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا داوات لێنەکراوە ڕۆڵ لە فیلمی کوردی یان دراما ببینی؟**

**ناڵە سوپەر:** بێگومان زۆرجار داوام لێکراوە، کۆتایـی داواکارییەکەش درامـای تارمایی تاوان بـوو کە ڕۆڵی سـەرەکی درا بە من، بەڵام لەبەر نەبوونی کات نەمتوانی بەشداری بکەم.

**ڕووداو: ماچێکـی ناودەم لە فیلمێکی کوردی دەنگدانـەوەی زۆری هەبـوو، ئامـادەی ڕۆڵـی لەوجۆرە ببینی؟**

**ناڵـە سـوپەر:** لای من زۆر ئاسـاییە ڕۆڵێک ببینم و کەسێکم خۆشبوێت و ماچی بکەم، بەڵام ئایا ئەگەر لەگەڵ هاوسـەرەکەم دابنیشـم باسی ئەم کارە بکەم ڕازی دەبێت؟ سـەرەڕای ئەوەی هاوسـەرەکەم کراوەیە. ئەگەر شـووم نەکردبایە ڕازی دەبـووم لـە نێو فیلمێک ماچی کەسـێک بکەم.

خەڵک بێزار بووە لە بەرنامەی سیاسی و مێزگرد

دڵم بە شیفا گەردی دەکرێتەوە

زۆرجار لە فەیسبووکەوە قسەی ناشیرینیان پێگوتووم

پێم عەیب نییە داوای خۆشەویستی لە کوڕێک بکەم



# باران: کوردم و مهابادیم

**زانا کەلالی**

**ڕووداو- نەرویج**

کچە گۆرانیبێژی کورد، باران، دەڵێت بەهۆی ئـەوەی هونەرمەندانـی کورد یارمەتـی نادەن، بۆیـە بە زمانی فارسـی گۆرانـی دەڵێت. بەڵام ڕەتیدەکاتـەوە کە فارس بێـت و دەڵێت کوردم و مهابادیم.

بـاران کـە لـە نێوەنـدی هونەریـدا وەکـو هونەرمەندێکـی فارس ناسـراوە، دەڵێت کوردە و لـە شـاری مهابـادی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لەدایکبووە. تاوەکو تەمەنی بووەتە 10 ساڵیش هەر لەوێ بووە، پاشان لەگەڵ خێزانەکەی ڕووی کردووەتـە کەنەدا و ئێسـتاش لە شـاری لۆس ئەنجلسی ئەمریکا دەژیت.

باران کە بۆ (ڕووداو) قسـەی دەکرد، گوتی ئـەوە یەکەمیـن جارە بۆ میدیای کوردی قسـە دەکات. بەردەوامیـش لـە قسـەکانیدا جەختی لـە کوردبوونـی خـۆی دەکـردەوە و دەیگـوت "کوردبوون بۆ من هەموو شتێکە، شانازی بەخۆم و بەگەلی کوردەوە دەکەم".

باران لە تەمەنی 13 ساڵییەوە گۆرانی دەڵێت، بەڵام بە زمانی فارسـی، هەر ئەمەش وایکردووە کە خەڵک وا بزانن هونەرمەندێکی فارسە.

لەبارەی ئەوەش کە بۆچی بە فارسی گۆرانی دەڵێـت، گوتی "ئەوە دوو هۆکاری هەیە، یەکەم مەبەستمە پردێکی پەیوەندی لە نێوان هونەری کوردی و فارسـی دروسـتبکەم. تاوەکو ئێستا چەندین هونەرمەندی فارس بە کوردی گۆرانییان گوتووە، بۆیە ئاساییە ئێمەش بە فارسی گۆرانی بڵێین".

لەبـارەی هـۆکاری دووەمیش، بـاران گوتی "دەمێکـە لـە بەرنامەمدایە بە کـوردی گۆرانی بڵێم، بەڵام بەداخەوە هیچ هونەرمەندێکی کورد تاوەکو ئێستا هاوکاریی نەکردووم". بەڵام دەڵێت کە ئێستا سەرقاڵی گوتنەوەی چەند گۆرانییەکی هونەرمەندانی کوردە.

بـاران ئەمسـاڵ کۆنسـێرتێکی لـە شـاری ستۆکهۆڵمی سوێد سـاز کرد کە زیاتر لە 225 هـەزار کەس ئامادەی بـوون. لەوەتای چووەتە دەرەوەی وڵات، هیـچ پارچەیەکی کوردسـتانی نەبینیوە و خۆزگە دەخوازێت بۆ جارێکیش بێت سـەردانی باشووری کوردسـتان بکات و لەوێ کۆنسێرتێک ساز بکات.

بـاران پێیوایـە کـورد زۆر گرنگـی بـە هونەرمەنـدی خـۆی نـادات و دەڵێـت "لە نێو فارس ئەگەر بزانن کەسـێک دەنگی خۆشە زۆر گرنگی پێدەدەن، بەڵام لە نێو کورد ئەمە نییە، زۆر بە زەحمەت سپۆنسـەرت دەسـتدەکەوێت، خەرجی تۆمارکردنی بەرهەم لەسـەر ئەسـتۆی هونەرمەند خۆیەتی، بۆ نموونە تاوەکو ئێسـتا جگە لە هونەرمەند جەمشید هیچ هونەرمەندێک هاوکاری نەکردووم".

بـاران حـەز دەکات بەرهەمەکانـی تەنیـا دەنـگ نەبـن و ڕەنگیشـی لەگەڵ بێـت، بۆیە باسـی گرنگیی کلیپی گۆرانی دەکات و دەڵێت "کلیپ بەلای منەوە زۆر گرنگە، چونکە وشە بە وشـەی گۆرانییەکە دەبێت بە بینەران بگەیەنی و کاریگەرییان لەسەر دابنێی. کلیپ دەتوانرێت زۆر سـادەو کەم خەرجی بێت، بەڵام کاریگەری خۆی هەبێت و پەیامی خۆی بگەیەنێ".

باران دوایین کار و پرۆژەی خۆی بۆ (ڕووداو) باسـکرد و گوتی "ئەوە چەند مانگێکە خەریکی تازەتریـن پرۆژەم کە پێکهاتووە لە ئەلبوومێک، بەڕاسـتی ئەم ئەلبوومە زۆر سەرقاڵی کردووم، کاتێکـی زۆرم بـۆ تەرخانکـردووە، چونکە پێم خۆش نییە بەخێرایی بەسەریدا ڕەتبم، پێمخۆشە هەر گۆرانییەک بەبێ کەموکوڕی و بەباشـترین کواڵیتی پێشکەش بەگوێگران بکەم".

باران شـێتی خواردنی کوردییە و دایکیشـی هەر لە منداڵییەوە فێری دروستکردنی خواردنی کوردی کردووە، بۆیـە دەڵێت دەتوانێت هەموو جۆرە خواردنێکی کوردی ئامادە بکات".

لەبارەی ئەوەش کە چ شتێک بێزاری دەکات، ئەو دەڵێت "تەنیا شتێک کە بێزارم دەکات درۆیە، درۆم زۆر پێناخۆشە، هەروەها ڕەگەزپەرستیش زۆر ئازارم دەدا، چونکە ئێمە هەموومان مرۆڤین، گۆی زەویش موڵکـی هەموو مرۆڤەکانە، نابێت ڕێگە بدەین ڕەگەزپەرستی لێکمان جیابکاتەوە".


KOREK Telecom
هێڵە کۆنەکەت کارا بکەوە
و ئەمانە بەدەست بێنە
200 کورتەنامەی خۆڕایی
200 خولەکی خۆڕایی
30,000 د.ع بالآنسی خۆڕایی
150 مێگابایتی خۆڕایی
بەخۆڕایی پەیوەندی بکە
*313#
• 200 خولەك و 200 کورتەنامەی خۆرایی لەکاتی دووبارە کاراکردنەوەی هێڵەکە.
• 10,000 د.ع. بالانسی خۆرایی و 50 مێگابایتی خۆرایی لەکاتی یەکەمین پڕکردنەوە بە 5000 د.ع. یان زیاتر مانگانە و بۆ ماوەی سێ مانگی یەك لەدوای یەك.
• بۆ زانینی مێگابایت و یەکەی خۆرایی پەیوە ندی بکە بە #17*211*
• بۆ زانینی خولەك و کورتەنامە خۆراییەکان پەیوەندی بکە بە #16*211*
• ئەم ئۆفەرە بۆماوەی سێ مانگە و بۆ هێڵەکانی پریپەیدە کە بەکارنەهاتوون لە ڕێکەوتی 12/6/2014
- کورتەنامە و خولەکە خۆراییەکان تەنها لەنێو تۆڕی کورەك و بۆ ماوەی 14 ڕۆژ بەردەست دەبن.
- بالانسە خۆراییەکەش تەنها لەنێو تۆڕی کورەك و بۆماوەی 10 ڕۆژ بەردەست دەبێت.
- مێگابایتە خۆراییەکان بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەست دەبن.
- بۆ زانین کۆمپانیای کورەك هەڵدەستێت بە سڕینەوەی ئەو هێڵانەی کە ماوەی ساڵێکە بەکارنەهاتوون لەدوای تەواوبوونی ئەم ئۆفەرە.
بوێربە خەون ببینە
korektel.com
411


SSANGYONG
Korean Made
msn otomotiv
بەکەمترین جیاوازی لە نرخی نەقدی تەنها بە پێشەکی لە 30٪ بۆماوەی 3ساڵ بێ بانک
پشکنین و گرێنتی ئۆتۆمبێلەکەت بەدرێژای 2ساڵ یان 100.000کم لە ئەستۆی ئێمەیە
هەولێر
0750 344 26 01
0750 344 26 02
0750 344 26 03
سلێمانی
0770 684 7483
0771 157 46 39
دهۆك
0750 197 6202
0750 386 96 52
بەکرینی هەر ئۆتۆمبێلیك ( $ 1000 ) دیاری
korando SPORTS
NEW korando
REXTON



## ژنێک لەژێر دەستی بەیتارێک دەمرێت

**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی 2014/8/14 ژنێکی تەمەن 75 ساڵ، کە قاچی لە جێ چووە دەبرێتە لای بەیتارێک بە مەبەستی چاککردنەوەی قاچەکەی، بەڵام لەژێر دەستی بەیتارەکە گیانلەدەست دەدات. بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی پۆلیسی هەولێر، ئەو ژنە براوەتە لای بەیتارێک لە دەرەوەی شاری هەولێر "لە کاتی ڕاکێشانی پێیەکەی بۆ هێنانەوەی شوێنی خۆی، ئافرەتەکە گیانی لە دەستداوە". هەروەها دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم ڕووداوە کراوەتەوە لە لایەن پۆلیس. دادوەری لێکۆڵینەوەش بڕیاری ڕاگرتنی تۆمەتبارەکەی داوە بەپێی مادە 410 لە یاسای سزادانی عێراق.

### تەنیا لەماوەی شەش مانگدا

# 3500 حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان تۆمارکراوە

**ڕووداو– هەولێر**

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بە بەراوردکردنی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ لەگەڵ شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، توندوتیژی دژی ژنان لە هەڵکشاندایە، بەڵام کوشتن و خۆکوشتنی ژنان کەمی کردووەو لە بەرامبەریشدا سکاڵا زیادی کردووە.

### ڕۆژانە 20 حاڵەتی توندوتیژی

یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2011 کە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ناسراوە، چەندین حاڵەتی دیاری کردووە کە بە توندوتیژی دادەنرێن، وەک هاوسەرگیری بەزۆر، ژن بە ژن، منداڵ بە شوودان، لێکجوداکردنەوەی بەزۆر، بڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ناچارکردنی ژن بۆ کاری بەدڕەوشتی. بەشوودان لە جیاتی خوێن، خەتەنەکردنی مێیینە. لێدان بە هەر بیانوویەک بێت و...هتد.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، کە لە ماڵپەڕی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بڵاوکراوەتەوە، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 3507 حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان لە 8 نووسینگەکانی سەر بەو بەڕێوەبەرایەتییە تۆمار کراون. بەپێی ئەو ئامارە، ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 20 ژن توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت.

هەر بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 2633 حاڵەتی توندوتیژی تۆمارکراوە، بە بەراوردکردنی ئاماری ئەمساڵ لەگەڵ ساڵی ڕابردوو دەردەکەوێت کە 874 حاڵەتی توندوتیژی زیادی کردووە.

### هەولێر توندوتیژترینە

ئەم زیادبوونی توندوتیژییە نزیکەی نیوەی بەر پارێزگای هەولێر دەکەوێت. بە جۆرێک لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 1351 حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان تۆمار کراوە، لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردووشدا 919 حاڵەت تۆمار کراوە. کەواتە ئەمساڵ 432 حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان لە هەولێر زیادی کردووە.

لە دهۆکیش بە هەمانشێوە توندوتیژی زیادی کردووە، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 822 حاڵەتی توندوتیژی تۆمار کراوە، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 553 حاڵەت تۆمارکرابوو. واتە 369 حاڵەت زیاد بووە.

بەڵام لە سلێمانی و ڕاپەڕین و گەرمیان توندوتیژی دژی ژنان ڕووی لە کەمی کردووە.

### تاوانە گەورەکە کەمی کردووە

پێشتر کوشتنی ژنان بە بیانووی پاراستنی شەرەفی خێزان بە تاوانێکی ئاسایی سەیر دەکرا، سزاکەشی بەپێی یاسای "پاراستنی شەرەف" زیاتر نەبوو لە 6 مانگ بەندکردن.

بەڵام دوای کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و دەرکردنی یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2011 کە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان دەناسرێت. بکوژی ژنان بەپێی مادە 406 کە تایبەتە بە "کوشتنی بە ئەنقەست" دادگایی دەکرێت، بە جۆرێک هەندێکجار سزاکەی دەگاتە ڕاددەی لەسێدارەدان.

پێناچێت ئەو یاسایە دەستی پیاوانی بە تەواوی گرتبێت بۆ کوشتنی ژنان، ئەگەرچی تاوانەکە خەریکە وردە وردە روو لە کەمبوونەوە دەکات. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 27 ژن کوژرابوون، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 25 ژن کوژراون.

هەروەها ڕێژەی خۆکوشتنیش کەمی کردووە، بە جۆرێک لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 21 ژن خۆیان کوشتووە، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 13 ژن خۆیان کوشتووە.

ڕێژەی سووتان لە هەردوو شەش مانگی ئەمساڵ و ڕابردوودا وەکو خۆیەتی و 118 حاڵەت بووە، بەڵام ڕێژەی خۆسووتاندن کەمی کردووە. بە جۆرێک لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 73 ژن خۆیان سووتاندووە، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 44 ژن خۆیان سووتاندووە.

### ڕۆژانە 19 ژن سکاڵا تۆمار دەکەن

لەناو ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، کێرڤی ئامارێک ساڵ بە ساڵ لە بەرزبوونەوەدایە، ئەویش ئاماری سکاڵای ژنانە.

چالاکڤانانی بواری ژنان دوو خوێندنەوەیان هەیە بۆ زیادبوونی ئەو ئامارە، هەندێکیان هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ هۆشیاربوونەوەی ژنان، بەڵام هەندێکیشیان پێیانوایە زۆربوونی سکاڵا ئاماژەیە بۆ زۆربوونی توندوتیژی دژی ژنان.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 3232 سکاڵا لەلایەن ژنانەوە تۆمارکراوە، واتە ڕۆژانە نزیکەی 19 ژن سکاڵایان تۆمار کردووە.

زۆرترین سکاڵاش لەلایەن ژنانی هەولێرەوە تۆمار کراوە کە 1267 سکاڵا بووە، هەروەها 777 ژن لە دهۆک، 569 ژن لە سلێمانی، 394 ژن لە گەرمیان، 147 ژن لە ڕاپەڕین و 78 ژن لە سۆران سکاڵایان تۆمار کردووە.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ئاماری سکاڵا تۆمارکردنی ژنان لەمساڵدا بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو لە ڕاپەڕین و گەرمیان کەمی کردووە و لە سلێمانیش تەنیا دوو سکاڵا زیاتر بووە. بەڵام لە هەولێر ڕێژەی تۆمارکردنی سکاڵا 15% زیادی کردووە.

### دەستدرێژی لە سلێمانی زیادبووە

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 75 حاڵەتی دەستدرێژی دژی ژنان تۆمار کراوە کە بەمجۆرە بووە (سلێمانی 35 حاڵەت، دهۆک 17 حاڵەت، ڕاپەڕین 12 حاڵەت، گەرمیان 5 حاڵەت).

بەڵام بەراورد بە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان کەمی کردووە. ساڵی ڕابردوو 81 حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان تۆمارکراوە کە بەم جۆرە بووە: (سلێمانی 39، ڕاپەڕین 24، دهۆک 10، هەولێر 7 و گەرمیان 1 حاڵەتی دەستدرێژی).

### بەپێی یاسا چی بە توندوتیژی دادەنرێت؟

- هاوسەرگیری بەزۆر
- ژن بەژن و منداڵ بەشوودان
- بەشوودان لەبری خوێن
- لێکجوداکردنەوەی بەزۆر
- بڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی
- مێرد ژنەکەی ناچار بە بەدڕەوشتی و داوێنپیسی بکات
- خەتەنەکردنی مێیینە
- ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ وازهێنان لە وەزیفە
- ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن
- خۆکوشتن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان
- لەباربردن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان
- لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ بە هەر بیانوویەک
- سووکایەتی، جنێودان، بە کەم سەیرکردن و ئازاردان و گوشاری دەروونی و پێشێلکردنی مافەکانی و بەزۆر سەرجێیی.



### ئاماری توندوتیژی دژی ژنان (شەش مانگی یەکەمی 2014)

| کۆی گشتی | دەستدرێژی | سکاڵا | خۆسووتاندن | سووتان | خۆکوشتن | کوشتن | شوێن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1351 | 6 | 1267 | 18 | 44 | 6 | 10 | هەولێر |
| 822 | 17 | 777 | 14 | 9 | 2 | 3 | دهۆک |
| 639 | 35 | 569 | 7 | 21 | 3 | 4 | سلێمانی |
| 420 | 5 | 394 | 2 | 15 | 2 | 2 | گەرمیان |
| 178 | 12 | 147 | 3 | 13 | 0 | 3 | ڕاپەڕین |
| 97 | 0 | 78 | 0 | 16 | 0 | 3 | سۆران |
| 3507 | 75 | 3232 | 44 | 118 | 13 | 25 | کۆی گشتی |

### ئاماری توندوتیژی دژی ژنان (شەش مانگی یەکەمی 2013)

| کۆی گشتی | دەستدرێژی | سکاڵا | خۆسووتاندن | سووتان | خۆکوشتن | کوشتن | شوێن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 919 | 7 | 800 | 28 | 55 | 13 | 16 | هەولێر |
| 553 | 10 | 499 | 26 | 14 | 0 | 4 | دهۆک |
| 644 | 39 | 567 | 8 | 24 | 4 | 2 | سلێمانی |
| 245 | 1 | 223 | 5 | 9 | 4 | 3 | گەرمیان |
| 272 | 24 | 224 | 6 | 16 | 0 | 2 | ڕاپەڕین |
| 2633 | 81 | 2313 | 73 | 118 | 21 | 27 | کۆی گشتی |

### سووتا یان خۆی سووتاند؟

# "بێزاری" گەوهەری بەرەو مەرگ برد



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – ڕانیە**

لە گەڕەکی کێوەڕەشی شارۆچکەی ڕانیە، کچێک بەهۆی ئاگرەوە گیانی لەدەستدا، کەسوکارەکەی ڕووداوەکە بە قەزا و قەدەر ناو دەبەن، بەڵام پۆلیس دەڵێت کچەکە خۆی سووتاندووە.

ڕۆژی 18/8/2014 کچێکی تەمەن 22 ساڵ بە ناوی (گەوهەر.س)، کە دانیشتووی گەڕەکی کێوەڕەشی قەزای ڕانیە بوو، بەهۆی ئاگرەوە سووتا.

کەسێکی نزیکی خێزانی گەوهەر کە حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەوان سەریان سوڕماوە لە ڕووداوەکە، چونکە دەڵێت گەوهەر کچێکی بێ کێشە بووە و زۆر خۆشەویستیش بووە لە نێو بنەماڵەکەی "نە کێشەی ئابووری هەبوو، نە سۆزداری".

بەپێی قسەی ئەو کەسە، ئەو کاتەی گەوهەر سووتاوە تەنیا دایکی لە ماڵەوە بووە، ئەویش فریای نەکەوتووە ڕزگاری بکات. ئەو کەسە گومان دەکات سووتانی ئەو کچە پەیوەندی بە نەخۆشییەکەیەوە هەبێت "هەستمان پێدەکرد، کەمێک تووشی نەخۆشی دەروونی بووبێت، کە ساڵێک پێش ئێستا کەسێکی دیکە لە خێزانەکەیان سووتا، ئەو خۆی ئاگرەکەی کوژاندبووەوە، هەروەها سەیری تەرمی برایەکی خۆی کردبوو کە کوژرابوو، بۆیە قەت ئەو دوو ڕووداوەی لەبیر نەدەکرد".

بەپێی قسەی ئەو کەسە، گەوهەر هەر کاتێک ئینتەرنێتی کەوتبایە بەردەست سەیری وێنەی ترسناک و جەستەی سووتاو و شێواو و تەرمی دەکرد، بەڵام گومانی هەیە گەوهەر خۆی سووتاندبێت و گوتی "تا ئێستا ڕووداوەکە ڕوون نییە، بۆیە ناڵێین خۆی سووتاندووە. ئێمە بە قەزا و قەدەری دەزانین".

دراوسێیەکی گەوهەر کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی کەسایەتی ئەو کچەی کرد و گوتی "گەوهەر نهێنی خۆی بۆ کەس باس نەدەکرد، کچێکی کەمدوو بوو، سەنگین بوو، زۆر ڕێزی دراوسێکانی دەگرت، بۆیە سەرمان سوڕماوە کە بۆچی خۆی سووتاند".

مقەدەم حەسەن حاجی ڕەشید، بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ڕاپەڕین ڕایگەیاند، ئەو کچە کە کچی ماڵەوەیە، کاژێر 4ی بەیانی نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کرا، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە گیانی لە دەستدا.

بەپێی قسەی مقەدەم حەسەن، لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا دەرکەوتووە کە ئەو کچە خۆی ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە و کەس دەستی لە ڕووداوەکەدا نییە، بۆیە کەسیش دەستگیرنەکراوە.

بەر لەوەی گیان لەدەست بدات، پۆلیس لە گەوهەری پرسیوە کە بۆچی خۆی سووتاندووە، ئەویش گوتوویەتی "سکاڵام لەسەر کەس نییە و کەس غەدری لێنەکردووم، من بێزار بووم لە ژیان، بۆیە خۆم سووتاند".

### 20 ڕووداو لە دوو مانگدا

دوو مانگی ڕابردوو پڕ لە ڕووداوی ناخۆش بوون لە دەڤەری پشدەر و بیتوێن، پشکی ڕووداوەکانیش بەر ژنان کەوتووە.

تەها محەممەد گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "20ی حوزەیران تاوەکو 21ی ئاب، واتا لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، نزیکەی 20 ڕووداوی جۆراوجۆر لەوانەش کوشتن، خۆکوشتن، سووتان، خۆسووتاندن، خنکان، خۆخنکاندن هەبووە کە لە بنکە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی چارەسەر و ڕێکاری پزیشکییان بۆ کراوە". هەروەها گوتی "لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردوودا 90 تەرمی ڕووداوی جۆراوجۆر گەیەندراونەتە فەرمانگەی پزیشکی دادوەری لە ڕانیە و قەڵادزێ".

## دوو گەنج دەخنکێن



**ڕووداو – هەولێر**

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی پۆلیسی هەولێر ڕۆژی 2014/8/22 گەنجێکی تەمەن 35 ساڵ بە ناوی ئەرکان عەبدولنەعیم محەممەد، کە دانیشتووی کۆمەڵگەی لاوانی هەولێرە، کەوتووەتە نێو ئاوی گوندی بۆگرد لە کۆیە و خنکاوە. هەروەها ئێوارەی هەمانڕۆژ گەنجێکی تەمەن 28 ساڵ بە ناوی سەرباز قادر، دانیشتووی ناحیەی دارەتوو، کە لەگەڵ هاوڕێکانی چوو بووە گەشت لەسەر زێی کەڵەک، دەکەوێتە ناو ئاوەکە و دەخنکێت. تەرمی هەردوو خنکاو تاوەکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە، تیمەکانی بەرگری شارستانی بە دوای تەرمەکاندا دەگەڕێن.

### سەنتەرێک کێشەکەیان بۆ چارەسەر دەکات

# چەند کچێک بە بەڵێنی هاوسەرگیری لەخشتە دەبرێن



**ژیان سابیر**
**ڕووداو – سلێمانی**

لە سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزانی، ژمارەیەک دۆسیەی فریودانی کچان بەڕێوەبەری سەنتەرەکەی سەرقاڵ کردووە، بەڵام کێشەی گەورە لەبەردەم چارەساز و توێژەران، تەمەنی ئەو کچانەیە کە بوونەتە قوربانی. چونکە بەهۆی ئەوەی 18 ساڵیان تەواو نەکردووە، ناتوانرێ چیرۆکەکانیان بگەیێنرێتە سەرمێزی دادوەر.

(ش.م) کچێکە لەوانەی ناچاربوو پەنا بباتە بەر ڕێکخراوێک یان سەنتەرێکی بەرگریکار، بەڵام بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە. ئەو سەرەتا لە فەیسبووک کوڕێکی ناسی. ناسینەکەیان بە قسە و هەواڵی خۆش دەستیپێکردووە، بەڵام کۆتاییەکە ئەوی گەیاندە نێو ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورە "دوای چەندجار یەکتر بینین لەگەڵ کوڕەکەدا، بڕیارماندا ئەو پەیوەندییە بۆ هاوسەرگیری بێت، چەند جارێک داوای کرد لە شوێنێکی ئارام یەک ببینین".

ئەو کچە تەمەنی 18 ساڵی تەواو نەکردووە، دان بە هەڵەی خۆیدا دەنێت کە ڕۆژێک کاتێک کەس لە ماڵەوە نەبووە پەیوەندی بە کوڕەکەوە کردووە و کاتێک کوڕەکە چووەتە ماڵیان، پەیوەندییە سۆزدارییەکە یان سەر دەکێشێت بۆ داوکاریی دیکە و هەر لەوێ کچێنی خۆی لەدەست دەدات، هەر ئەوەش وایکردووە ئێستا (ش.م) خۆی بە نائومێدترین کچی دونیا بزانێ، چونکە وەک ئەو باسیدەکات، کێشەکان تەنیا بۆ کچەکە بەجێماوە.

د.سامان سیوەیلی، مامۆستای زانکۆ و توێژەی کۆمەڵایەتی لە سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزان، دەڵێ ئێستا نموونەی (ش.م) زۆرن کە هەر لەتەمەنی هەرزەکاریدا دەکەونە داوی هاوسەرگیری و دواتریش دەبێ "قوربانییەکی گەورە بە ژیانیان بدەن بۆ ئارەزووە سێکسییەکانی کوڕان".

سامان سیوەیلی، دەربارەی ئەو جۆرە پەیوەندییانە دەڵێت ئەم جۆرە پەیوەندیانە زۆرن و ئەوەی (ش) لەبەر ئەوەی تەمەنی نزیکە لە 18 ساڵ، پێویستی دەکرد خێزانەکەی ئاگادار بووایە "بەڵام لەبەر ئەوەی کێشەی گەورەتری لێدروست دەبێت، ئەم جۆرە کێشانە ئاشکرا ناکرێن و لە کۆتاییدا تاکە قوربانی هەر کچەکە دەبێت".

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ڕێکخراوەکانی ژنان و سەنتەر و بنکەکانی داڵدەدانی ژنانەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، بەشێک لەو کچانەی داوای داڵدەدانیان کردووە، یان لە دەست خێزانەکانیان هەڵاتوون، بەهۆی ئەوە بووە کە دەستدرێژییان کراوەتە سەر، یان فریودراون. ئێستا ئەو کچانە کێشەی لەدەستدانی پەردەی کچێنی یان دووگیانبوونیان هەیە.

هەندێک لەو کچانە هەوڵدەدەن بەرێگای دانانەوەی پەردەی کچێنی، دەرفەتی گەڕانەوە بۆ نێو ژیانی ئاسایی بدۆزنەوە، بەڵام سامان سوەیلی دەڵێ دانانەوەی پەردەی کچێنی بەدەر لەوەی لە دەرەوەی کاری ئێمەیە، چونکە دەبێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ پەیوەندیی دیکە "دواتر جۆرێک لە بێ متمانەیی دروست دەکات لە کاتی هاوسەرگیری لە نێوان کوڕان و کچاندا، جگە لەوەی کچەکە بۆ هەتا هەتایە لە کێشەیەکی دەروونیدا دەمێنێتەوە".

هەروەها باس لە ڕۆڵی دەرونناسان دەکات لە کەمکردنەوەی ئەم حاڵەتانە و پێیوایە هاوکاریکردن و خزمەتگوزاریی دەروونی بۆ هەردوو ڕەگەز بەتایبەت لەڕووی ڕۆشنبیرکردن و ئاگادارکردنەوەی کچان لە پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان، لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن "چونکە بەشێک لەو حاڵەتانە لە ڕێگەی پەیوەندی ئەلکترۆنییەوە دروست بوون".

پارێزەر فەرهاد محەممەد لە دادگای سلێمانی دەڵێت ئامارێکی فەرمی نییە لەبارەی گێچەڵ و دەستدرێژی، چونکە ئەم تاوانە هێشتا بەهۆکاری کۆمەڵایەتی پەردەپۆش دەکرێ، ئەویش لە ترسی باوک و برا و خزم و کەسوکار و دروستنەبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکە بۆ پاراستنی پێگە و ئاستی کەسایەتی خۆیان و ناوەنەزڕاندنیان "ناچارن ئەو کێشانە نەجوڵێنن و نەیبەنە بەردەم دادگاکان و سەنتەرەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان".

فەرهاد، باسی ڕێوشوێنە یاساییەکان دەکات و دەڵێ، هەرکەسێک کچێک فریوبدات بەمەرجێک 18 ساڵی تەواو کردبێت، بەڵێنی هاوسەرگیری بەکاربهێنێت و پاشان سێکسی لەگەڵدا بکات، دوای ئەوە پەشیمان بێتەوە و دەستبەرداری ئافرەتەکە ببێت "ئەوا سزاکەی بریتییە لە بەندکرن کە لە 5 ساڵ کەمتر نییە".

بەبۆچوونی دەروونناسان، هاتنی ئاوارە عەرەبەکان بۆ باشووری کوردستان کارەساتێکی مرۆیی گەورەیە و تەشەنەکردنی لەشفرۆشی بەوهۆیەوە بە دوور نازانن، داوا لەگەنجان دەکەن خۆیان لە خراپ کەڵک وەرگرتن لە ئاوارەکان بپارێزن. ئەوان هێما بۆ چەند حاڵەتێکی لەو جۆرە دەکەن کە لە کەمپەکاندا ڕوویانداوە.

بەپێی ئامارێکی سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزانی، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 25 حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر کچان لای ئەوان تۆمارکراوە، کە قوربانیەکانی لە نێوان 15 بۆ 21 ساڵیدا بوون. دوایین حاڵەتیش پەیوەندی نێوان کچێکی تەمەن خوار 18 ساڵ بووە لەگەڵ پیاوێکی خێزاندار کە دواتر کچەکە دووگیان بووە.

سامان سیوەیلی گوتی ئەو کچانەی لەو تەمەنانەدا تووشی ئەو حاڵەتانە دەبن، کاریگەری سۆز زاڵترە بەسەریاندا، هەندێکی دیکەشیان کاریگەرییە سێکسییەکان زاڵترە "هەروەها لە ژێر کاریگەری ئەو سایت و پێگە ئەلیکترۆنیە سێکسیانەن کە دواتر بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆیان پێ ناگیرێت و بەشێوەیەکی پراکتیکی لە ژیانی خۆیان تاقیدەکەنەوە".

# کەڕولاڵێک پیاوێک دەکوژێت



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

لە ناحیەی شکارتەی سەر بە قەزای ڕانیە، کێشە دەکەوێتە نێوان دوو کەس. لە ئەنجامدا یەکێکیان کە خاوەن پێداویستی تایبەتە و کەڕ و لاڵە، بە چەقۆ هێرش دەکاتە سەر ئەوی دیکەیان و سێ چەقۆی لێدەدات و برینداری دەکات، دواتر بریندارەکە لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات.

شەوی 2014/8/21 لە کۆمەڵگەی شکارتەی سەر بە قەزای ڕانیە پیاوێک بەناوی (عەلی حەمەد عەلی) لەلایەن کوڕە پوورێکی خۆی بە ناوی (عومەر.م) کە کەڕ و لاڵە دەدرێتە بەر چەقۆ و دەکوژرێت. دواتر تۆمەتبارەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێت.

کاتێک حەسەن عەلی، مامی عەلی لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکرێتەوە یەکسەر دەچێتە نەخۆشخانە، بەڵام تاوەکو دەگاتە ئەوێ برازاکەی گیان لەدەست دەدات. حەسەن گوتی "شەو لە کۆڵان کێشە لە نێوانیاندا دروستبووە، دواتر برازاکەم لەلایەن کوڕە پوورەکەی دراوەتە بەر چەقۆ و کوژراوە".

حەسەن کە خاڵی بکوژەکەشە هەروەها دەڵێت "پێشتر هیچ کێشەیەک لە نێو خێزانەکانماندا نەبووە، لەم ماوەیە برازاکەم خانووی دروستکرد، کوڕە پوورەکەی (بکوژەکە) 10 ڕۆژ بەبێ بەرامبەر هاوکاریی کرد".

بەو پێیەی ئەوان خزمی نزیکی یەکدین، بیریان لە تۆڵەکردنەوە نەکردووەتەوە، حەسەن گوتی "تاوەکو دوای پرسە هیچ بڕیارێک نادەین، ئەوکاتیش یاسا سەرپشک دەکەین کە چ بڕیارێک دەدات".

بەڵام کەسوکاری بکوژەکە بەشدارییان لە پرسەکەدا نەکرد. حەسەن گوتی "ئەوان ترسیان هەبووە لە کاردانەوەی ئێمە، بەڵام هەوڵدەدەین هیچ کارێک نەکەین کە خودا و دین پێی ناخۆش بێت، ئێمە ناخۆشیمان لەگەڵ کەسدا نییە و تەنانەت کۆترێکی کەس بەدەستی بنەماڵەکەمان نەکوژراوە، کەس پەنجەی منداڵێکی بریندار نەکردووین بە ناخۆشی و ئەوە یەکەم حاڵەتی کوشتنە لە نێو خێزانەکەمان ڕوودەدات".

(ڕووداو) چەند جارێک هەوڵیدا بە تەلەفۆن پەیوەندی بە خێزانی تۆمەتبارەکەوە بکات، بەڵام پەیوەندییەکان بەردەست نەبوون.

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "کوڕێکی تەمەن 25 ساڵ کە پیشەی کاسبە و دانیشتووی کۆمەڵگەی شکارتەیە و خێزاندارە، لەلایەن پیاوێکی تەمەن 29 ساڵ بەر چەقۆ دراوە و بە برینداری گەیەنراوەتە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەی گیانی لە دەستدا".

ناوبراو گوتیشی "بکوژ سێ چەقۆی لە کوژراوەکە داوە، دوای ڕووداوەکە یەکسەر دەستگیرکرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەڕ و لاڵە نازانرێت لەسەر چی کوشتوویەتی، ئێستا بەپێی مادەی 406 لە یاسای سزادانی عێراق دەستگیرکراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت".

تەها محەممەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەنجامدانی پشکنین و توێکاری پزیشکی داد، دەرکەوت ئەو گەنجە سێ چەقۆی لێدراوە و دوای ماوەیەکی کەم بەهۆی قووڵیی برینەکەی گیانی لەدەستدا".



**ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر**

# ناپاکیی هاوسەری

ڕەنگە بەلای خوێنەرانەوە سەیر بێت کە پیاوێک ژنەکەی بباتە لای پۆلیس و سکاڵای لەسەر تۆماربکات و بڵێت ژنەکەم "ناپاکیی" لەگەڵ کردووم. پیاوەکە بە ئەفسەری لێکۆڵینەوەی گوت کە بەڵگەی هەیە ژنەکەی خیانەتی لێکردووە و دەستی لەگەڵ دراوسێیەکیان تێکەڵ کردووە. وەک ئەو پیاوە دەڵێت، براکەی بینیویەتی کە ژنەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ دراوسێکەیان لەبەردەرگا وەستاوە.

پیاوەکە قسەی براکەی بە ئاسایی وەرگرتووە، بەڵام چاودێریی خستووەتە سەر ژنەکەی و بینیویەتی بەردەوام مەسج دەنێرێت، کە لێشی پرسیوە نامە بۆ کێ دەنێری؟ جارێک گوتوویەتی بۆ دایکم و جارێک گوتوویەتی بۆ خوشکم. پیاوەکە بەردەوام دەبێت لە چاودێریکردنی ژنەکەی. تاوەکو جارێکیان نامەیەکی بۆ دێت، وەک پیاوەکە گوتی "نامەکە لەلایەن دراوسێکەمان هاتبوو، داوای ژووانی لێکردبوو لە نیوەشەودا، بۆیە منیش دوو زللەم لێدا و گوتم دیارە تۆ کاری سەرجێیشت لەگەڵ ئەو پیاوە کردووە، ئەویش یەکسەر دانی پێدانا، بەڵام بە قسەی خۆی گوتی لەژێر هەڕەشەدا ئەو کارەی کردووە".

ئینجا نۆرەی قسەی ژنەکە هات و ئەویش لەبەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوەدا گوتی "بەڵێ ڕاستە خیانەتم لە پیاوەکەم کردووە، بەڵام لەژێر هەڕەشەدا بووە، ڕۆژێکیان لەبەردەرگا وەستابووم، دراوسێکەمان بە مۆبایل وێنەی گرتم، پاشان هەڕەشەی لێکردم کە وێنەکەم دەستکاری دەکات و لە فەیسبووک بڵاوی دەکاتەوە، ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ دانەنێم".

ژنەکە دانی بەوەدا نا کە کارێکی هەڵەی کردووە و دەبووایە کەسوکارەکەی ئاگادار بکاتەوە، بۆیە گوتی هەر سزایەک بدرێت ئەو ئامادەیە قبوڵی بکات.

دۆسیەی ئەو ژنە ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی خێزانی کرا، دادوەر بڕیاری بەندکردنی ژنەکەی دا بەپێی مادە 377 لە یاسای سزادانی عێراقی. هەروەها بڕیاری دەستگیرکردنی دراوسێکەشی بەپێی هەمان مادە درا. هەرچەندە دراوسێی ژنەکە حاشای لەوە کرد کە هەڕەشەی لە ژنەکە کردبێت و گوتی "بە ئارەزووی هەردوولا بووە".

بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو کێشەیە و هەڕەشەکە ڕاست بێت، ئافرەتەکە سوودی لێوەربگرتایە، دەبووایە داوایەک لەسەر دراوسێکەیان تۆمار بکات، یاخود کەسێکی نزیکی خۆی ئاگادار بکردبایەوە.

لێکۆڵینەوەکان هەر بەوەندە کۆتاییان نەهات. بەڵکو شووبرای ژنەکەش وەکو شایەتحاڵ بانگ کرا، ئەویش گوتی ڕۆژێکیان دەچوومە ماڵی براکەم، براژنەکەم بینی لەگەڵ دراوسێکەیان ڕاوەستاوە و قسە دەکات. من گومانم بۆ دروستبوو، بۆیە براکەم ئاگادار کردەوە و پێمگوت چاودێری بکات.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای سزای عێراقی کە مادەی (377) تایبەتە بە سزادانی ئەو ژن و پیاوانەی خیانەتی هاوسەری دەکەن، تەنیا بۆ ژن و مێرد هەیە سکاڵا تۆمار بکەن و مافی کەسی دیکەی تێدا نییە.

*** بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر**

120 ناوچەی شوێنەواریی لێیە

# شوێنەوارەکانی شنگال لە ژێر هەڕەشەی داعشدان



**جەمال ئەحمەد و یوسف ئەحمەد**
**ڕووداو- سلێمانی، دهۆک**

پاش کۆنترۆڵکردنی پارێزگاکانی نەینەوا و سەلاحەدین و ناوچەکانی دیکەی عێراق لەلایەن چەکدارانی ئەوەی پێیدەگوترێ "دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام"، شوێنەوارەکان بوونە یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی ئەو چەکدارانە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە بەپەلە کەوتنە خۆ بۆ پێشاندانی روخساری ئیسلامیانەی ئەو دەوڵەتەی ناویان لێناوە خەلافەت.

چەکدارەکانی داعش بە تەقاندنەوەی پەرستگا و نزرگە و شوێنە دێرینە ئاینییەکان دەستیانپێکرد کە هەندێکیان بەهایەکی مێژوویيان هەیە سەرەڕای بەپیرۆز تەماشاکردنیان لەلایەن کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا. پاش روو وەرگێڕانی چەکدارانی داعش بەرەو هەرێمی کوردستان، شوێنەوارەکانی کورد و کەمینەکانی دیکە کەوتنە بەر مەترسی.

لە سنووری ئیدارەی گەرمیان، کە یەکێکە لە ناوچەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش و شەڕ تێیدا درێژەی هەیە، بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان دەڵێ چەکدارانی داعش هێشتا دەستیان رانەگەیشتووە بە تێکدانی شوێنەوارەکانی سنوورەکەمان "تەنیا زیانیان بەو گرد و تەپۆڵکە شوێنەوارییانە گەیاندووە کە کردوویانەتە مۆڵگە".

شکور حەمە، بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، پێیوایە ئەوان پێویستیان بەکات هەیە بۆ ئەوەی بەباشی لەوە تێبگەن شوێنەوارەکانی ناوچەی جەلەولا و سەعدیە چییان بەسەرهاتووە "تاوەکو چەکدارانی داعش لە ناوچەکانی سنووری جەلەولا وەدەرنەنێرن نازانین لەو سنوورەدا چی بەسەر شوێنەوارەکان هاتووە".

بەپێی ئامارەکان، زیاتر لە 4000 ناوچەی شوێنەواری لە کوردستاندا هەن. تاوەکو ئێستاش چەند جارێک تیمە بیانییەکان بەمەبەستی کنە و پشکنین هاتوون تاوەکو بەدوای شوێنەواری دیکەدا بگەڕێن. بەڵام هەندێک لەو شوێنانە دەکەونە ناوچە ئازادکراوەکانی دوای رووداوی نەینەوا کە پاشتر هەندێک لەو ناوچانە کەوتنەوە دەست چەکدارانی داعش.

نادر بابەکر، بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر، دڵخۆشە بەوەی کە چەکدارانی داعش دوای ئەوەی دەستیان بەسەر مەخموور و گوێڕدا گرت، نەیانپەرژاوەتە سەر ئەوەی شوێنەوارەکان تێکبدەن و دەڵێ لەوەتەی شەڕ دەستی پێکردووە، لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان چەکدارانی داعش تەنیا دەستیان گەیشتە سنووری قەزای مەخموور و ناحیەی گوێر "زۆربەی شوێنەوارەکانی ئەوێش تەنیا گرد و تەپۆڵکەی شوێنەوارین، بەڵام زیانیان پێنەگەیشتووە".

هەر لەو دوو ناوچەیەی نادر بابەکر باسیدەکات، دوو قشڵە هەن کە مێژوویەکی کۆنیان هەیە و بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێنەوە، ئەوان دەستیان بە نۆژەنکردنەوەی قشڵەکان کردبوو کاتێک چەکدارانی داعش بۆ ماوەی چەند رۆژێک دەستیان بەسەردا گرت، بەڵام هیچ دەستکارییان نەکردووە "پێدەچێت دەرفەتی ئەوەیان نەبووبێ تێکیبدەن".

بەڵام مەترسی لەسەر شوێنەوارەکانی ناوچەی شنگال هەیە کە هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعشدان. شوێنەوارناسان دەڵێن ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری گرنگ لەو ناوچەیە هەن کە بەشێکیان بۆ 4 هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێنەوە.

ڕۆستەم شنگالی، سەرپەرشتیاری شوێنەوارەکانی شنگال، باس لە 120 شوێنەواری مێژوویی دەکات لەو ناوچەیە و دەڵێ دوای هاتنی چەکدارانی داعش "ئێستا مەترسی گەورەیان لەسەرە". ناوبراو گوتی داعش چەند شوێنەوارێکی رووخاندووە و هێما بۆ تەقاندنەوەی مەزاری (سەیدە زەینەب) و قوبەی (پیرێ ئەورا) دەکات کە رۆژی 7ی ئاب لەلایەن چەکدارانی داعش تەقێندرانەوە.

بەقسەی شنگالی، بەهۆی ناهۆشیاریی هەندێک خەڵک، شوێنەوارەکان مەترسییان لەسەرە و نموونە بە (سووری رۆمانەکان) دێنێتەوە کە درێژییەکەی 3400 مەترە و چوار دەرگای هەیە "لەلایەن کەسێکەوە دەرگایەکی رووخێنراوە".

بەدرێژایی مێژوو، شنگال رۆڵی هەبووە لە بواری سیاسی و بازرگانی و شوێنەوارەکانیش بەرهەمی ئەو رۆڵە مێژووییەن. ڕۆستەم شنگالی دەڵێت "120 شوێنەواری گرنگ لە ناوچەی شنگالن هەن کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی سۆمەری و ئاشووری و میدی و رۆمانی و ئیسلامی. میرەکانی میدییەکان و ئەیوبییەکان و ئەتابەکییەکان حوکمی ئەو ناوچەیان کردووە". گوتیشی منارەی شنگال لە ساڵی 1219 دروستکراوە.

هەروەها ئاماژە بە چەند ناوچەیەکی دیکەی شوێنەواری دەکات لە چیای شنگال لەوانەش کۆشکی کاخان کە دەگوترێ 6700 ساڵ پێش زایین دروستکراوە، پەرستگای سێرکا 4 هەزار و 500 ساڵ پێش زایین، واتە سەردەمی ئاشوورییەکان دروستکراوە کە گۆڕی (شا قاچ راڵ) هەر لەنێو ئەو پەرستگایەدایە.

# ساڵانە 7 هەزار خێزانی نوێ لە سلێمانی دروست دەبن

**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

لێپرسراوی کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان، پێیوایە ئێستا باشترین دۆخە بۆ ئەوەی یەکەکانی نیشتەجێبوون دابەشبکرێن بەسەر خەڵکی کەمدەرامەتدا، چونکە وەک ئەو باسیدەکات، هاتنی ئاوارە عەرەبەکان بە لێشاو وایکردووە "ئێستا خاوەنی خانوو کرێنشینە نێوخۆییەکانی خۆمان دەردەکەن و دەیدەنە عەرەب".

هاتنی سەتان خێزانی ئاوارەی عەرەب، دواتریش ئاوارەبوونی هەزاران خێزانی ئێزدی و کوردی شەبەک و مەسیحی، هێندەی دیکە باری کرێنشینان و کەمدەرامەتانی نێوخۆیی باشووری کوردستانی قورسترکرد. چونکە ئاوارە عەرەبەکان ئامادەن کرێیەکی زۆر بدەن بۆ ئەوەی نەچنە کەمپ کە ئەوەش خاوەنی خانووەکان هان دەدات، کرێچییەکانی خۆیان ناچار بکەن خانووەکانیان چۆڵ بکەن.

گوڵزار مەحموود، بەرپرسی کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان، ئاگای لە حاڵی کرێنشینانی ناوخۆیە و دەڵێت دەبێت ڕێگە لەم بارودۆخە بگیرێت "ئەگەر ئاوارەی عەرەب نەچنە کەمپەکانەوە، دەبێت ئەم کارە بە زۆر بکرێت، چونکە هاووڵاتیانمان دەبنە ئاوارە لە شاری خۆیاندا".

قادر محەممەد، یەکێکە لەوانەی خاوەنی خانووەکەی دەریکردووە و هەر ڕۆژێک دواتر بە چاوی خۆی بینیویەتی 3 ماڵی عەرەب چوونەتە نێو ئەو خانووەی ئەوی تێدا بووە "چونکە ئەوان کرێی زیاتریان دەدا".

ئەو هاووڵاتییە دەڵێ مانگانە بڕی 350 هەزار دیناری داوەتە کرێی خانووەکە، بەڵام ئێستا ئەو 3 خێزانە عەرەبە مانگی 900 هەزار دینار دەدەن "ئیدی خاوەنی خانوو چۆن ئێمە دەرناکات؟".

کێشەی نیشتەجێبوون لە شارەکانی باشووری کوردستان خەریکە وەک دومەڵێکی گەورەی لێدێت. ماوەی 6 مانگە گەمارۆیەکی ئابووری لەلایەن حکومەتی بەغداوە خراوەتە سەر حکومەتی باشووری کوردستان و بودجەی بۆ نانێرێت، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی وەبەرهێنەران پرۆژەکانیان بوەستێنن، بە تایبەتی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون.

بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی، بە هێماکردن بۆ عەرەبە ئاوارەکان، ڕەتیکردەوە بەخێزانێک بگوترێ ئاوارە کە ئامادەبێت مانگانە 600 بۆ 700 دۆلار بداتە کرێی خانوو "ئاوارە ئەوەیە بچێتە کەمپ". مەحموود عوسمان گوتیشی "بەداخەوە دەوڵەمەندەکان و خاوەنی خانووەکان، هاوکارنین و ئەوانیش بەشدارن لەو دۆخە".

بەپێی ئامارەکانی کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان، پێش دەستبەسەرداگرتنی پارێزگای نەینەوا لەلایەن داعش و هاتنی ئەو هەموو ئاوارەیە بۆ باشووری کوردستان، نزیکەی 85 هەزار خێزان لە باشووری کوردستان کرێنشین بوون و 29 هەزاریان لە پارێزگای سلێمانی بوون. بەڵام ئێستا ژمارەکە زۆر زیاتر بووە.

زیاتر لە ساڵێک لەمەوبەر لە سلێمانی 27 هەزار فۆرم بەسەر کەمدەرامەتانی سلێمانیدا دابەشکرا، بۆ ئەوەی یەکەی نیشتەجێبوونیان پێبدرێت، کە لەچەند شوێنێکی جیاواز دروستکراون، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو یەکانە وەک خۆیان ماونەتەوە و خەڵک هەر چاوەڕێن.

مەحموود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی دەڵێت خەریکی پێداچوونەوە و وردبینین لە فۆرمەکاندا "بۆ ئەوەی یەکەکان بدرێنە خەڵکی موستەحەق". ناوبراو هەروەها دەڵێ لەو 27 هەزار فۆرمە، 20 هەزاری دەرکەوتووە کە شیاوی ئەوەیە یەکەی نیشتەجێبوونی پێبدرێت "بەڵام بۆمان دەرکەوتووە نزیکەی 8 هەزار کەس بەڵگەنامەی پێویستیان نەبوو، تەلەفۆنمان بۆ کردوون، بۆ ئەوەی پێویستییەکانیان بهێنن".

وەک ناوبراو باسیدەکات 3620 یەکەی نیشتەجێبوون ئامادەیە دابەشبکرێت "بەڵام بۆ کەسی سوودمەند نابێت، ئەگەر ئێمە لە مانگی 9ی ئەمساڵ بتوانین دابەشیان بکەین، ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە". گوتیشی ژمارەی خێزان بەردەوام زیاتر دەبێت "بەپێی ئاماری لای ئێمە ساڵانە 7 هەزار خێزانی نوێ لە سلێمانی دروستدەبن".





کۆمپانیاکان کرێکار دەردەکەن و ماڵان وەریاندەگرن

# کوردستان هێشتا بۆ بەنگلادیشی و نیپالی وڵاتی کارە

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرباری هەموو قەیران و کێشەکانی خۆی، حکومەتی باشووری کوردستان ڕووبەڕووی لێشاوێک لە داواکاریی ئاوارەکان و بیانییەکان بووەتەوە بۆ پەیداکردنی کار. ئێستا جگە لە خەڵکی نێوخۆیی و ئاوارەکان، ژمارەیەکی زۆر لە بەنگلادیشی و ئەسیوپی و نیپالی، داوای کار دەکەن. بەڵام تاوەکو ئێستاش خەڵک خواستی لەسەر کرێکاری بیانییە و نایانەوێت کار بە کرێکاری نێوخۆیی بکەن.

حاجی کەریم، جێگری بەڕێوەبەری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، لیستێکی ناوی داواکاریی ئەو ئاوارە عەرەبانەی لەبەردەم بوو کە ماوەیەکی زۆرە ناویان تۆمار کردووە بۆ کارکردن لە ماڵ و کۆمپانیاکاندا "ئاوارە سوورییەکان زۆریان ناویان لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان تۆمار کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ کەسێک نەهاتووە داوای کارکردن لەو ئاوارانە بکات".

حاجی کەریم پێیوابوو ئاوارەکان پێویستیان بەکارکردنە "بەڵام ئەوەی ئێمە دەیزانین خەڵک حەز ناکات هیچ کام لە ئاوارەکان لە ماڵ یاخود لە کۆمپانیاکانیاندا کار بکەن، هەرچەندە نرخەکەشی کەمتر بێت". حاجی کەریم هەروەها گوتی تاوەکو ئێستا ئاوارەکانی ئێزدی و شەبەک ناوی خۆیان تۆمار نەکردووە.

هەرچەندە کرێکارانی بیانی نرخیان زۆر زیاترە لە کرێکارە نێوخۆییەکان، بەڵام حاجی کەریم دەڵێت "خەڵک گوێ بە نرخ نادەن و بیر لە باشیی ئیشکردن دەکەنەوە".

ناسک محەممەد، فەرمانبەرە و ماوەی 4 ساڵە خزمەتکارێکی نیپاڵی لە ماڵەکەیدا کار دەکات، دەڵێت "دەمێکە ئەم کچە لە ماڵەکەم کار دەکات، هیچ کێشەیەکم لەگەڵی نەبووە، ئیشەکانی زۆر بەجوانی دەکات و منداڵەکەشم بۆ بەخێو دەکات، ئەو کارانەی کرێکارێکی بیانی دەیکات کرێکاری خۆماڵی و ئاوارەکان ناتوانن بیکەن".

ناسک گوتیشی "هەرچەندە کرێکاری بیانی خەرجی زیاترە، بەڵام دەتوانی دڵنیا بیت لەوەی ئەوان کارەکانیان بەجێناهێڵن، چونکە بە گرێبەست کاریان لەگەڵ دەکەین".

حکومەت بۆخۆی بووە بەژێر باری قەرز و گەمارۆی ئابووریی بەغدا و ئەرکی قورسی ژیاندنی ئاوارەکانەوە، کەچی هێشتا 24 کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی، بە بەردەوامی کرێکاری بیانی لە وڵاتە هەژارەکانەوە دێننە ئەو پارێزگایە بۆ کاری خزمەتگوزاریی نێو ماڵان و کۆمپانیاکان.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کار و بەکارخستی کۆمەڵایەتی لە سلێمانی، لە 7 مانگی رابردووی ئەمساڵدا 652 کرێکاری بیانی هاتوونەتە سلێمانی کە 113یان لە رەگەزی نێرن و 539 یان لە رەگەزی مێن. هەر لەو ساڵەدا هەزار و 32 کەسی بیانی لە سنووری ئەو پارێزگایە ڤیزای هاتنە ناوەوەیان پێدراوە.

جەزا رەشید، نوێنەری کۆمپانیای نیۆرکز بۆ هێنانی کرێکاری بیانی، باس لەوە دەکات کە ئێستا کەمتر کرێکارە بیانییەکان دێنە هەرێمی کوردستان و زۆربەیان دەترسن لەو بارودۆخەی کە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە.

وەک ناوبراو باسیدەکات، هەندێک لەو کرێکارانەی لێرە کارەکانیان تەواوبووە، گەڕاونەتەوە وڵاتەکانی خۆیان یاخود ئەوانەی بۆ پشوو گەڕاونەتەوە، دەڵێن لەبەر ئەوەی ئێستا لە وڵاتی ئێوە شەڕە، ناوێرین بگەڕێینەوە بۆ کوردستان.

جەزا باسی لەوە کرد، هەرچەندە فەرمانبەران گلەیی نەبوونی مووچە دەکەن و باری ئابووریی خەڵک باش نییە، بەهۆی خراپی بارودۆخی ئەمنیشەوە بە گشتی ئیش کەمبووە "بەڵام هێشتا خواست لەسەر کرێکاری بیانی هەیە، چینێکی دەوڵەمەند هەیە کە پارەی زۆرە و دەیەوێت خزمەتکاری هەبێت لە ماڵەوە، یان لە کۆمپانیا و کارگە، بەڵام تا ئێستا کەس داوای کرێکاری خۆماڵی نەکردووە، چونکە هەندێک لە خەڵک بەبیانووی ئەوەی کرێکاری بیانی ئیش باشتر دەکەن و کارەکانیان بەجێناهێڵن، دەیانەوێت کرێکارە بیانییەکان کاریان بۆ بکەن".

## کوڕێ زاخۆییان بۆ پێشمەرگەیە



**غەریب مەجید- زاخۆ**

هەردوو هونەرمەندی شاری زاخۆ سەمیر زاخۆیی و عەدنان عەلی سروودێک بۆ پێشمەرگە تۆمار دەکەن.
سەمیر زاخۆیی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کوڕێ من" ناوی گۆرانییەکی هاوبەشی من و هونەرمەند عەدنا عەلییە و باس لە ئازایەتی و نەبەردیی پێشمەرگە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە کوڕەکانمان دەکەین شانبەشانی پێشمەرگە خەبات بکەن. هەر لەوبارەوە عەدنان عەلی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم گۆرانییە لە ئاواز و تێکستی هونەرمەند سەمیر زاخۆییە و وەک پشگیری و خۆشەویستی بۆ پێشمەرگەی کوردستان تۆمارمان کردووە، عادل عەلی دەرهێنەر کلیپێکی شایستەی بۆ کردووە و ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە".

## کەیهان و ئاینوور گۆرانی بۆ شنگال دەڵێن





**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە لە شارەکانی ئیزمیر و ئیستانبوڵ کۆنسێرتێکی گۆرانی و میوزیکی کوردی لەلایەن هونەرمەندان کەیهان کەلهووری و ئاینوور دۆغان سازبکرێت.

وەک هاوخەمی و پاڵپشتی بۆ ئاوارەکانی شنگال و کۆبانێ هەردوو هونەرمەندی کورد کەیهان و ئاینوور کۆنسێرتێکی گەورە لە چەند شارێکی تورکیا لە مانگی داهاتوودا سازدەکەن. کەیهان نوێترین ئاوازی خۆی بەدەنگی ئاینوور پێشکەش دەکات و لەگەڵ چەند ژەنیارێکی بەناوبانگ کۆنسێرتەکە سازدەکەن.

ئاوازدانەر و موزیکژەن کەیهان کەلهوور لە ساڵی 1963 لە خێزانێکی موزیکدۆست لە تاران لەدایکبووە. لە ساڵی 2004 هەڵبژێردراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی گرامی کە خەڵاتێکی جیهانییە.

## زەنگەنە دەیکاتە عەرەبی




**ڕووداو- ئاژانسەکان**

کچە گۆرانیبێژی کورد لانە زەنگەنە بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکی عەرەبی دەچێتە لوبنان. لانە بەدوای بەرهەمهێنێکی هونەریدا دەگەڕێت بۆئەوەی ئەرکی تۆمارکردنی گۆرانییەکەی بگرێتە ئەستۆ.

یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە لانە زەنگەنەی بە "هەیفای کوردستان" ناساندووە. لانەش دەڵێت "من یەکێکم لە شەیدایانی دەنگ و جوانی و سیحری هەیفا وەهبی، بەڵام ستایلی من جیاوازە لە ستایلی ئەو".

هەروەها گوتی "ئێستا لە کوردستان ڕەوشەکە نائارامە، بۆیە دەمەوێت لە لوبنان درێژە بەکارە هونەرییەکانم بدەم".

## پێشمەرگەکەی حەمە جەزا شێوێندراوە



**ڕووداو- هەولێر**

بڵاوبوونەوەی گۆرانی هۆکاکی پێشمەرگەی هونەرمەندی کۆچکردوو حەمە جەزا کە بەدەنگی حەمید عوسمان گوتراوەتەوە، خێزانی کۆچکردووی نیگەران کردووە و دەڵێن گۆرانییەکە شێوێندراوە.

بەرهەم حەسەن کە خوشکەزای هونەرمەند حەمەجەزایە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو گۆرانییە شێوێندراوە. هەرچی زووە دەبێت کەناڵەکان (هۆکاکی پێشمەرگە) بە دەنگی هونەرمەند حەمید عوسمان رابگرن".

بەرهەم حەسەن ڕوونکردنەوەیەکی بۆ تەواوی کەناڵەکان ناردووە و نووسیویەتی "من تەنیا یەک پرسیارم هەیە، ئایا حەمید عوسمان پرسی بە ئێمە کردووە تا ئەو سرووده ئاوا بشێوێنێت و ڕەنجی هونەرمەندێکی کۆچکردووی ئەم گەلە بە خەسار بدات. مەخابن، سەد مەخابن هیچ کەس لە بنەماڵەکەی ئێمە بەم کارە ڕازی نییە و داواکارین بەزووترین کات ئەو سرووده رابگیرێ".

## میریام خۆی بۆ داعش ڕادەهێنێ



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

گۆرانیبێژ و نمایشکاری لوبنانی میریام کلینک، مەشق لەسەر چەک دەکات، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش ببێتەوە.

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە لە پەیجی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە، میریام دەردەکەوێت کە مەشق لەسەر چەک دەکات و لەوبارەوە نووسیویەتی "من پشتگیری خۆم بۆ حیزبوڵڵای لوبنانی دەردەبڕم کە بەرەنگاری داعش دەبێتەوە، خۆم ئامادە دەکەم بۆئەوەی دژی داعش بجەنگم و ئێستا خەریکی ڕاهێنانم لەسەر چەک تا بەشێوەیەکی باشتر بەرەنگاریان ببمەوە".

میریام کلینک کە بەوە ناسراوە بەردەوام وێنەی ڕووت و وروژێنەری خۆی بڵاودەکاتەوە، بەم هەڵوێستەی بەرامبەر حیزبوڵڵای لوبنانی خەڵکی تووشی شۆک کرد.

## مادلین بە عادل ئیمام سەرسامە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەناوبانگی میسری مادلین تەبەر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە لەگەڵ عادل ئیمام ڕۆڵی بینیوە.

مانگی ڕەمەزانی ڕابردوو درامای ساحب سەعادە نمایش کرا کە مادلین تەبەر لەگەڵ هونەرمەند عادل ئیمام ڕۆڵی تێدا بینیوە. مادلین بە میدیاکانی گوت "عادل ئیمام زۆر بە من سەرسام بوو، گوتی تۆ تا ئێستا لە کوێ بوویت، ئەم هەموو بەهرە کۆمیدییەت هەیە، هەر ئەویش بوو تەلەفۆنی بۆ کردم تاوەکو بەشداری ئەم درامایە بکەم کە بووە جێی سەرسامیی بینەرانی عەرەب".

مادلین تەبەر بە ڕەچەڵەک خەڵکی لوبنانە، بەڵام چەندین ساڵە لە میسر دەژیت و ڕەگەزنامەی میسری وەرگرتووە.

## سکارلیت دەبێتە فەرەنسی



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

سکارلیت یوهانسن ئەکتەری هۆلیوود لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرای کرد کە حەز دەکات ڕەگەزنامەی فەرەنسی وەربگرێت.

بەشێکی زۆر لە خەڵکی خەون بەوەوە دەبینن ڕەگەزنامەی ئەمریکی بەدەستبخەن، کەچی سکارلیت خەون بە ڕەگەزنامەی فەرەنسییەوە دەبینێ و بە دووری نازانێت لەم ماوەیەدا داواکاری پێشکەش بە فەرەنسا بکات.

سکارلیت گوتیشی "هەست دەکەم پاریس نیشتیمانی دووەمی منە و لەوێ زۆر هەست بە خۆشی و ئاسوودەیی دەکەم، ڕەنگە نیوەی ژیانی دیکەم فەرەنسی بێت".

سکارلیت ڕەنگە کاریگەری دەزگیرانە فەرەنسییەکەی لەسەر بێت کە ڕۆژنامەنووسە و ناوی ڕۆمان دوریاکە و لەم ڕۆژانەدا یەکەم منداڵی لێی بوو.

## بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
چەند هاوڕێیەکی نوێ دەناسن شارەزاییان لەو بابەتانە هەیە کە سەرنجت ڕادەکێشن. بۆ دەستپێکردنی هەر کارێکی دارایی بەخت هاوکارییەکی باشتان دەکات. ژیانی ئەڤینداری وەکو ئەوەی ئێوە دەتانەوێ بەڕێوە ناچێت.

**گا**
جوڵە و چالاکی و خۆماندووکردن خەم و بێزارییەکانتان دەڕەوێنێتەوە، سەردانی شوێنە کۆمەڵایەتییەکان بکەن، بەهۆی پەیوەندییە نوێیەکانەوە بیرۆکەی گرنگ وەردەگرن. ماڵ پێویستی بەهەندێک گۆڕانکاری و ڕێکخستن هەیە. گرنگییەکی زیاتر بە ڕێز و متمانەی خۆتان بدەن بەتایبەت لە شوێنی کار و لەگەڵ بەرپرسانی کار.

**جمک**
کارکردن لە شوێنە قەرەباڵخەکان ئاسوودەتان دەکات، بۆ هەندێکتان ئازیزێکی تێدا دەبیننەوە. پەیوەندیتان لەگەڵ بەرپرسی کارەکەتان باشتر بکەن و متمانەیان بەدەست بهێنن. زیاتر سەرنجی چواردەورتان ڕادەکێشن کە دەبینن پەیوەندییەکی زۆر و کەسایەتییەکی بەرزتان هەیە.

**قرژاڵ**
هەر بابەتێک بە قەبارەی خۆی ببینە، ماوەیەکە شتە ساکارەکان گەورە دەکەیت و خەم و کات و بیرکردنەوەی زیاتریان بۆ تەرخان دەکەیت، ئەمەش کارەکان پەرتەوازە دەکات و کۆنترۆڵت پێناکرێت. ئەگەر بەنیازی دەستبەکاربوونن بۆ باشکردنی دەرامەت ئەوا بڕیاری خێرا بدەن.

**شێر**
لەچەند هەفتەی داهاتوودا پێویستتان بە ئاسوودەیی و خەو و پشوویەکی زیاتر هەیە، لەئێستاوە کەشی لەباری بۆ دابین بکەن. خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵ زۆر پێویستە بەتایبەت لەگەڵ نزیکەکان و ئازیزانتان. هەرچەند کارەکان کەمبوون بەڵام سەرقاڵییەکی زۆرتان پێوە دیارە.

**گوڵەگەنم**
حەز و ئارەزووەکان زیاتر دەبن و پێویستتان بە پشوویەکە، کاتی زیاتر بۆ هاوڕێ و ئازیزەکانتان تەرخان بکەن. بەئاسانی دەتوانن لەمەبەستی ئەو کەسانە تێبگەن کە دەخوازن لێتان نزیک ببنەوە. بۆ دڵنیابوون پێش هەر هەنگاوێک، بەتەواوی بیر بکەرەوە پاشان بڕیار بدە.

**تەرازوو**
هەوڵ بدەن لەگەڵ چواردەورەکەتان خۆتان بگونجێنن باشترە لەوەی پەنا بۆ ڕق و کینە ببەن. بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی یەکێک لەو کارانە دەدەن کە بیرتان لێکردووەتەوە. خەریکە گۆڕانکارییەکان دەبن بەڕاستی، چەند ڕێگایەکی بڕیاردانت لەپێشە، داوای هاوکاری لەخێزانەکەت هەڵبژاردنێکی ژیرانەیە.

**دووپشک**
ناحەزە نادیارەکان هەوڵ دەدەن کەسایەتیت بڕووشێنن، کاتێک پارێزگاری لە هێمنی خۆت دەکەیت سەرکەوتن بەدەست دێنیت. لایەنی دەسکەوت و دەرامەتتان فەرامۆش مەکەن، بەشداری لە گرفتی هاوڕێکانت مەکە کاتێک هیچ پەیوەندی بەتۆوە نییە و بەرپرسیارتان دەکەن لە دەرئەنجامەکان.

**کەوان**
پێویستیتان بۆ سۆزداری زیاتر دەبێت بەڵام دەبێت چاوەڕوانی زیاتر بکەن. هەستێکی بەهێزتان دەبێت و دەتوانن یەک لەدوای یەک کارەکان ڕێک بخەنەوە. خەیاڵەکانتان ئەوەندەی دیکە بەرفراوان دەبن، بیر لەئەنجامدانی کێبڕکێ مەکەنەوە. دەتوانی داوای هاوکاری بکەیت لەو کارانەی کە بە توانای خۆت بەڕێوە ناچێت.

**کارژۆڵە**
بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەیوەندیی سۆزداری پشت بەخۆت ببەستە نەک هاوڕێ و هاوکارەکانت. هەرچەند ڕێگەکان بێ مەترسین، بەڵام وا باشترە بە وریاییەوە هەنگاو بنێیت. سەرکەوتوو دەبیت کە لەکاتی ڕەشبینیدا هیوا بەخۆت ببەخشی.

**سەتڵ**
ڕاڕا مەبن لە باسکردنی بیرۆکە جوانەکانتان، لەلایەن بەرپرسی کارەکانتان ستایش دەکرێن. پێداچوونەوە بۆ هەموو بڕیارەکانت بکە، چارەسەری کێشەکان ئاسانە بەڵام ماندووبوونی زیاترت دەوێت. ئەگەر هەست بەکێشە دەکەیت کاتێک بۆ ئاسوودەیی بەسەربەرە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی کەس ببیتەوە.

**نەهەنگ**
ئەو کارە گرنگانەی بەنیازی ئەنجامدانیت خۆئامادەکردنێکی باشی پێویستە، وابیر دەکەیتەوە لەهەموو پرۆژەکان بگەیتە لوتکەی سەرکەوتن. لەتوانای خۆت بڕوانە و بەراوردی بکە لەگەڵ ئەو شتانەی بیریان لێدەکەیتەوە، پاشان بەئاسانی جیاوازییەکان دەدۆزیتەوە.

# داودئۆغڵو کێشەکانی پێ "سفر" دەکرێتەوە؟

**بێستوون عوسمان**
**ڕووداو- هەولێر**

لەگەڵ سەرکەوتنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی ئێستای تورکیا لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتەدا، هەردوو پۆستی سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان و سەرۆک وەزیرانی تورکیا چۆڵ بوون. بەو پێیەی دەستووری ئەو وڵاتە ڕێگە بە سەرۆک کۆمار نادات کاری سیاسی بکات.

بۆ پڕکردنەوەی ئەو دوو پۆستەش، دوای هەڵبژاردنەکەی 10ی ئابی ئەمساڵ، ناوەندی بڕیار و بەڕێوەبردنی پارتی داد و گەشەپێدان بڕیاری دا لە 2014/8/27 کۆنگرەی نائاسایی ببەستێ. ئەم ڕێکەوتەش یەک ڕۆژ پێش سوێندخواردنی یاسایی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار بە فەرمی.

دوای ئەوەش قۆناغێکی چڕوپڕی گفتوگۆ و ڕاوێژ لەناو ئۆرگانەکانی پارتی داد و گەشەپێدان دەستیپێکرد بۆ دیاریکردنی کەسایەتییەک کە لە کۆنگرەکەدا بە سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردرێت و دواتریش لەلایەن سەرۆک کۆماری نوێوە ئەرکی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی پێ بسپێردرێت.

لەو قۆناغەدا ناوی هەریەک لە عەبدوڵڵا گیول، سەرۆک کۆماری ئێستای تورکیا کە لە 2014/8/28 ماوەکەی کۆتایی دێت، ئەحمەد داودئۆغڵو، وەزیری دەرەوە، بولەنت ئارنچ، جێگری سەرۆک وەزیران و بینالی یلدرم، وەزیری پێشووی گواستنەوە و پەیوەندییەکان دەهات. بەڵام دواجار لە 2014/8/21 ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی تورکیا، دوای کۆبوونەوەی ناوەندی بڕیار و بەڕێوەبردنی پارتەکەی، ئەحمەد داودئۆغڵوی وەک تاکە کاندیدی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ سەرۆکایەتی پارتەکە ڕاگەیاند. دواتریش زۆربەی بەرپرسانی ناو پارتی داد پشتگیری خۆیان بۆ داودئۆغڵو ڕاگەیاند. بەمجۆرە، ڕۆژی 27ی ئەم مانگە لە کۆنگرە نائاساییەکەدا داودئۆغڵو بە سەرۆکی نوێی پارتەکە هەڵدەبژێردرێت و دوای چوونی ئەردۆغان بۆ کۆشکی چانکایا لە 2014/8/28، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ئەرکی پێکهێنانی کابینەی نوێشی پێ دەسپێردرێت.



لەو ڕێوڕەسمەدا کە بۆ ناساندنی ناوی کاندیدی سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان ڕێکخرا، هەریەک لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، کە هەتا 27ی ئەم مانگە سەرۆکی پارتەکە دەبێت و ئەحمەد داودئۆغڵو کە لەو بەرەوارەوە دەبێتە سەرۆکی هەمان پارت، گوتاریان پێشکەش کرد. پەیامی هاوبەشی هەردوو سەرۆک، جەختکردنەوە بوو لەسەر 3 خاڵ کە هەردوو ئەردۆغان و داودئۆغڵو زۆر گرنگییان پێدا. سەرەتا هەردوولا باسیان لە یەکێتی و پتەویی ناو پارتەکە کرد و دڵنیایی خۆیانیان دەربڕی کە ئەم گۆڕانکارییە نابێتە هۆی تێکچوونی ئەو یەک هەڵوێستییە. یەکێکی دیکە لە پەیامە هاوبەشەکانیان سووربوونی پارتی داد و گەشەپێدان بوو لەسەر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی و بەردەوامبوون لە هەنگاوەکانی ئەو پرۆسەیە لە قۆناغەکانی داهاتوودا. دوا خاڵیش بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی گیولەن بوو کە بە "دەوڵەتی هاوتەریب" ناویان برد.

ئەم پەیامە هاوبەشانە ئەوە دەخەنەڕوو کە لە ماوەی داهاتوودا گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەتی ئەنقەرە چاوەڕوان ناکرێت، بە پێچەوانەوە کابینەکەی داودئۆغڵو درێژکراوەی کابینەکانی پێشووی ئەردۆغان دەبێت و بەردەوام دەبێت لەسەر پیادەکردنی ئەو سیاسەتانەی لە ساڵی 2002ەوە هەتا ئێستا لەلایەن کابینە یەک لە دوای یەکەکانی AKP ەوە پیادەکراون.

ئەحمەد داودئۆغڵو کە لە مانگی مایسی 2009 بووە وەزیری دەرەوەی تورکیا، تەنیا دوای 5 مانگ لە دەستبەکاربوونی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد کە هاوکات یەکەم سەردانی فەرمیی تورکیا بوو بۆ هەولێر لەسەر ئەو ئاستە باڵایە. سەردانەکەی 2009ی داودئۆغڵو بۆ هەولێر لە میدیای تورکیدا بە "دانپێدانانی باشووری کوردستان لەلایەن تورکیاوە" لێکدرایەوە، لەبەر ئەوەی یەکەمجار بوو لە مێژووی تورکیادا وەزیرێکی ئەو وڵاتە لە بەردەم ئاڵای کوردستاندا بوەستێ و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی سازبکات. بە درێژایی ئەو ماوەیەش کە وەزیری دەرەوەی تورکیایە 4 جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، دواترینیشیان بۆ شاری سلێمانی بوو بۆ بەشداریکردن لە فۆرومی سلێمانی کە لەلایەن زانکۆی ئەمریکی ڕێکخرابوو.

ئەحمەد داودئۆغڵو پێش ئەوەی ببێتە وەزیری دەرەوە ڕاوێژکاری عەبدوڵڵا گیول و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بووە بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەئەندازیاری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ناسراوە.

داودئۆغڵو لە 1959/2/26 لە شاری کۆنیای تورکیا لەدایکبووە. لە زانکۆی بۆغازیجی لە شاری ئیستانبوڵ هەردوو بەشی ئابووری و سیاسەتی لەگەڵ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەواو کردووە. دواتریش لە بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەمان زانکۆ بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای وەرگرتووە. ساڵی 1990 لە زانکۆی مالیزیای نێودەوڵەتی ئیسلامی وەک پرۆفیسۆری یاریدەدەر دەستبەکار دەبێت و دواتریش بەشی سیاسەت لەو زانکۆیە دەکاتەوە و دەبێتە سەرۆکی ئەو بەشە. هەتا ساڵی 2002 وەک مامۆستای زانکۆ لە چەند زانکۆیەکی جیاواز کاری کردووە.

ژیانی سیاسی داودئۆغڵو لەگەڵ بوون بە سەرۆک وەزیرانی عەبدوڵڵا گیول دەستپێدەکات، کاتێک ساڵی 2002 دەبێتە ڕاوێژکاری گیول. پەیوەندی داودئۆغڵو لەگەڵ گیول دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان، کاتێک داودئۆغڵو مامۆستای زانکۆ بووە.

ئەحمەد داود ئۆغڵو خێزاندارە و خاوەنی 4 منداڵە. هەریەک لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی دەزانێت. خاوەنی یەکێک لە پەرتووکە ناودارەکانی تورکیاشە لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بە ناونیشانی (قووڵایی ستراتیژی). تێزی "سفر کێشە"ش بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوەی تورکیا هەر لەلایەن داودئۆغڵو هێنرایە نێو سیاسەتی تورکیاوە، بەڵام ئەو تێزە لە سەردەمی دیپلۆماسیەتی داودئۆغلۆ جێی خۆی بە تەواوی نەگرت، بەو پێیەی تورکیا بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکی داودئۆغلو بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی، هێشتا لە پەیوەندییەکی ساردوسڕدایە لەگەڵ دراوسێکانی، لەوانەش: ئێران، عێراق، سووریا و ئیسرائیل و تەنانەت ئەرمینیاش. پرسیارەکە ئەوەیە، ئاخۆ تێزی سفرکردنەوەی کێشە لەگەڵ دراوسێکان پاش ئەوەی ئۆغلو دەبێتە سەرۆک وەزیران، دەگاتە ئامانجی خۆی؟

---

جەیمس فۆلێی.. یەکەم قوربانی ئەمریکا بە دەستی داعش

# داعش لەبەر سێ هۆکار جەیمس فۆلێی سەربڕی

**سۆران عومەر**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی جەیمس رایت فۆلێی، لە 19ی ئابی 2014 لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دوای دەستبەسەرکردنی بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ، سەربڕدرا و گرتەی ڤیدیۆیی کوشتنەکەشی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوکرایەوە.

فۆلێی لەساڵی 2011 دوای ئازادبوونی لە یەکێک لە زیندانەکانی لیبیا کە بۆ ماوەی شەش مانگ ڕاگیرابوو، باسی لەوە کرد کە ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی کارەکانیان ئەنجام بدەن و لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەدا بمێننەوە کە باوەڕیان پێیەتی، دەبێت ئامادەبن ڕووبەڕووی مەترسی و تەنانەت مردنیش ببنەوە.

فۆلێی لە 22ی نۆڤێمبەری 2012 لە سنووری نێوان سووریا و تورکیا ڕفێنرا، ئەو خۆی ڕووبەڕووی ئەو قەدەرە بووەوە کە پێیوابوو، ڕۆژنامەنووسان لە کارکردنیاندا تووشیان دەبێت و دەبێت چاونەترس بن لە جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەوانیدا.

جەیمس لە ساڵی 2011 دوای ئازادبوونی لە لیبیا گوتی: "کاتێک تۆ دەزانیت پێویستە کارێک ئەنجام بدەیت، یان لەپێناو ئەوکارەدا ڕووبەڕووی مردن دەبیتەوە، تۆ هەندێکجار دەبینیت هاوڕێکانت دەمرن و تۆ کاتێکی زیاتر دەبێت بۆ کارەکەت، ئەوکاتە پێویستە تۆ زیاتر هەست بە بەهێزیی خۆت و هارمۆنی لەکارەکەتدا بکەیت".

دایکی جەیمس، دوای بیستنی هەواڵی کوژرانی کوڕەکەی، وەک ئەوەی باوەڕی بەو پرەنسیپانە هەبێت کە کوڕەکەی کاری لەسەر دەکرد، گوتی من شانازی بە کوڕەکەوەمە دەکەم، کە توانیویەتی نەهامەتی و مەینەتییەکانی خەڵکی سووریا بەو کارەی خۆی بگەیەنێتە جیهان.

جەیمس ئەوکاتەی کە ڕفێنرا، کاری بۆ ئاژانسی گلۆباڵ پۆست دەکرد. فیلیپ بالبۆنی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەو ئاژانسە، لەبارەی جەیمسەوە گوتی، جەیمس ڕۆژنامەنووسێکی زۆر ئازا بوو. ئەو دەڵێت "هەرچەندە مردنی ئەو خەمێکی گەورەیە، بەڵام ئەو چیرۆکانەی جەیمس باسی کردوون لەبارەی جەنگەوە، تا هەتایە دەمێننەوە".




یەکێک لەو هۆکارانەی وایکرد خێزانەکەی و هاوکارەکانی هەمیشە بەچاونەترس ناوی ببەن، ئەوەبوو کە جەیمس لە ئەفغانستان و عێراق و لیبیا، چەندین جار ڕووبەڕووی مەترسی گەورە بووەوە، تەنانەت دوای ڕفاندنیشی لە لیبیا، ئەو زیاتر حەزی لە گێڕانەوە و گواستنەوەی چیرۆکەکانی جەنگ بوو لەناوجەرگەی ڕووداوەکانەوە، بۆیە ئامادەبوو بەدوای چیرۆکێکدا بچێتە ترسناکترین ئەو شوێنانەی کە جەنگیان تێدا بەردەوامە.

دایکی جەیمس، ئەوی بە پاڵەوان ناوبرد. ئەو ناوبانگەی جەیمس وەک کەسێکی ئازا، بووە سەرچاوەی سەبووری بۆ دایکی و لەجیاتی ئەوەی باس لە خەمی لەدەستدانی کوڕەکەی بکات، زیاتر باسی لە ئازایەتی کوڕەکەی و شانازییەکانی خۆی دەکرد کە دایکی ئەو کوڕەیە.

کوژرانی جەیمس، زۆربەی سەرکردەکانی جیهانی هێنایە دەنگ، باراک ئۆباما، لە لێدوانێکی تایبەتدا سەبارەت بە لەدەستدانی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییە، پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە جەنگی ئەمریکا دژ بە داعش بەردەوام دەبێت و لەهەر کوێیەک ئەمریکییەک لە مەترسیدا بێت ئەمریکا پارێزگاری لێدەکات.

ئەمە لەکاتێکدایە، ڕاپۆرتەکان ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە تیمێکی تایبەتی سوپای ئەمریکا، هەوڵی ڕزگارکردنی جەیمس و چەند ڕۆژنامەنووسێکی دیکەی لە سووریا دابوو کە لەلایەن داعشەوە ڕفێنرابوون، بەڵام هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نەبووە.

هەندێک ڕاپۆرتیش ئەوەیان ئاشکرا کرد کە چەکدارانی داعش، پێش ئەوەی جەیمس بکوژن، داوایان لە ئەمریکا کردووە بڕێک پارەیان وەک قەرەبووی ئەو زیانانە پێبدات کە بەهۆی هێرشەکانی هێزی ئاسمانی ئەمریکاوە بەم دواییە لێیانکەوتووە، ئەگەرنا ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەکان دەکوژن. بەڵام بەگوێرەی ئەو سەرچاوانە، ئەمریکا ئەو داوایەی فەرامۆش کردووە و ئامادە نەبووە لەگەڵ گرووپێکی تیرۆریستیدا ئەو جۆرە مامەڵەیە بکات.

هەرچەندە ئەم زانیارییانە لەلایەن ئەمریکاوە پشتڕاست نەکراونەتەوە.

ئەو ڕاپۆرتانە ئاماژەیان بەوەکردووە کە لە 13ی ئاب واتە 6 ڕۆژ پێش کوژرانی جەیمس، خێزانەکەی نامەیەکیان پێگەیشتووە و پێیانگوتوون کە ئەوان لەتۆڵەی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکدا کوڕەکەیان سەردەبڕن.

خێزانەکەش ئەو نامەیەیان گەیاندووەتە حکومەتی ئەمریکا و نووسینگەی فیدراڵی بۆ لێکۆڵینەوە (ئێف بی ئای).

دوای شەش ڕۆژ لەو نامەیە، داعش بە گرتەیەکی ڤیدیۆیی ئەمریکایان تووشی شۆک کرد و وێنەی سەربڕینی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەیان بڵاوکردەوە، کە پیاوێکی ڕەشپۆش هەڕەشەکانی داعش بۆ ئەمریکا دووبارە دەکاتەوە و جەیمس سەردەبڕێت.


ڕۆژنامەنووسێکی دیکەی فەرەنسی بەناوی دیدیە فرانسوا کە لە سووریا دەستگیرکرابوو، دواتر لەگەڵ سێ فرەنسی دیکەدا ئازادکرا، باسی لەوە کردووە، ئەو لەکاتی دەستبەسەربوونیدا جەیمسی دیوە و ماوەی هەشت مانگیش لە زیندانەکانی داعشدا پێکەوە بوون.

ئەو ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییە کە چوار مانگ پێش ئێستا ئازاد کرا، دەڵێت هەر ئەو کەسەی یەکەمجار جەیمسی دەستگیرکردووە، سەری بڕیوە. فرانسوا لەبارەی جەیمسەوە بەهەمانشێوەی ئەوانی دیکە دەڵێت تەنانەت جەیمس لەکاتی دەسبەسەربوونیدا زۆر بێترس بووە و هەمیشە فشاری دەروونی لەسەر ڕفێنراوەکانی دیکە کەم کردووەتەوە.

نیکۆلاس هێنین ڕۆژنامەنووسێکی دیکەی فەرەنسییە کە ئەویش لەگەڵ فرانسوا لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێنرا و دواتر ئازادکرا، دەڵێت چەکدارانی داعش لە ڕفێنراوەکانی دیکە زیاتر جەیمسیان ئازارداوە و مامەڵەیان لەگەڵیدا زۆر خراپ بووە، چونکە دۆکیومێنتی زۆریان لە کۆمپیوتەرەکەیدا دۆزیوەتەوە و بەوەشیان زانیوە کە براکەی لە هێزی ئاسمانی سوپای ئەمریکا کاردەکات.

بۆیە جەیمس لەبەر سێ هۆکار، کە یەکێکیان ئەمریکی بوون و ئەوی دیکەیان بوونی دۆکیۆمێنتی زۆر لەسەر جەنگ لە کۆمپیتەرەکەیدا و خراپترین شتیش بوونی براکەی لە هێزی ئاسمانی ئەمریکا، بەخراپترین شێوە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

بانکی خوێن پڕ بووە



# نەخۆشخانەکانی هەولێر ساڵانە پێویستیان بە 60 هەزار بوتڵ خوێنە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسی وەرگرتن و گواستنەوەی خوێن لە سەنتەری گواستنەوەی خوێن لە هەولێر ڕایگەیاند لەدوای ڕووداوەکانی شنگال و مەخموور و گوێر بەهەزاران خوێنبەخش ڕوویان لە سەنتەری گواستنەوەی خوێن کردووە بۆ خوێنبەخشین. گوتیشی "تەنیا لە مانگی ڕابردوودا 6 هەزار بوتڵ بەخشراوە".

سەنتەری گواستنەوەی خوێن لە ڕۆژی 2013/4/6 دەستبەکاربووە و تاوەکو کۆتایی ساڵی ڕابردوو 15 هەزار و 735 بوتڵ خوێنی وەرگرتووە. بەڵام لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو کۆتایی مانگی ڕابردوو 37 هەزار و 520 کەس لەو سەنتەرە خوێنیان بەخشیوە.

## 400 بوتڵ خوێن لە ڕۆژێکدا

دکتۆر هونەر عومەر دڵپاک، بەرپرسی وەرگرتن و گواستنەوەی خوێن لەو سەنتەرە ڕایگەیاند، دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان، ئارەزووی بەخشینی خوێن بەجۆرێک زیادبووە کە سەرەڕای پێشوازی بەردەوامی تیمەکانیان ناچاربوون تیمی گەڕۆکیش بنێرن بۆ ئەو فەرمانگانەی بەکۆمەڵ خوێن دەبەخشن. گوتیشی "خوێنبەخشین دوو بەرامبەری جاران زیادی کردووە، بەتەنیا لەڕۆژی 9ی ئەم مانگە 400 بوتڵ خوێنمان وەرگرت، بەمەش یەدەگی بانکی خوێنمان دووقات زیادی کردووە".

دلێر ساڵح، 26 ساڵ، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی لە سەنتەری گواستنەوەی خوێن لە هەولێر خەریکی خوێنبەخشین بوون. دلێر کە یەکەمجارە خوێن دەبەخشێت، بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی زانیم کە چەندین پێشمەرگە بریندارن و پێویستیان بەخوێنە، بۆ پارێزگاری لەژیانیان لەگەڵ هاوڕێکانم بڕیارمان دا خوێن ببەخشین".

## کێ ناتوانێت خوێن ببەخشێ

ڕۆژانە چەندین کەس ڕوو لەو سەنتەرە دەکەن بۆ خوێنبەخشین، بەڵام دکتۆر هونەر دەڵێت ناتوانن خوێن لە هەموو کەسێک وەربگرن، بە تایبەتی ئەوانەی نەخۆشیی خوێنبەربوون، نەخۆشیی دڵ، ڕژێنی دەرەقی، پەرکەم، نەخۆشیی دەروونی، سیل، ڕەبۆ، شێرپەنجە، ڤایرۆسی جگەر، ئایدز و شەکرەیان هەیە.

بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خوێنبەخش کێشەی نییە، سەرەتا پشکنینی تاقیگەیی بۆ گرووپی خوێن و ڕێژەی هیمۆگلۆبینەکەی دەکرێت، دواتر لەلایەن پزیشکەوە 18 پرسیاری لێدەکرێت. کێش و پەستانی خوێن و لێدانی دڵ و پلەی گەرمی دەپێورێت. ئەگەر گونجاو بوو خوێنی لێوەردەگیرێت، دواتر پشکنین بۆ خوێنەکەی دەکرێت، دوای دڵنیابوونەوە لەوەی کە هیچ گرفتێکی نییە، سوود لە خوێنەکەی وەردەگیرێت.

لەشاری هەولێر 6 گرووپی خوێنبەخش و کۆمەڵەیەکی تایبەت بەخوێنبەخشین هەیە کە لەکاتی پێویست یان کەمبوونەوەی یەدەگی خوێن، سەنتەری گواستنەوەی خوێن هانایان بۆ دەبات.

ئیدریس عومەر قادر، سەرپەرشتی گرووپێکی 1500 کەسی دەکات کە بە گرووپی خوێنبەخشانی سایلۆ ناسراوە و لە ساڵی 1993 دامەزراوە. ئیدریس گوتی "لە سەرجەم گەڕەکەکانی هەولێر بە گشتی و گەڕەکی سایلۆ بەتایبەت ئەندامیان هەیە کە خۆبەخشانە لەکاتی پێویست بەکۆمەڵ خوێن دەبەخشن".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە سەرجەم کارەکانیان خۆبەخشانەیە و هەموو جۆرە یارمەتییەک ڕەتدەکەنەوە. گوتیشی "بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست لەلایەن خەڵکەوە زوو بدۆزرێینەوە، لە چایخانەیەک بە ناوی چایخانەی خوێنبەخشان، ژمارەی مۆبایلی گشت خوێنبەخشەکان و گرووپی خوێنەکانیان هەڵواسیوە".

هەر کەسێک تەمەنی لە 18 ساڵ بەسەرەوە بێت، ڕێژەی هیمۆگلۆبینی لە نێوان 13.5 — 18.0 بێت بۆ پیاوان و بۆ ژنانیش لە نێوان 12.0 — 16.5 دەتوانێت خوێن ببەخشێت، بەمەرجێک لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە تەندروست بێت و کێشیشی لە 45 کیلۆگرام کەمتر نەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی پیاو هەرسێ مانگ جارێک و ژنیش هەر چوار مانگ جارێک دەتوانێت بڕی 450 ملیلتر (یەک بوتل) خوێن ببەخشێت کە ڕێژەکەی دەکاتە 9 بۆ 10%ی خوێنی کەسەکە.

## هەولێر ساڵانە 60 هەزار بوتڵ خوێنی دەوێت

سەبارەت بە پێداویستی نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر بۆ خوێن و ئەو خوێنەی کە ئێستا لە بانکی سەنتەری گواستنەوەی خوێن لە هەولێر وەک یەدەگ هەیە، دکتۆر هونەر عومەر دڵپاک گوتی "مانگانە زیاتر لە 4 هەزار بوتڵ خوێن بۆ 30 نەخۆشخانەی حکومی و ئەهلیی شاری هەولێر بۆ نەشتەرگەری و ڕووداوە لەناکاوەکان دابین دەکەین. 1200 بوتڵیش بۆ نەخۆشانی تالاسیما دابین دەکەین کە ڕۆژانە 40 بوتڵ دەبەن". گوتیشی "ئێستا زیاتر لە 1500 بوتڵ خڕۆکەی سوور و 2000 بوتڵ پلازمای خوێن و 600 بوتڵ خەپلەی خوێنمان وەک یەدەگ هەیە، ئەمەش بڕێکی ئێجگار زۆرە". بەپێی قسەی ناوبراو پارێزگای هەولێر ساڵانە پێویستی بە 60 هەزار بوتڵ خوێنە.



(فۆتۆ:سێڤان محەممەد سەلیم)

### سوودەکانی خوێنبەخشین:

1 - چەوریی خوێن دادەبەزێنێ کە ئەگەری توشبوون بە بەرزیی پەستانی خوێن و جەڵتەی دڵ و مێشک کەمدەکاتەوە.

2 - ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ خێرا دابەزاندنی کێش، چونکە لەگەڵ هەر خوێنبەخشینێک 600 کالۆری لە لەش دەچێتە دەرەوە.

3 - لەکاتی بەخشینی خوێن چەندین پشکنینی تایبەت بێ بەرامبەر بۆ بەخشەر دەکرێت، لەوانەش پشکنینی ڤایرۆسی جگەر، ئایدز و نەخۆشییەکانی خوێن و دڵ.

4 - خوێن نوێ دەبێتەوە، دەبێتە هۆی چالاکبوونی مۆخی ئێسک.

5 - ئاسوودەییەکی دەروونیت پێدەبەخشێ، چونکە خوێنەکەت گیانی کەسێک لە مردن ڕزگار دەکات.



# دوژمنەکانی ددانت بناسە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ددان دوژمنی زۆرەو لێرەدا هەندێک لە دوژمنەکانیتان پێدەناسێنین کە دەتوانن زۆر بە ئاسانی لەناویان ببەن، بەبێ ئەوەی پێویستتان بە پەنابردن بۆ پزیشک هەبێت.

## سەهۆڵ کرماندن:

لەبەر ئەوەی سروشتییە و شەکری تێدا نییە، لەوانەیە وا هەستبکەی سەهۆڵ زیان بەددانەکانت ناگەیەنێت، بەڵام لە ڕاستیدا لەوانەیە درز دروست بکات ئەگەر بە ددانەکان بیشکێنی، هەروەها زیان بە شانە نەرمەکانی دەوروبەری ددانەکانیش دەگەیەنێت و برینداریان دەکات.

## وەرزش بەبێ پارێزەری ددان:

ئەگەر تۆ هەر یارییەک بکەیت کە بەریەککەوتنی تێدا بێت، دەبێ پارێزەری ددان بەکاربهێنیت، ئەو پارێزەرە لە ماددەیەکی پلاستیکیی نەرم دروستکراوە و دەخرێتە بەشی سەرەوەی ددانەکان و دەیانپارێزێت لە کاتی بەریەککەوتندا و ناهێڵێت بەر ددانەکانی خوارەوە بکەون.

## شیرینەمەنی بۆ خەواندنی منداڵ:

پێدانی بوتڵێکی پڕ لە شیر یان شەربەت یان پێکهاتەیەک کە شەکری تێدابێت، ددانە نوێیەکانی تووشی نەخۆشی دەکات، وا لە منداڵەکەش دەکات خوو بەو جۆرە خەوتنەوە بگرێت، شوشتنی ددانەکانی منداڵ پێش نووستن باشترین ڕێگایە بۆ نەهێشتنی کاریگەری شەکر، ددانی شیری زۆر گرنگە بۆ منداڵ و ئەگەر تووشی نەخۆشی ببێ بۆ داهاتووی ددانە هەمیشەییەکان خراپە.

## جیرکڕدنەوەی ددان:

ددان جیرکردنەوە لە کاتی خەو یان تووڕەبووندا ددانەکان دادەخورێنێ، هۆکارەکەی بە زۆری فشاری دەروونییە و هەندێکجار دەبێتە خوویەکی بەردەوام. ئەوانەی ئەو خووەیان هەیە دەبێت بە ڕۆژ خۆراکی نەرم بخۆن و بۆ شەوانیش پارێزەری ددان دابنێن.



## نوقڵی پزیشکی:

وابیر مەکەرەوە کە شرووب و نوقڵی نەهێشتنی ئازاری گەروو کاریگەرییان لەسەر ددانەکان نییە لەبەر ئەوەی پزیشکین، زۆریان ڕێژەیەکی زۆر شەکریان تێدایە، بۆیە باشتر وایە دوای بەکارهێنانیان لانیکەم بە ئاو ددانەکانت بشۆیت.

## خواردنەوە گازییەکان:

شیرینی مەترسی سەرەکی نییە بۆ ددان، پەرداخێک خواردنەوەی گازی نزیکەی 11 کەوچکی چا شەکری تێدایە، جگە لە ترشی فۆسفۆریک و ستریک کە پێکەوە مینای ددانەکان وێران دەکەن.

## ددان تەنیا بۆ خواردنە

هەڵپچڕینی کیسێک یان پچڕاندنی هەر شتێک بە ددان کارێکی مەترسیدارە و دواتر چاککردنەوەی ددانەکانت کارێکی زەحمەت دەبێت، لەوانەشە هەر چاکنەکرێتەوە، بۆیە شتێکی دیکە لە جیاتی ددان بەکاربهێنە، ددانەکان تەنیا بۆ خواردنن.

## چپس و چەرەس:

هەر پاشماوەی خۆراکێک کە بە ددانەکانەوە دەمێنێتەوە دوای 20 خولەک بەهۆی بەکتریاکانەوە دەگۆڕێ بۆ ماددەی زیانبەخش، هەتا زیاتریش بمێننەوە زیانی زیاتر دەگەیەنن، دوای خواردنی پەتاتە و گوڵەبەڕۆژە، ددانەکانت بە دەزووی ددان پاک بکەرەوە.

## چا و قاوە:

چا و قاوە ئەگەر شەکریان تێدا نەبێت زیان ناگەیەنن بە ددانەکان، بەڵام لەوانەیە ڕەنگەکەی بگۆڕن، خۆشبەختانە ئەو ڕەنگەش بە ئاسانی لێدەکرێتەوە لای پزیشکی ددان، یان ئەگەر بە ڕێکوپێکی ددانەکان بە فلچە و دەرمان بشۆیت، شەوان پێش نووستن و بەیانیان دوای نانخواردن.

## جگەرە:

ئەگەر بە دوای هۆکارێکەوەی بۆ وازهێنان لە جگەرە، ئەوا زەردەخەنەیەکی جوان هۆکارێکی گرنگە. جگەرە لە پێکەنینت دەخات و ناچارت دەکات ددانە ناشیرینەکانت بشاریتەوە، دەشبێتە هۆی نەخۆشیی پووک و کەوتنی ددانەکان، جگە لەوەی هۆکاری تووشبوونە بە شێرپەنجەی دەم و لێو و زمان و قوڕگ.

## خواردنەوە کحولییەکان:

ئەو ترشەی لە خواردنەوە کحولیەکاندا هەیە ددانەکان دادەخورێنێ. هەروەها ددان زبر دەکات و وایان لێدەکات ئاسانتر خواردنیان پێوە بمێنێتەوە، لە هەندێک لە خواردنەوە کحولییەکاندا کرۆمۆجین و تانیس هەیە کە وادەکات ڕەنگ بچێتە نێو ددانەکانەوە، ئەوەش کاتێکی کەمی پێویستە بۆ ڕوودانی.

# کەڕووی زێ

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

کەڕوو بەشێوەیەکی ئاسایی لە لەشدا هەیە، بەڵام لەم بارەدا ئەوەندە زۆر دەبن کە زیان بە جەستە دەگەیەنن.

زۆر لە ژنان کەڕوو لە دەم، ڕیخۆڵە، پێست و زێیاندا هەیە، بەڵام بە کاری بەکتریا سوودبەخشەکان چالاکییان سنووردار دەکرێ و ناتوانن پەلاماری جەستە بدەن. کاتێک باڵانسی بەکتریای سوودبەخش و کەڕووەکان تێکدەچێ، ئەم کەڕووانە ئەوەندە زۆر دەبن کە لەش بە تەنیا ناتوانێ دژایەتییان بکات و ئەوانیش پەلاماری خانەکانی لەش دەدەن و دەبنە هۆی خوران و ئاڵۆش لە ناوچە تووشبووەکەدا.

زێ یەکێکە لەو ناوچانەی لەش کە تووشی ئەم حاڵەتە دەبێت، هەرچەندە ناو زێ ناوەندێکی ترشە و کەڕوو ناتوانێ تێیدا بژی، لە هەمانکاتدا زۆر هەستیارە و زوو فسیۆلۆجیای دیوارەکانی تێکدەچن و لە ئەنجامدا دەبنە ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی کەڕوو.

### نیشانەکانی:

**1- خوران و سووتانەوە:** بڵاوترین نیشانەی حاڵەتەکەیە و کەسەکە بێزار دەکات.

**2- سووتانەوە و ئازار و ئاوسان:** کەڕوو دیوارەکانی زێ دەڕووشێنێ و ئەمەش سووتانەوە و ئاوسان دروست دەکات و میز و سێکسکردن بە ئازار دەکات، تەنانەت دانیشتن و ڕۆیشتنیش بە ئازار دەکات بەهۆی بەرکەوتنی جل و بەرگ و لێخشانی بە ناوچە هەوکردووەکان.

**3- تەڕی:** دەردراوێکی سپیتر و خەستترە لە تەڕیی ئاسایی، ڕەنگی لە ماست دەچێ و بۆنی وەک هی کەڕووە.

### هۆیەکانی:

**1 - بەکارهێنانی دەرمانی دژە زیندە (ئەنتی بایۆتیک) کە بە دوو ڕێگا کەڕووی زێ دروست دەکات:**

ا- ئەنتی بایۆتیک بەکتریا سوودبەخشەکان دەکوژێ کە لە جەنگدان لەگەڵ کەڕووەکان و ناهێڵن پەلاماری جەستە بدەن.

ب - کۆئەندامی بەرگریت لاواز دەکات بەجۆرێک ناتوانێت چیدی کەڕووەکان بکوژێت.

**2- حەبی دژە سکپڕی:** ئەو حەبە ئاستی هۆرمۆنەکان دەگۆڕێت و ئاستی شەکر لە زێدا بەرز دەکاتەوە و ژینگەیەکی لەبار بۆ کەڕوو دروست دەکات. هەروەها بەستن (دانانی دەزگا لەناو منداڵدان) ئەگەری خوێنبەربوون و هەوکردنی زێ زیاد دەکات و بەمەش ئەگەری تووشبوون بە کەڕوو زیاد دەکات.

**3- شەکرە:** ئەوانەی شەکرەیان هەیە ئاستی شەکری خوێنیان زۆرە، هەروەها شەکر لە دەردراوەکانی زێ و میزیاندا زۆرە و ئەمەش ژینگەیەکی لەبار بۆ کەڕوو زیاد دەکات.

**4 - خۆراک:** توێژەران پێیانوایە زۆر خواردنی شەکر، بەرهەمەکانی شیر، ئەلکهول، چا و قاوە ئەگەری تووشبوون بە کەڕوو زیاد دەکەن.

**5- سووڕی مانگانە:** خودی خوێنەکە ترشێتیی زێ کەمدەکاتەوە و ڕێگە بۆ کەڕووەکە خۆشدەکات گەشەی تێدا بکات.

**6- سکپڕی:** ئاستی هۆرمۆنەکان دەگۆڕێ و ڕێژەی شەکری دەردراوەکانی زێ زیاد دەکات.

**7- جلی تەسک:** جلی تەسک ئاڵوگۆڕی هەوا کەمدەکاتەوە و سەرئەنجام ژینگەیەکی گەرم و شێدار بۆ سەرهەڵدانی کەڕوو دروست دەکات.

### دەستنیشانکردن:

باسکردنی نیشانەکان و بینینی ناوچە هەوکردووەکە وا دەکەن پزیشک حاڵەتەکە دەستنیشان بکات. ئەگەر دڵنیا نەبوو، پزیشک نموونەیەک لە تەڕیی زێ وەردەگرێت و دەینێرێت بۆ پشکنینی مایکرۆسکۆپی.

### چارەسەر:

پێدانی دەرمانی دژە کەڕوو بەشێوەی شاف، کرێم یان کەپسول.

# یارییە ئەلیکترۆنییەکان مێشک وێران دەکەن



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

دەزگایەکی تەندروستی چینی دەڵێت 70%ی ئەوانەی ئاڵوودە بوون بە یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە، نیشانەکانیان هاوشێوەن لەگەڵ نیشانەکانی لەناوچوونی هەندێک خانەی مێشک کە پەیوەندییان بە هەڵسوکەوتەوە هەیە.

ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە نزیکەی 699 ملیۆن بەکارهێنەری ئینتەرنێت لە چیندا هەن، 100 ملیۆن هاونیشتمانی نیشانەکانی ئاڵوودەبوون بە یارییە ئەلیکترۆنییەکانیان تێدا دەرکەوتووە.

باوترین ئەو نیشانانەی لە ئاڵوودەبووواندا دەردەکەوێت، لاوازییانە لە کۆنترۆڵکردنی خۆیان لە هەڵسوکەوتەکانیاندا، بەشێوەیەک یارییە ئەلیکترۆنییەکان هەڵسوکەوتی کۆنترۆڵکردوون.

گەنجانی چین سکاڵای ئەوە دەکەن کە لە ماڵەکانیاندا هەست بە بۆشایی زۆر دەکەن، لەبەر ئەوەی دایک و باوکیان کاتێکی زۆر بە ئیشکردنەوە بەسەردەبەن لە دەرەوە، ئەوەش وایان لێدەکات خوو بە یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە بگرن و ڕوو بکەنە یانەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان لە ئینتەرنێتدا، ئەو یارییانە زیاتر سەرنجیان ڕادەکێشێت وەک لە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی چین هۆشداری دەدەن لە پەرەسەندنی زیاتری ئاڵوودەبوون بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان لە جیهاندا، بانگی حکومەتەکانی جیهان دەکەن بۆ هاندانی گەنجان بە خەریکبوونیانەوە بە کاروبارەکانی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان.

## چارەسەرکردنی گرفتی پارەی نەوت و دۆسیەی چەکداری حیزبی

# پەرلەمان دەست بۆ دۆسیە گەورەکان دەبات



**عەلی حەمە ساڵح**

دوو دۆسیە لە کوردستاندا زۆرترین قسەیان لەسەر بێت و زۆرترین گرفت و پرسیار بەهۆیانەوە دروست بووبن، گرفتی چەکداری حیزبی و پرسیارە لەبارەی پارەی نەوت.

پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا دەستی بردووە بۆ هەردوو دۆسیەکە، ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز هەبێت لای دەستڕۆشتووی سیاسی هەرێمی کوردستان، چارەسەربوونیان نزیکە.

پەرلەمان بڕیارێکی گرنگی دەرکردووە کە پەیوەستە بە پێشمەرگە و پاش دوو ڕۆژی دیکە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بڕیارەکە 21 خاڵ لەخۆ دەگرێت و ڕۆحی بڕیارەکەش ڕێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی یەکەکانی 70 و 80 دەبێت لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا و نەمانی "پێشمەرگەی بندیوار" و هاوتاکردنی مووچەی هێزی پێشمەرگەیە بەهێزەکانی ناوخۆ و پاشەکشە نەکردنە لەو سنوورانەی ئێستا پێشمەرگەیان لێ جێگیر کراون.

ئەگەر ئەم 21 خاڵە بە وردی بخوێنیتەوە، دڵنیا دەبیتەوە لەوەی کە ئەگەر سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بیانەوێت، دەتوانین سوپایەکی بەهێزی نیشتیمانی بۆ کوردستان دروستبکەین و ئەگەر ناشیانەوێت، دەبێت بە جورئەتەوە بیڵێین و هۆکارەکەی بۆ خەڵکی کوردستان ڕونبکەنەوە کە هەرچی بێت قابیلی قبوڵکردن نییە.

ئەمە جگە لەوەی بڕیارێکی پێویستی 9 خاڵی پەیوەست بە وەزارەتی ناوخۆش دەرچووە و لە گرنگترین خاڵەکانی یەکخستنی هێزەکانی بەرگری و فریاکەوتنە لەگەڵ زێرەڤانیدا.

یەکێکی دیکە لەو پرسانەی کە پێشتر و ئێستاش هەمووومان زۆرترین قسەمان لەسەر هەبووەو هەیە، بەدامەزراوەییکردنی پرسی نەوتە لەڕێی دامەزراندنی سندووقی داهاتی نەوت و کۆمپانیاکانی کوردستان بۆ پرسەکانی بەدواداگەڕان و بەرهەمهێنان و بە بازاڕکردن و پاڵاوتنی نەوت.

وەک پەرلەمان پرۆژە بۆ سندووقی داهاتی نەوت و کۆمپانیاکان ئامادەکراوە کە لە یاسای نەوت و غازی ساڵی 2007دا ناویان هاتووەو پێویست بووە بە یاسا ڕێکبخرێت.

لێرەدا تەنیا سندووقی داهاتی نەوت وەک نموونە وەردەگرم و لە دەرفەتەکانی دیکەدا قسە لەسەر کۆمپانیاکان دەکەین.

ئێمە زۆرترین قسەمان هەبووە لەسەر ناڕۆشنیی داهاتی نەوت کە من پێموایە بەدروستکردنی ئەم سندووقە تاڕادەیەکی باش کۆتایی بەم قسەوباسە دێت.

ئەم سندووقە، ئەنجومەنێکی دەبێت و ئەم ئەنجومەنەش پاش پێشنیازکردنیان لەلایەن حکومەتەوە، پەرلەمان متمانەیان پێدەدات. ئەم ئەنجومەنە نوێنەری وەزارەتی دارایی و سامانە سروشتییەکان و چەند کەسێکی شارەزای بواری ژمێریاری و ئابووری تێیدا ئەندام دەبن و هەموو کارەکانیان دیوانی چاودێری دارایی لێکۆڵینەوەی لێدەکات و بە بەردەوامی ڕاپۆرت ئاراستەی پەرلەمان دەکرێت و ئەوکاتیش هەموومان دەزانین لەچوارچێوەی گرێبەستەکاندا چەند وەدەستدێت و چەند نەوتی خاو بەرهەم دێت و چەندی لە ڕێگای بۆرییەوە دەفرۆشێت و چەندی بە تانکەر دەبێت و چەندی بۆ ناوخۆ دەپاڵێورێت.

کە دڵنیابووینەوە لە وردەکاری داهاتەکەی، ئەرکی دووەممان چاودێریکردنی شێوازی خەرجکردنەکەی دەبێت و بە دڵنیاییەوە ئەمەش دەکەین.

بۆیە داواکارم لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

ئەگەر دەتانەوێت سوپایەکی بەهێزی نیشتیمانیمان هەبێت کە بەرگەی هەموو ئەگەرێکی نەخوازراو بگرێت، ئەگەر کوردستان و خەڵکەکەی لەبەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی گرنگترە و ئەگەر خەمخۆری ژیانی پێشمەرگەو دادپەروەرین، زەمینەخۆش بکەن بۆ جێبەجێبوونی بڕیارەکەی پەرلەمان.

پێموایە بەجێبەجێبوونی بڕیاری پەرلەمان لەبارەی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و دروستکردنی سندووقی داهاتی نەوتی کۆمپانیا پەیوەندیدارەکان کە لەیاسای نەوتدا هاتووە و هاوزەمان دەستکردن بە چاکسازی دارایی، بناغەی دەوڵەتێکی بەهێز دادەنرێ.

# چاوەڕێی بومەلەرزەکەی ئێکسۆن مۆبیل بن


د.هاوڕێ مەنسور بەگ*

چاودێران دەڵێن: مالیکی هەڵەی زۆری کرد دەرحەق بە هەموو پێکهاتەکانی عێراق و، بەتایبەتیش هەڵوێستەکانی بەرامبەر هەرێمی کوردستان یەکجار دوژمنکارانە بوو. لەم نووسینەدا ناچینە سەر باسی ڕەفتارەکانی مالیکی کە لەماوەی هەشت ساڵی حوکمڕانی لە عێراق کردوونی و دواجار باجی سیاسەتە چەوتەکانیشی دا، بەڵکو دەمانەوێت باسی فاکتەرێکی دیکەی شاراوە بکەین کە نەک هەر مالیکی، بگرە سەری زۆر لە سەرۆک و سەرۆک وەزیر و مەلیکە دەستڕۆیشتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشی خواردووە.

دوو ساڵ لەمەوبەر، ویستم وتارێک بڵاوبکەمەوە و پێشبینی بکەم کە مالیکی لەبەر خراپ گەمەکردن لەگەڵ مەلەفی نەوت و کۆمپانیا نێودەوڵەتییە دەستڕۆیشتووەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان سەری خۆی بەفەتارەت دەدات ، بەڵام دواجار وتە ناودارەکەی ناپلیۆن پۆناپارت هاتەوە خەیاڵم کە دەڵێت "دوژمنەکەت مەپچڕێنە کاتێک خەریکی ئەنجامدانی هەڵەیە".

لە کۆتاییەکانی 2011، کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێککەوت تا کاری پشکنین و دەرهێنانی نەوت لە شەش بلۆک ئەنجام بدەن. یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین ئەو بلۆکانەی درابوونە ئێکسۆن مۆبیل، بلۆکی قەرەهەنجیر بوو. قەرەهەنجیر پێش ئێکسۆن مۆبیل سەرنجی گەمەکەرەکانی ئەو پیشەسازییە تازە لەدایکبووەی کوردستانی ڕاکێشابوو بەوەی کە ناوچەیەکی فراوانە و هاوتەریبی یەکێک لە زەبەلاحترین کێڵگەکانی نەوتی جیهانە کە ئەویش کێڵگەی سوپەر زەبەلاحی کەرکووکە. هەرکەسێک شارەزایی لە زەویناسی هەبێت و بزانێت پارامیتەرەکانی بوونی نەوت لە شوێنێک کامانەن، خێرا چاوی دەکەوێتە سەر بلۆکی قەرەهەنجیر. وەزیری سامانە سروشتییەکانیش تا ماوەیەکی زۆر خۆی ڕاگرت و نەیدەویست قەرەهەنجیر بداتە هیچ کۆمپانیایەکی جیهان و کەس قسەشی لەسەر بکات. ئەم بلۆکە وەک ناوچەیەکی ستراتیجی بۆ کۆمپانیا نیشتیمانییە لەدایک نەبووەکەی کوردستان (کێپکۆ) هەڵگیرابوو.

ساڵی 2010، لەسەر داوای کۆمپانیایەکی ئەمەریکی لە واشنتن دی سی، سیمینارێکم بۆ سەرۆکی کۆمپانیاکە پێشکەش کرد کە ئارەزوویەکی زۆری بۆ هاتنە ناو بازاڕی نەوتی کوردستان هەبوو. من باسی هەر بلۆکێکی کوردستانم کردبا، ئەو دەیهێنامەوە سەر بلۆکی قەرەهەنجیر. هەردوولامان کۆک بووین لەسەر ئەوەی کە قەرەهەنجیر، بلۆکە هاوسێکەی کەرکووک، ئەگەر نیوەی ناخ و ڕوخساری لە کەرکووک بچێت، ئەوا خاوەن یەدەگێکی نەوتی 25 بلیۆنییە.

ئێکسۆن مۆبیل، ساڵی 2011، واتە هەمان ئەو ساڵەی کە هەموو ریسک و مەترسییەکانی لە ئەستۆگرت و ڕووبەڕووی مالیکی و شەهرستانی وەستایەوە و بڕیاری هاتنە کوردستانی دا، یەدەگی نەوتی لە سەرتاسەری جیهاندا دەگەیشتە 24.9 بلیۆن بەرمیل نەوت. لە کاتێکدا ئومێد هەیە قەرەهەنجیر بەتەنیا هێندەی هەموو جیهان و پتریش نەوتی یەدەگ بە ئێکسۆن مۆبیل ببەخشێت. بە مانایەکی دیکە، لە کۆی 200 وڵات و هەرێم و ناوچەی جیا جیا کە ئێکسۆن مۆبیل کاری پشکنینیان لە سەرتاسەری جیهان لێدەکات، ئەو کۆمپانیایە خاوەنی یەدەگی مسۆگەری 24.9 بلیۆن بەرمیل نەوت بوو لە ساڵی 2011. لە کاتێکدا قەرەهەنجیر بەتەنیا ڕەنگبێت ئێکسۆن مۆبیل بکاتە خاوەنی 25 بلیۆن بەرمیلی دیکە و یەدەگی خۆی هەڵکشێنێت بۆ 50 بلیۆن. ئەوە سەرباری پێنج بلۆکەکەی دیکە کە ئەوانیش لەڕووی جیۆلۆجییەوە یەکجار سەرنجڕاکێشن و تا ڕادەیەکی باش بە بلۆکی کەم مەترسی لە قەڵەم دەدرێن. ئەگەر داتای پێویستیش لەبەردەست نەبێت و قەرەهەنجیر هێندە نەوتەشی نەبێت، ئەگەری زۆر هەیە کە هەر شەش بلۆکەکەی پێشکەش بە ئێکسۆن مۆبیل کراون پێکەوە بتوانن هێندە یەدەگ پێشکەش بەو کۆمپانیا زەبەلاحە ئەمریکییە بکەن کە پێگەی خۆی لەسەر ئاستی جیهان دووبەرابەر بکات.

مالیکی کورتبین و دوور لە گەمە شاراوەکانی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت، لە یەکێک لە وتارە سەرەڕۆیەکانیدا گوتی: "ئەگەر ئێکسۆن مۆبیل بێتە قەرەهەنجیر کە ناوچەیەکی ناکۆکی لەسەرە و لەگەڵ هەرێم یەکلایی نەبووەتەوە، ئەوا سوپای عێراق ڕووبەڕووی دەبێتەوە".

نووسەری ناوداری ئەمەریکی Steve Coll لە کتێبە پڕفرۆشەکەیدا بەناوی Private Empire، ئێکسۆن مۆبیل بە ئیمپراتۆرە شاراوە بەهێزەکەی جیهان دەناسێنێ کە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆی پڕ لە نهێنی لەناو دەوڵەتی ئەمەریکا فەرمانڕەوایی دەکات. ئێکسۆن مۆبیل خاوەنی سەدان و هەزاران نهێنی گەورەیە لە بواری بە گژداچوونەوەی هەر هێزێک لە هەر ئاستێک بێت کاتێک ببێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی.

دۆزینەوەی یەدەگی نوێ و قەرەبووکردنەوەی ئەو ملیۆنەها بەرمیلەی کە ساڵانە بەهۆی بەرهەمهێنان لە کۆی یەدەگی گشتی ئێکسۆن مۆبیل کەم دەبێتەوە، یەکێکە لە گەورەترین ئەولەویاتەکانی دەستڕۆیشتووانی ئەو کۆمپانیا زەبەلاحەی جیهان، تا ئەو ڕادەیەی کە جارێک سەرۆکی پێشووی کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل بە ڕۆژنامەنووسێکی گوت: "خەمی بەدەستهێنانی یەدەگی نوێ، شەوانە خەو لە چاوم دەزڕێنێ". چونکە ئەو کۆمپانیا دەوڵەت ئاسا بەهێزەی جیهان ڕۆژانە نزیکەی چوار ملیۆن بەرمیل بەرهەم دێنێت، خۆ ئەگەر یەدەگی نوێ نەدۆزێتەوە، ئەوا دوای کەمتر لە 20 ساڵی دیکە بێ یەدەگ و بێ هیوا دەمێنێتەوە و ڕیزبەندی خۆی وەک یەکێک لە دەوڵەمەندترین و کاریگەرترین کۆمپانیاکانی جیهان لەدەستدەدات و چارەنووسی پتر لە 80 هەزار کارمەند بەرەو هەڵدێر دەبات.

ساڵی 2001، سەرۆک وەزیرانی هیندستان (مانموهان سینغ) داوای لە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا جۆرج بوش کرد کە فشار بۆ سەر ئێکسۆن مۆبیل بێنێت بەڵکو ئەو کۆمپانیایە ڕێگا بدات تا کۆمپانیای نیشتیمانیی هیندی لەگەڵ ئێکسۆن مۆبیل لە کاری پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لە کەنارەکانی ڕوسیا هاوبەش بێت. بوش بە سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی هیندستانی گوت: "کەس دەسەڵاتی ئەوەی نییە بە ئێکسۆن مۆبیل بڵێت چی بکات". سەرۆک وەزیرانی هیندستان، بەخت یاوەری بوو کە سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ئەم ئامۆژگارییە پڕ بەهایەی پێشکەش کرد. بەڵام مالیکی بەدبەخت بوو لەوەی کەس نەبوو پێی بڵێ یاری بە ئاگری دۆزەخ مەکە و بۆ سەنگەری دژایەتیکردنی ئیکسۆن مۆبیل مەڕۆ.

هەمان نووسەری کتێبی Private Empire، لە ڕۆژنامەی بەربڵاو و کاریگەری ئەمەریکی، The NewYorker، دوای هێرشی ئاسمانی ئەمەریکا بۆ پاراستنی هەولێر لە مەترسی چەتەکانی داعش دەڵێت: "کاتێک سەرۆک ئۆباما بڕیاری دا هەولێر بپارێزێت، بڕیاری دا وڵاتێکی ڕانەگەیەندراوی "ئەمری واقیع"ی پڕ نەوت بپارێزێت". هەرێمی کوردستان سەرەڕای لەخۆگرتنی بەرژەوەندیی ستراتیجی و دابینکردنی وزەی ئایندەی ئەمەریکا، سەرۆک ئۆباما لە وتارە مێژووییەکەی خۆیدا کە فەرمانی بە هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا دا هەولێر بپارێزن، گوتی: "هەرێم بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت کە بە دڵی ئێمەیە". سەرۆک ئۆباما ڕاستی فەرموو، چونکە بە دەگمەن وڵاتێک یان هەرێمێک لە جیهانی سێیەم بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی هەیە، کە نەوت و دیموکراسی تێدا کۆکرابێتەوە وەک ئەوەی لە کوردستان تا ڕادەیەکی باش گوزەراوە.

بە بڕوای ئێمە، یەکێک لەو هۆکارانەی مالیکی ڕووخاند، بریتی بوو لەو سیاسەتەی پەیڕەوی دەکرد بەرامبەر بە کۆمپانیا جیهانییە زەبەلاحەکانی نەوت و گاز لە کوردستان، لە ناویشیاندا کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل. سیاسەتی ململانێکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت، چەندین دوژمنی سیاسی سەرسەختی بۆ مالیکی خوڵقاند کە لە نێوەندە جیهانییە نهێنی و ئاشکراکان کاریان بۆ لاوازکردنی مالیکی کرد و لە بەرامبەریشدا پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بوو. ماوەیەکی دوور و درێژە مەرجەعیەتەکانی نەجەف و قوم داوا لە مالیکی دەکەن سەردانەوێنێ و بەرۆکی دەسەڵات بەردات لە بەغدا، بەڵام فیشەکی بەزەیی ئەو کاتە لە کەللەی مالیکی درا، کە جۆ بایدن زەنگی پیرۆزبایی بۆ سەرۆک فوئاد مەعسوم لێدا و گڵۆپی سەوزی بۆ ناشتنی ئایندەی سیاسی مالیکی هەڵکرد.

زۆر شت ماوە بگوترێ، بەڵام ڕەنگبێت گرنگترینیان ئەوە بێت کە سەرەڕای بە هاوار هاتنی سەرۆک ئۆباما و پاراستنی هەولێر و ئەمەریکییەکانی نیشتەجێی هەولێر و بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی نەوت و گازی ئەمەریکا لە کوردستان، دیمۆکراتەکانی ئێستای کۆشکی سپی، زۆر سەرسەختانە بەرگری لە کۆمپانیا ئەمریکییەکانی بواری نەوت و گاز ناکەن، بەراورد بە کۆمارییەکان. بە زمانێکی سادەو دوور لە هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی ئەکادیمی، دەتوانین بڵێین ئێکسۆن مۆبیل کۆمپانیایەکە دۆستێکی تا سەر ئێسقانی کۆمارییەکانە. بە پێچەوانەوە دێمۆکراتەکان کە دۆستی نزیکی ژینگەن، هەمیشە بە گومانەوە دەڕواننە فراوانبوونی زیاد لە پێویستی کۆمپانیاکانی نەوت و چالاکیەکانیان.

چاوەڕوانی بومەلەرزەکەی ئێکسۆن مۆبیل بن، کاتێک هەڵۆ کۆمارییەکان جڵەوی دەسەڵات دەگرنەوە دەست لە کۆشکی سپی و پێنتاگۆن. ئەوکات دەبینن چۆن نەیارانی ئێکسۆن مۆبیل لە بەغدا لە مالیکی ریسواتر دەبن. ئێستا کۆمارییەکان کەوتوونەتە سەنگەر لە سەرۆک ئۆباما و داوای لێدەکەن ئەمریکا گورزی کاریگەرتر و یەکلاکەرەوە لە تیرۆرستان بدات بۆ پاراستنی هەولێری هاوپەیمان. هەروەها بێ گوێدانە بەغدا، دەڵێن پێویستە ئەمەریکا هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە پڕچەک بکات. ئەو ڕۆژەی هەولێر ئێکسۆن مۆبیلی هێنایە کوردستان، من زانیم پارسەنگی هاوکێشەی ململانێی بەغدا و هەولێر گۆڕدرا. ئەو ڕۆژەی مالیکیش هەڕەشەی ئەوەی کرد کە سوپای عێراق ڕووبەڕووی ئێکسۆن مۆبیل دەبێتەوە لە قەرەهەنجیر، ئەودەم زانیم ئیدی خۆری مالیکی بۆ دواجار ئاوا بوو.

***شارەزا لەبواری نەوت**





کامەران ئیسحاق پەری

# کەمینەکان لەنێوان دوو هەرێمی سوننی و کوردیدا

پێدەچێت هێڵە گشتییەکان بۆ دروستبوونی هەرێمێکی سوننی لەپاڵ هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی عێراق پاش داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، لەکێشاندا بێت.

"دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام" لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی "خەلیفە"کەی لە نوێژی هەینی ڕۆژی 2014/7/5 لە مزگەوتی موسڵ، لە گوتاری موبایەعەکەیدا هاوسات لەگەڵ بەفەرمی ناساندنی خۆی وەک خەلیفەی موسوڵمانان، ئاماژەی بەوەدا کە "ان دين الله مبارك وتعلي لايقام ولا تتحقق هذه الغاية التي من اجلها خلقنا الله الا بتحكيم شرع الله والتحاكم اليه واقامة الحدود، ولا يكون ذالك الا ببآس وسلطان ...." لەو مێژووە بەدواوە، ئەو دەوڵەتە بەناو ئیسلامییە، لەئاست دیاریکردنی سنوورەکەی لەگەڵ دەوروپشتدا بە میتۆدی دیاریکردنی سنوور لەسەر بنەمای هەرێمێکی جودا تەنها بۆ عەرەبی سوننەی موسوڵمان کار دەکات. ئەو هاوکات لەگەڵ دیاریکردنی ماڵە مەسیحییەکان بەپیتی "ن"، تەنیا مۆڵەتی هەفتەیەکی دایە مەسیحییەکانی موسڵ کە موسوڵمانبوونی خۆیان ڕابگەیێنن ئەگەرنا دەکوژرێن. بۆ شیعەکانیش پیتی " ر". پاشان سەدان هەزار ئێزیدی لە زنجیرە چیاکانی شەنگال گەیاندە لێواری مەرگ، ئەوان بوونەتە هەڕەشە لەسەر هەر کەمینەیەک کە لە سنووری دەشتی نەینەوا نیشتەجێن.

هێرشەکانی دواتری دەوڵەتی بەناو ئیسلامی بۆ ئەو شارەدێ و گوندانە بوو کە بەهۆی دروستبوونی بۆشایی سەربازی و نەبوونی ئاسایش کەوتبوونە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگە. لەوێش دەستیان بە ڕامالینی ئەو شوێنانە کرد کە کەمینەکانی تێدا نیشتەجێ بوون و ئیدی دەبنە پشتێنەی جیاکردنەوەی ئەو دوو هەرێمە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ستراتیژی داعش بریتییە لە دامەزراندنی هەرێمێک یان وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن خەلافەتێک کە تەنها موسوڵمانی سوننەی تێدا بژی، هەرێمێک خاڵی بێت لە کەسانی سەر بە ئاینێکی جیاواز لەئیسلام. هەرێمێک کە لەئایندەدا سنوورەکەی لە هەرلایەکەوە لێی بڕوانیت کەمینە دەبێت، وەک ئەوەی کەمینەکان ببنە سنوورێکی سروشتی بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو هەرێمە لە ئایندەدا.

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، بە ڕامالینی ئەو شوێنانەی کە کەمینەیان تێدا نیشتەجێیە، سەرباری ئەوەی کە سنووری خۆی لەهەر پێکهاتەیەکی دیکەی غەیرە سوننە پاککردووەتەوە، کوردستان و هەرێمەکەشی بەهۆی نائامادەگییەوە تووشی قەیران کردووە، کە ڕەنگبێت سادەترینیان بریتی بێت لەوەی کە لەماوەی کەمتر لە 48 کاژێردا ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی ملیۆنێک و 300 هەزار کەس زیاد بکات، هەرێمێک کە خۆی تووشی قەیرانی ئابووری و نەبوونی خزمەتگوزاری بووە، کوردستانێک لەئاست ئەو دەنگە نارەزاییانەی کە خەریکە لەناو ناخی تاکی کورد بەرامبەر هاتنی ژمارەی زۆری ئاوارە بەرز دەبێتەوە، بێ پلان و بێ بەرنامە دێتە بەرچاو.

هێزێکی وەک داعش بەپێی ئەزموون و مێژوویان لەناو بزووتنەوە سەلەفییە جیهادییەکان ، لەوە بەئاگان کە ئەگەر ئەمڕۆ لەسەر ئەرزی واقیع توانیبێتیان دووەم شاری عێراق لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە کۆنترۆڵ بکەن و پاکتاوی ڕەگەزی تێدا بکەن، ئەوا تاسەر ئەو بێمنەتی و لەخۆباییبوونەیان بۆ ناچێتە سەر ، هەربۆیە گەر بڕوانینە تاکتیک و شێوازی شەڕکردنی داعش لە هێرشبردن بۆ هەر شوێنێک و پاشان ڕادەستکردنی ئەو شوێنانە بە هۆز و تیرە سوننییەکان، دەبینین ئەوانە ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی کە ئەوان دواجار ئەگەر خەلافەتێکی

> **کوردستان لەئاست ئەو دەنگە نارەزاییانەی کە خەریکە لەناو ناخی تاکی کورد بەرامبەر هاتنی ژمارەی زۆری ئاوارە بەرز دەبێتەوە، بێ پلان و بێ بەرنامە دێتە بەرچاو.**

سوننیشیان بۆ نەچێتە سەر، لە داهاتوودا بە پارسەنگی عەرەبی سوننە وەک هێزێکی زوڵملێکراو لەسایەی حکومەتی عێراقی، لەدانوستاندنەکاندا لەگەڵ کوردی سوننە لەلایەک و لەگەڵ شیعە لەلایەکی دیکە، بە سەنگێکی دیکەوە مامەڵە دەکەن. لەڕاستیشدا ڕووداوی گرتنی موسڵ چەندێک لە ئەمڕۆدا زیانی بەناوبانگی سوننەی عەرەب گەیاندبێت، هێندەش لەداهاتوودا دەیکاتە فشار لەسەر بڕیاری سیاسی لە عێراق.

خۆ ئەگەر بڕیارە عێراق دواجار بەلەتبوون بۆ سێ هەرێم لەخەم بڕەخسێت، ئەوا موسڵ دەبێتە هەرێمێکی تایبەت بە سوننەی عەرەب.

لەبەرامبەردا هەرێمی کوردستان بە لەخۆگرتن و قبوڵکردنی کەمینەکان کە لەبنەڕەتدا شوێنی نیشتەجێبوونی مێژوویی و جوگرافییان سنووری سروشتی هەرێمی سوننە و هەرێمی کوردستان بەیەک دەلکێنن، سەرباری بارگرانی هەنووکەیی بەهۆی ئاوارەبوونی ئەو هەموو کەمینە ئاینی و نەتەوەییە، لەوەدا سوودمەند دەبێت کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ئاستی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە بەڵگەی پارێزەری پێکهاتەکانی گەلانی کوردستان، ڕێگرتن لە پاکتاوکردنیان لەسەردەستی کۆنەپەرستان و پێکەوەژیان و ئاشتەوایی و فرەڕەنگی، دروستکردنی پشتیوانی نێودەوڵەتی تائاستی ناردنی هێزی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لەهەر هێرش و هەڕەشەیەک کە لە ئایندەدا ڕووبەڕووی ببێتەوە، بۆخۆی مسۆگەر دەکات. لەسەر ئاستی ناوخۆش دەسەڵاتدارانی هەرێم دەنگی کەمینەکان بەهۆی پاڵپشتی و پشتیوانی پێشوەخت بۆیان، بۆخۆیان مسۆگەر دەکەن.

ئالێرەدا کەمینەکان بەتایبەت مەسیحییەکان بەهۆی زۆرییان لەسەر ئاستی جیهان و کەمییان لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق کە ئەمڕۆ بوونەتە قوربانی، ڤاتیکان لەڕێگەی پاپاکەیەوە کە گەورەترین مەرجەعی مەسیحی جیهان و کاسۆلیکی عێراقە، لەپێناویاندا لە دواهەمین هەڵوێستیدا لەسەر ئەکاونتەکەی لە تویتەر داوا لە هەموو کریستیانێکی کاتۆلیکی جیهان دەکات لەگەڵیدا بەشداربن لەسازدانی نوێژێکی تایبەت بۆ مەسیحییەکانی عێراق، بەڵام پێدەچێت پاڕانەوە و نوێژی پاپای ڤاتیکان نوێژێکیش بێت بۆ هەڵبژاردن لەنێوان هەوڵدان بۆ ژیان لە هەرێمێک کە جێی هەمووانی تێدا ببێتەوە یان هەرێمێک کە تەنها جێی سوننەی عەرەبی تێدا دەبێتەوە.

هاوکات دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەگەر باجی بوون بەدەوڵەتی سەربەخۆ ژیان بێت لەسەر لێوارەکانی مەرگ ، ئاوارەبوون و بێ ماڵ و حاڵی مەسیحی و ئێزیدی و شەبەک و کاکەیی و کەمینەکانی دیکە ببێتە وەرچەرخانی ڕیشەیی لەحاڵی بێ ماڵی کورد، ئەوا جێگەی قبوڵ و شانازییە، خۆ ئەگەر تەنها بۆ دەستکەوتنی پشتیوانی نێودەوڵەتی بێت یاخود بۆ مەرامێک بێت کە کەس نازانێت چییە، ئەوا جێی پرسیارە. ئەو پرسیارەش پێمواییە دەوڵەتدارانی کورد لەئایندەدا بەدروستکردنی دەوڵەتی هاونیشتیمانی دەتوانن وەڵامی بدەنەوە. بۆئەوەی دەوڵەتی هاونیشتیمانی ببێتە ناسنامەی کوردستان، پێویستە کەمینەیەکی وەک مەسیحی هەمیشە لەیادی بێت کە لە موسڵ دەرکرا بەهۆی ئاینەکەی بوو نەک بەهۆی ئەوەی کە کلدانی، یان سریانی و ئاشوورین.



ئالان پەری

# ئەو ئیسلامەی من دەیناسم

ئەو ئیسلامەی من دەیناسم، بەیانیان لەگەڵ بانگی مەلاکان جوانترین سپێدەمان لە حەوشەی کڵێسا سپییەکە بەسەر دەبرد. ئەو ئیسلامەی من دەیناسم، دراوسێکانمان بەبیریاندا نەدەهات ئێمە کێین و ئەوان کێن، ناومان چییە و نازناویان چییە. جەژنان دەچووینە لای یەک، لە پرسەکاندا پێکەوە بووین، لە ئاهەنگی خوازبێنی و سەری ساڵدا پێکەوە و لەسەر یەک سەحنە دەمانکردە زەماوەند. ئەو ئیسلامەی من دەیناسم، بەیەکەوە لەبەرەی خەبات و ئازادیی وڵات لەیەک سەنگەردا شەهید دەبووین و هەواڵی سەرکەوتنیش بەدەست و پەنجەی هەردووکمان دەنووسرایەوە.

ئەو ئیسلامەی من دەیناسم، لەسەر تەختەی پۆلی خوێندنەگەکەمان پێکەوە دادەنیشتین.

کاتێک مامۆستای ئایین دەهات، بە ڕێزەوە داوای لە خوێندکارە مەسیحییەکان دەکرد کە دەتوانن پۆل بەجێبهێڵن و زۆریان لەسەر نییە وانەی ئایینی ئیسلامی بخوێنن. ئێمە بە بەرائەتی منداڵییەوە حەزمان نەدەکرد پۆل چۆڵ بکەین و لە هاوڕێکانمان جیاببینەوە.

ئەو ئیسلامەی من دەیناسم گیتارژەنە، هۆنراوە نووسە، شانۆکارە، نیگارکێشە، پێشمەرگەیە، بەیەکەوە لە پۆشتەی خاکێکی ئەزەلییەوە ئامێز و ڕوخسارمان لەیەک تروکانی چاودا پڕدەکرد لە خەونی جوان.

ئەو ئیسلامەی من دەیناسم، دەهاتە لای من نزای خۆی دەگوتەوە، مۆمێکی سپی لە هەمان کڵێسا سپییەکە دادەگیرساند بۆ ئەوەی خوا لێی خۆشبێت، بۆ ئەوەی حەزرەتی مەریەم لێی ڕازی بێت. کە دەڕۆیشتە دەرەوە دەیگوت خودا هی هەموومانە!

ئەو ئیسلامەی من دەیناسم، کوردزمانە وەک من، منیش وەک ئەو دڵم بە کوێستان و گەرمیانەکەی دەسووتێ، منیش وەک ئەو شاخەکان و دۆڵەکان و سەوزاییەکان هاوڕێ و پشت و پەنامن.

ئەو ئیسلامەی من دەیناسم، دڵی وەک ڕووبارە و منیش جەستەم وەک عیفەتی زەویدار، شەوانە لەسەر دیوارەکان دەماننووسی ئازادی، کۆڕەو هات و ئێمە بووینە پاسەوانی ماڵ و حاڵیان، ئەوان لە پێناوی هەموومان دەربەدەر بوون و ئەمانەتی وڵاتیان پێدەسپاردین، ئینجا دەیانگوت بە نیازی دیدار.

ئەو ئیسلامەی من دەیناسم. لە حکومەتەکەی شێخدا بایەخی پێداوم و نرخم هەبووە، متمانەی پێ بەخشیوم، کەریمی عەلەکەی کردووەتە وەزیری دارایی، ئەویش لە بەرامبەردا بە ئەمەک بووە نەک تەنها لەبەرئەوەی کورسیی هەیە، بەڵکو لەبەرئەوەی هەردوولا و بە هەموویان توانیویانە ئەو دەسیسانە و بەربەستانەی دووبەرەکی بشکێنن کە دەهاتنە ڕێیان.

ئەو ئیسلامەی من دەیناسم، دەزانێ قەشەیەک بەناوی "قەشە یوسف پەری" هەبووە کە جگە لە سیمبولە ئاینییەکەی خەباتی کوردایەتی بڵاودەکردەوە، ئەشکەنجە درا، لە قەنارەی سێدارە هاتە خوارەوە و دواتر هەر وازی نەهێنا و بە هەوڵە دیبلۆماسییەکانی کوردی بە دونیای دەرەوە دەناساند. ئەو ئیسلامە، بەوە دەزانێ کە ولیەم یوحەننای داهێنەر چەندین سروود و ئاوازی دڵڕفێنی بۆ کوردستان بەرهەمهێناوە، بلیمەتێک و مامۆستای نەوەیەک کە لە ژێر دەستی ئەودا مۆسیقا و ڕەوشت لەیەک کاتدا فێر دەبوون.

کام لەو ئیسلامەی من دەیناسم، نازانێ مامە سێوەی "ئەوەڵ سەحەرە" کێیە؟ داهێنەری مەقامی ڕەسەنی کوردی کە بەشێوەکی جوان سروودەکانی کڵێسای تێکهەڵکێشی مەقامی کوردی کردبوو.

ئەو ئیسلامەی کە من باش دەیناسم، دەزانێ کە مارگرێت یەکێک بوو لە خانمە پێشمەرگە ئازاکان، پێکەوە لە سەنگەر و پێکەوە تامی لەززەتی سەرکەوتن و خەمی نوشوستیان چەشتووە. ئەو ئیسلامەی من دەیناسم "سستەر خاتوون" ی لەبیرە کە مامانی نیوەی منداڵانی شارێکی گەورە بووە و میهرەبانانە دڵی چەندین دایکی داوەتەوە.

تەنیا ئەو ئیسلامەی کە من دەیناسم و کوردە، دەتوانێ لەوە بگات کە جوانیی خەڵکەکان و نزیکبوونیان لە یەکتری دەیانکات بە هاووڵاتی، بگرە شایستەترین هاونیشتیمانی.

ئەو ئیسلامەی من دەیناسم، کوردە وەک من، ئەویش وەک من بۆ بەدیهێنانی جوانی و ڕاستیی خودایی، سوورە لەسەر شەڕی مان و نەمان لە پێناوی ئەم خاکە بۆ درێژەدان بەو داهێنانەی کە پێکەوە دامانڕشتووە بۆ پێکەوەژیان.

بە منداڵی پێکەوە فێربووین کە یەک زەوی هەیە ئێمە بگرێتە خۆی، یەک نیشتیمان هەیە قەرەبووی ئازارەکانمان بکاتەوە، ئەویش نیشتیمانی خۆشەویستی و وڵاتی ئاشتی و سەرخستنی هیوای پێکەوە ژیانی کوردستانە.

ئەوەی پێی ڕاهاتووین، ئەوەیە کە پێش ئەوەی سەر بە چ ئایینێک بین، ئێمە مرۆڤین، دڵمان بۆ یەک هیوا و بۆ یەک ئاوات لێدەدات، ئێمە پاکیزەیی سپی پێکدێنین، خوێنی سووری جەستەمان بۆ سەوز ڕاگرتنی ژیانمان ئامادەیە بڕژێ و بۆ درەوشانەوەی 21 تیشکی خۆرمان، ئامادەین لەپێناوی بسووتێین.



ناسر باباخانی

# ئەردۆغان هەوە؟

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، بۆ یەکەمجار بەدەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک بووە سەرکۆماری تورکیا و نزیکەی 52%ی دەنگەکانی بۆخۆی مسۆگەر کرد. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەکمەلەددین ئیحسان ئۆغڵو 38% و سەلاحەددین دەمیرتاش 9%ی دەنگەکانیان هێنا. دیارە ئاکامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا لە دوو مانگی ڕابردوودا، ئەو چاوەڕوانییەی ساز کردبوو کە ئەردۆغان بۆ پۆستی سەرکۆماری دەنگ بێنێتەوە. بەلای منەوە براوەی سەرەکی لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا پارتی دادو گەشەپێدان (AKP) و کورد بوون. کە دەڵێم کورد مەبەستم سەرجەم ئەو کەسانەیە کە دەنگیان داوە بە ئەردۆغان یان دەمیرتاش، دۆڕاوی سەرەکیش شۆڤێنیزمی تورکە ناسیۆنالیستەکان و جۆرێ لە باوەڕی عەلمانییەت بوو بە نوێنەرایەتی هەردوو پارتی CHP وMHP .

***

سووکەئاوڕێکی خێرا بۆ دەوڵەتەکانی ڕابردووی تورکیا کە کەسانێکی وەک بولەنت ئەجەوید، تانسۆ چیللەر، مەسعود یڵماز، دێنیز بایکاڵ و... نوێنەرایەتییان دەکرد، نیشان دەدا کە ئەمانە هەرگیز زۆرینەی دەنگەکانیان وەدەست نەهێناوە و بە شێوەیەکی لەرزۆک هاوپەیمانییان لەگەڵ یەکتر سازکردووە کە زۆر زوو تووشی هەڵوەشاندنەوە بوون و دواجار باری نالەباری سیاسی و ئابووری ئەم وڵاتە وای کردووە کە لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا ببێتە دەورگێڕێکی خەسیو!

ماوەی نزیکەی 12 ساڵە AKP لە تورکیا دەسەڵاتی بەدەستە و لەم ماوەیەدا توانیویەتی بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی تایبەت بەخۆی سەرجەم ژێرخانە ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی پتەو و قایم بکات و لە هاوکێشەکانی ناوچەکەدا بە تایبەتی، ببێتە دەورگێڕێکی سەرەکی. دیارە لەم پرۆسە 12 ساڵیەدا هەندێ گرفتی تایبەتی لە لایەن حکومەتەوە سازدراوە کە ڕەنگە لەم کورتە وتارەدا بواری درکاندنی نەبێ، بەڵام کە کۆی کردەوەکانی ئەم دەوڵەتە دەخەیتە تای تەرازووەوە، قورساییەکەی بەرەو وڵاتێکی گەشەسەندوو و دیموکراتیک دەڕوا.

***

چاوخشاندنێکی خێرا بە نەخشەی دەنگەکانی ئەم هەڵبژاردنەی دوایی، نیشان دەدا کە هەندێ لە گەورە شارەکانی ڕۆخی دەریا بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی وەک مێژوویی، فەرهەنگی و خۆشگوزەرانی زیاتر ئاوڕیان لە CHP و MHP داوەتەوەو لە گەورە شارەکانی دیکە ئەوە AKP بوو کە دەنگەکانی بۆ لای خۆی کێش کرد. هەرچەندە لەو گەورە شارانەی CHP و MHP دەنگیان هێناوە AKP پارتی دووەم بووە وەک: ئیزمیر، هاتای، مۆغولا، ئایدین، ئادانا و ئوسمانییە. کەوابوو 52%ی دەنگەکان هەرچەندە ڕێژەیەکی یەکجار گونجاوە بۆ AKP و ئەردۆغان کە پاش 12 ساڵ ئەزموونی دەسەڵاتداریێتی خەڵک متمانەیەکی سەرلەنوێی پێ ببەخشنەوە، بەڵام هەڕەشەکە ڕێک لەم پنتەڕا دەستپێدەکا کە بزانین CHP و MHP بە 38%ی دەنگەکان دژبەری AKPن. CHP و MHP لە ڕابردوودا و ئێستاش نیشانیان داوە کە دوژمنی نەتەوەی کوردن، هەربۆیە لە باکووری کوردستانیش بە دەنگدان بە دەمیرتاش و لە پلەی دووەمدا بە ئەردۆغان ئەوەیان بە تورکە شۆڤێنیستەکان سەلماند کە لە کوردستاندا جێگەیەک بۆ سەربازی پۆستاڵ لەپێ نەماوە و کەمالیزم دەمێکە لە باکوور فاتیحای بۆ خوێندراوە!

***

بێگومان لە باکوور لە زۆربەی هەرەزۆری شوێنەکان ئەوە دەمیرتاش بوو کە دەنگی هێنا. بەڵام ئەم خشتەی خوارەوە ڕەنگە هەندێ شتمان بۆ بدرکێنێ:

| گەورەشار | دەمیرتاش(%) | ئەردۆغان(%) |
|---|---|---|
| وان | 59.68 | 43.44 |
| ماردین | 60.95 | 36.70 |
| ئامەد | 64.06 | 33.58 |
| باتمان | 60 | 38 |
| سیرت | 54 | 42.5 |
| ئاگری | 59.68 | 38.10 |
| شرناخ | 83.17 | 14.81 |
| هەکاری | 81.59 | 16.21 |

ئەم داتایانە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئەوە ڕاستە دەمیرتاش زۆرینەی دەنگی لە باکوور هێنا، بەڵام ئەردۆغانیش دەنگێکی یەکجار باشی هێناوە و ئەمەش نیشان دەدا کە بەشێک لە کورد لە هەڵسوکەوتی ئەردۆغان و پارتەکەی ناڕازی نین. هەروەها لە دوو گەورەشاری گرنگ کە کوردێکی زۆریان تێدا نیشتەجێیە، ڕێژەی دەنگی کورد بەم شێوەیە بوو: ئیستانبوڵ 15 .9%، ئانکەرە 3.47%. خاڵێکی زۆر گرینگ کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ، ئەوەیە کە لەچاو هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەنگی کورد ڕووی لە زیادی کردووە.

***

بە ڕوانین بۆ 30 ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی سیاسی لە تورکیا، ئەم دەسەڵاتە نە تەنیا نکۆڵی لە سەرەتاییترین مافەکانی نەتەوەی کورد کردووە، بەڵکو بەردەوام خەریکی قەلاچۆکردن و کوشتوبڕی ئەم نەتەوەیە بووە. بە هاتنی AKP سیاسەتەکان تووشی ئاڵوگۆڕێکی جددی بوون. فەزای سیاسی و فەرهەنگی کرانەوەیەکی زیاتری بەخۆوە بینی. فێرکاری زمان، فێستیڤاڵ و ڕێوڕەسمی کەلتووری، کەناڵی تەلەڤیزیۆنی کوردی، مۆسیقا و... چەشنێ دانپێدانان بوو بە ناسنامەی نەتەوەی کورد. بۆ وێنە هەر لە ساڵی 2013دا 413 پەرتووک بە زمانی کوردی چاپکراون و بە سەدان پەرتووکی ئەلیکترۆنی هاتوونەتە وەشاندن. بەدەر لەم مشتومڕەی نێوان کورد و دەوڵەت، ئێستا کورد و ئەردۆغان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیان بە یەکتر هەیە. ئەردۆغان لەلایەن تورکە فاشیستەکان و عەلمانییەکان و هەروەها جەماعەتی فەتحوڵڵا گویلەن تۆمەتبارە بەوەی لە هەمبەر دۆزی کورد زۆری نەوی کێشاوە و تەنانەت بەشێک لەو کەسانەی کە دەنگیشیان پێداوە لە هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ کورد ڕازی نین. لەلایەکی دیکەوە کوردیش کە لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتیدان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر، تەنانەت لەنێو خودی پێکهاتەی دەورگێڕانی سەرەکی ئاشتیدا دەکەونە بەر تیری ڕەخنە و تانە و تەشەر. هەرچەندە پەیامەکانی بەڕێز ئۆجەلان لەم دوو نەورۆزەی یەک لە دوای یەکدا ڕێگر بووە لە بەربەست سازبوون بۆ پرۆسەی ئاشتی، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ئەم پرۆسەیە تووشی ئاستەنگ ببێ، هەربۆیە دەبێ هەردوولا زۆر بە وشیاری مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکەن. یەکەم لێدوانی ئەردۆغان هەر لە پاش هەڵبژاردنی وەک سەرکۆمار و جەختی لەسەر بەرەوپێشبردنی پێڤاژۆی ئاشتی هەڵوێستێکی بوێرانە بوو. لایەنی کاریزماتیکی ئۆجەلان و ئەردۆغان دەتوانێ کاتالیزۆرێکی گونجاو بێت بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی. تۆ بڵێی AKP و ئەردۆغان باشترین بژاردە بن بۆ چارەسەری پرسی کورد لەم ساتەوەختەدا؟



گۆران محەممەد

# ئۆکتانی میللەت

لەم هەفتەیەدا دوو سێ دەرزەن شارەزای بواری نەوت و بەنزین هاتنە سەر شاشەی تیڤییەکان. یەکێکم دی تاقە یەک ئۆکتانیش بەسەریەوە نەمابوو، وەک ئەوەی هەموو کورد نەوەی لویس پاستۆر بن، بە درێژایی کاژێرێک باسی ئەوەی دەکرد کە بەنزین پێویستە فاکتەری: ئێق حا هوو یخی کەم بێت، بۆ ئەوەی زیانی بۆ تەندروستیی مرۆڤ نەبێت. نیوەی کورد، کە فاکتەری: شەریفە باوکەڕۆ هێڕی کردوون، بابی تووڕێکی قوڕاوی لە کابرای کەمئۆکتان حاڵی نەبوون. پسپسپۆڕەکەی* دیکەشیان کە دیاربوو ئۆکتانی پەرلەمان تەواو ناڕەحەتی کردبوو، خێرا خێرا دەیگوت پەرلەمان لێی نازانن، ئەوان تەنیا خەمی ماشێنی هاووڵاتیانیانە عەیب نەبێ، بەڵام ئێمە هی ژینگەش. ئۆکتانت فەرموو قوربان، ئەی ئەوە نییە پەیتا پەیتا لە سویسراوە خەڵکی بۆ هەڵمژینی هەوای کوردستان دێن. ئاخر خواوبێ عەبە، ئۆکتانێ بکە ڕێی تێبچێ.

ئەو دوو پسپۆڕە دەیانگوت بە بەرزبوونەوەی هێن، ئۆکتان، کێشیش زۆر دەبێت. بەشبەحاڵی خۆم لەم حکومەتە و لەوەی پێش ئەمەیشدا، تەنیا لە وەزارەتی داراییدا کێشی زۆرم دیوە. خۆ ئەگەر باسی کێشی ترومبێلیش دەکەن، ئەوە نەک من، قرەقرِی ماشێن لەسەر شەقامەکان، ئەکبەر واحید بەدرۆ دەخاتەوە.

ئەرێ بەڕاست ئەوە چەند مانگە خەڵک خوێن دادەنیشین بۆ چۆڕێ ئۆکتان، بە من ناڵێن ئەو هەموو پسپۆڕەی بەنزین و گاز و قەپاڵ لە کوێ بوون تا ئێستا؟ یان ئەوانیش وەک پسپۆڕەکانی هەر بوارێکی دیکەی کوردستانن، ئاخر نیوەی کورد خەریکی سیاسەتن و بەهەموویان دەرەقەتی کا حسێن شەهرستانی نەهاتن. وڵات برووخێ بەسەر سەری مامۆستای زانستگەدا بەردەبێتەوە، کەچی ڕێژەی ئەحمەق لە زانستگەکاندا هەمیشە روو لە هەورازە. لایەکی کورد رۆژنامەنووسە و تیراژی هیچ رۆژنامەیەک ناگاتە ژمارەی رۆژنامەنووسەکان خۆیان. هیچ منی نەکوشتووە چالاکوان نەبێ، کە تەنیا چالاکییان ئەوەیە هیچ چالاکییەکیان نییە.

جا قوربان کە قسە لەسەر هاوردەکردنی بەنزین بێت، پسپۆڕە ئۆکتانبەرزەکانی وەزارەت دەیانگوت کاکە بازاڕ ئازادە و بازرگان بەنزینی خەراپ دێنن، بەڵام خاڵۆ ئەگەر دابەشکردنی زەوی روکن و بازرگانیی هاتەگۆڕێ، بازاڕی خوێڕی حەددی چییە ئازاد بێت و ئەوە تەنیا هی ئەز و خۆم و منە.

جارێ ئۆکتانی داعش تەواو نەبووە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و لیژنەکەی پەرلەمان شەڕە ئۆکتانیانە. ئەم دەڵێ ئۆکتان کەمە و ئەو دەڵێ هەر ئەوەیە. بە ئیجازەی رۆحی شێخ رەزا، ئۆکتانی وەزارەت لەمبەرە و هی پەرلەمان لەوبەرە، میللەتیش کە بەم گەرمایە ئۆکتانیان نەماوە، نازانن لەم بەرن، یان لەو بەرن.

*ئەمە لەسەر کێشی فسفسپاڵەوانە

---



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بتخۆم ئێران! ئێرەت لێ دیارە؟

ئیدی وردە وردە ئەو تەپوتۆزە دەنیشێتەوە کە داعش لە رۆژانی سەرەتای ئەم مانگەوە بە پەلاماردان بۆ سەر شنگال و مەخموور هەڵیکرد. چۆن یەکەم وەجبەی چەک و تەقەمەنی کە گەیشتووەتە هەولێر لەلایەن ئێرانەوە بوو، بۆچی تۆپچییەکانی ئێران و تۆپخانەکەی حازر و ئامادە بوون و هاتن لە گرتنەوەی مەخمووردا یارمەتی پارتییان دا؟ چۆن ئێران وا حازر و ئامادە بوو؟ بۆچی رێگەیان بە پێشمەرگەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نەدا بەشداریی شەڕی داعش بکەن؟ بۆچی پەکەکە بە کەیفی خۆی تەراتێن دەکات؟

ئێران لە سەرەتای گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، پارتی و هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستانی خستە ژێر گوشارەوە کە شەڕی داعش بکەن. یەکێتی بۆ ئەوە سەری پێوە نەبوو، لە خوایەکی دەویست ئەوە بکات. بەڵام پارتی نەدەچووە بن بارەوە. ئێرانییەکان لە سەردانە بەردەوامەکانیان بۆ لای بارزانی تەنها ئەوەندەیان گوێ لێدەبوو کە بارزانی پێیدەگوتن ئەوە شەڕی ئێمە نییە و ئامادە نین بچینە ناو ئەو شەڕەوە. بەڵام درەنگ یان زوو ئەو شەڕە دەبوو هەر کورد بیکات. شیعە لە رۆژانی سەرەتای پەلاماری داعشدا گڕوگەفیان دەکرد و لەشکر و ئۆردوویان ساز دەکرد. بیروبۆچوونی ئەمریکا و مەرجەعەکانی شیعەش ئەوە بوو کە ئەمە دەبێتە شەڕی شیعە و سوننە و ئاگرێک بەرپا دەبێت کە بڵێسەکانی هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتە سووتماک. ئەو سیاسەتەی ئێران هەم سەری مالیکیی خوارد و هەمیش رێگەیان نەدا شەڕەکە ببێتە شەڕی شیعە و سوننە کە لە بنەڕەتدا شەڕی شیعە و سوننە بوو. وەک چۆن حکومەتەکانی عێراق بە بەشداریی کورد دەبوون بە حکومەتی تەوافوقی نیشتمانی، ئەمجارەیان ئێران ئەرکی پێکهێنانی شەڕێکی تەوافوقیی پێ سپێردرا! ئەو شەڕە تەوافوقییەی کە ئەگەر کوردی تێدا بەشدار نەبووایە، نەدەبووە شەڕی تیرۆر و دەبوو بە شەڕی مەزهەبی.

ئێران، پەکەکە و یەکێتی گوڵێکی گەورەیان لە پارتی و گۆڕان کرد. گومان لەوە دەکرێت کە باڵێکی ناو پارتیش لەگەڵ ئەوەدا بووبێت پارتی و حکومەتەکەی دڵی ئێران نەشکێنن و بچنە ناو ئەو شەڕەوە. بێدەنگیی نێچیرڤان بارزانی و تا رادەیەک دوورەپەرێزیی لەو رووداوانەدا جێی پرسیارە. چونکە دۆخەکە لە ئەمڕۆ شڕتر نابێ، بەڵام سەرۆکی حکومەت و وەزیری پێشمەرگەکەی کەمترین دەرکەوتن و لێدوانیان هەیە.

راستە ئێران بە هاریکاریی راستەوخۆی ئەمریکا کوردستانی دەرگیری شەڕ کرد، بەڵام هەر کەسە و لەو شەڕە شتێکی پێدەبڕێت کە رەنگبێ هەمووی پێشوەختە حیساب و کتابی بۆ نەکرابێت. بارزانی لە سۆنگەی تێوەگلان لەو شەڕەوە ئێستا دەڵێ ئەوە منم کە بە نوێنەرایەتی هەموو دنیا شەڕی تیرۆر دەکەم و بەو هۆیەشەوە پشتیوانیی نێودەوڵەتی و چەک و تفاقی بۆ دێت، ئەوە خەونی لەمێژینەی ئەو بوو کە بتوانێ راستەوخۆ چەکی دەستبکەوێت. رەنگبێ ئێران حیسابی ئەو خاڵەی نەکردبێت و وای دانابوو کە خۆی لێرەوە سەرکردایەتی شەڕی داعش بکات، بەڵام ئەوەیانی لە پتە دەرچووە. هێزەکانی وەکو پەکەکە و یەکێتیش پشوویەکیان هاتووەتەوە بەر و داشیان بەرامبەر پارتی سوارە. پەکەکە ناوچەیەکی باشی بۆخۆی دابڕیوە و رۆژ بە رۆژیش لە سۆنگەی رەشکردن و ناوزڕاندنی پێشمەرگەوە کێرڤی جەماوەریی لەناو شارەکانی باشووری کوردستان و بەتایبەتیش سلێمانی لەبەرزبوونەوەدایە. دەشگوترێ رۆژ نییە چەندین گەنجی باشووری کوردستان لە سلێمانی و گەرمیانەوە نەچنە ناو ریزەکانی پەکەکە و چەک هەڵنەگرن!

ئێران جارێکی دیکە گەسکێکی بەناو ماڵی کورددا هێنا و وەک بومەلەرزەیەک ژێرخانی سیاسیی هەڵتەکاند. ئەمڕۆ کەمترین شتێک کە کورد باوەڕی پێی مابێت دەوڵەتی کوردی و جوداخوازییە. رووحی نەتەوەیی کوردی تێکشکاوە و ئێران دەرسێکی پێداین کە قەت ناتوانین ببینە میللەتێکی یەکگرتوو، بناغەی شەڕێکی خۆبەخۆیشی بۆ داناوین کە ئەویش درەنگ یان زوو دەبێ هەر رووبدات.

---



قەرەنی قادری

# داعشی ئیسلامی و "ئیسلامی راستەقینە"

لەوەتەی داعشی ئیسلامی بە ئاڵا رەشەکەیەوە، هێرشی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان و ئەنفالی کوردی ئێزدی و مەسیحییەکان دەکات، لاباڵ و رەوتە جۆراوجۆرە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێن "ئەوەی کە داعش دەیکات هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامی راستەقینەوە نییە"!

ئەو داعشە ئیسلامییە کە کۆمەڵگە بەسەر "کافر" و "مسوڵمان"دا دابەش دەکات، ملپەڕاندن، لەناوبردنی کوردی ئێزدی، کاکەیی و مەسیحییەکان بە یەکێک لە ئەرکە پیرۆزەکانی خۆی دەزانێت. کێشەکە لەوەشدایە، ئەوانەی دەڵێن: "داعش پەیوەندی بە ئیسلامی راستەقینەوە نییە"، هەر خۆیشیان باوەڕیان بە چەمکی "کافر" و "مسوڵمان" هەیە و هەر ئەوانیش لە روانگەی "کافر" و "مسوڵمان"ەوە سەیری کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان دەکەن.

لە جیهانی ئەمڕۆدا چەندرەنگی، چەنددەنگی و لە کۆتاییدا پێکەوەهەڵکردن بنەمای ئەو وڵاتانەیە کە بە بەرەی دیموکراسی ناسراون. ژیان لە کۆمەڵگەیەکی فرەچەشنەدا، تەنیا بە کۆمەڵە یاسایەک رێکدەخرێت، کە دان بە بوونی رەنگ و دەنگە جیاوازەکاندا بنێت و هەر بەو پێیەش، دەبێ یاسای ئەقڵانی ئاسایش و پێکەوەژیانی ئەوان دابین بکات. کاکڵی ئەو چەشنە ژیانە ئەوەیە کە نابێت هەڕەشە جا چ فکری یان جەستەیی بۆ سەر جیاوازییەکان بکرێت. هەرێمی کوردستانیش بەدەر لەو رەنگ و دەنگە جیاوازانە نییە و لە بواری نەتەوەیی، دینی و مەزهەبییەوە لەمێژە پێکەوە دەژین. مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانیش لە کوردستان ئەمەیان سەلماندووە کە رزگاریی نەتەوەیی بنەما و کۆڵەکەی سەرەکی بووە. لە مێژووی نوێی کوردستاندا دوو سەرکردەی نەمر، ناودار و ئیمانداری کورد: (قازی محەممەد 1900-1947) و (مەلا مستەفای بارزانی 1903-1979)، لەشکری ئیسلام و جوندوڵڵایان دروست نەکرد، بەڵکو رێک بە پێچەوانەوە، هێزی پێشمەرگەیان دروست کرد و بە سروودی نەتەوەیی (ئەی رەقیب)ەوە، ئاڵای کوردستانیان لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد شەکاندەوە.

هیچ کام لەوان، بزووتنەوەیەکی ئیسلامییان لە کوردستاندا وەڕێنەخست. ئەم سەرکردانە، رزگاریی نەتەوەیی ئامانجیان بوو. لە مێژووی کۆن و ئێستای کوردستاندا، هەموومان زاراوەی "کوردایەتی"مان بیستووە و دەیبیسین. سەرەکیترین پێناسەی بزووتنەوەی کورد لە ماوەی نزیک بە 150 ساڵدا، نەتەوەییبوونی بووە. گشت کارناسان، لێکۆڵەران و توێژەرە بیانی و کوردستانییەکان، کاتێک باسی کێشەی کوردیان کردووە یان دەیکەن، تەوەری سەرەکیی باسەکانیان مافی نەتەوەیی و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانە، نەک "کافر" و "مسوڵمان"بوون. بەڵام بە پێچەوانەوە، لە زۆربەی برگە مێژووییەکاندا هەر ئەو کوردە لەلایەن خەلیفە و سوڵتانە ئیسلامییەکانەوە رووبەڕووی قڕکردن بووەتەوە. لەم سەردەمەدا دابەشکردنی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بەسەر "کافر" و "مسوڵمان"دا، هەم بە لاڕێدابردنی پرسی ئێستای هەرێمی کوردستانە، هەمیش پروپاگەندە و هاندانی بەشێکی کۆمەڵگەیە بە دژی بەشەکەی دیکە. دابەشینی کۆمەڵگە بەسەر "کافر" و "مسوڵمان"، یانی سڕینەوەی پێکەوەژیان، هەروەها هەڕەشەیە لە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان.

هەر لە سەردەمی خەلیفەکانی راشدینەوە بگرە تا دەگاتە ئەمەوی، عەبباسی، سەفەوی، سوڵتانەکانی عوسمانی، عەرەبستان، کۆماری ئیسلامی، تالیبان، ئەلقاعیدە، داعش و... گشتیان لە هەوڵی ئەوەدا بوون و هەوڵ دەدەن کە خۆیان بە نوێنەری "ئیسلامی راستەقینە" لە قەڵەم بدەن. ئەو هەموو خوێندنەوە جیاواز و لاباڵانە ئەوە نیشان دەدات کە هزری ئیسلامی لە قەیرانێکی مێژوویی و قووڵدا دەژیت و تا ئێستا هیچ کام لەوان نەیاتوانی، هەروەها ئەوانەی ئەم سەردەمەش نەشیان ژیانێکی بەختەوەرانەی سەردەم بۆ کۆمەڵگە رەنگاوڕەنگەکانیان دابین بکەن. پرسی سەرەکی و هەنووکەیی هەرێمی کوردستان ئەوە نییە کە یەک یان دەیان و سەدان گرووپی رەنگاوڕەنگی ئیسلامی بخوازن خۆیان بە نوێنەری "ئیسلامی راستەقینە" بناسێنن، چونکە ململانێ لە نێوان گرووپە ئیسلامییەکاندا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کامیان "راستەقینە"ن، بەمزووانە کۆتایی نایەت. ئەوەی کە روونە، ئەم دۆخە دوو کارتێکەری پێچەوانەی لە کوردستاندا دروست کردووە، لەلایەک ئیسلامییەکانی تووشی قەیران کردووە، لەلایەکی دیکەوە نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیزمی لە کوردستاندا بەهێز کردووە.

ئەوەی برِوای بە "کافر" و "مسوڵمان"یش هەبێت، دەبێتە سەرچاوەی کێشە لە کۆمەڵگەدا. بێشک ئەو چەشنە باوەڕە، دژ بە ئازادی، دیموکراسی و مافی مرۆڤیشە. ململانێی نێوان دیموکراسی و ئازادی لەگەڵ ئیسلامییەکاندا، لە زۆر شوێنان خۆی تاقیکردووەتەوە، لە هەر جێگایەک کە باس لە ئازادی، مافی مرۆڤ، پێکەوەژیان و دیموکراسی کراوە، ئەوە ئیسلامییەکانن کە بوونەتە بەربەست. پرسی سەرەکی و هەنووکەیی ئەوەیە کە داعشی ئیسلامی تێکبشکێنرێت و هەرێمی کوردستانیش سنوورەکانی خۆی ساخ بکاتەوە. باسە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئایا کۆمەڵگەی رەنگاوڕەنگی هەرێمی کوردستان بەپێی ئایین یان یاسا مەدەنییەکان (مافی مرۆڤ) بەڕێوە بچێت؟ ئەگەر کۆمەڵگەی فرەڕەنگی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەما قەیراناوییەکەی "کافر" و "مسوڵمان" بەڕێوە بچێت، بێشک کارەسات روودەدات، لەبەر ئەوە دەبێ یاسایەکی دیموکراتیک و عەقڵانی کە پشتی بە ئاوەز و ئەزموونی مرۆڤایەتی بەستووە، کۆمەڵگە رێکبخات.

---



مەجید نیزامەدین گلی*

## کورد و ئەمریکا

# لە بەرەی هاوبەشەوە بەرەو هاوپەیمانیی ستراتیژی

کورد لەساڵی 2003وە لە یەک بەرەدا بووە لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام نەدەکرا ئەو یەکبەرەییە بکرێتە هاوپەیمانییەک کە ئیدارە جیاوازەکانی ئەمریکا نەتوانن دەستی لێ هەڵگرن.

بەڵام ئێستا بارودۆخەکە جیاوازە. کورد لە 2014دا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هێزێکی نیمچە شەرعییە و ئەمریکا پێویستی بە هێزی سەقامگیرکەر هەیە لە ناوچەکەدا. کورد دەتوانێت بە دوو رێگا ئەم یەکبەرەییەی ئێستای لەگەڵ ئەمریکا بکاتە هاوپەیمانییەک کە تەمەنی لە هەڕەشەی داعش درێژتر بێت.

### سوودوەرگرتن لە کۆمەکی سەربازیی ئەمریکا

لە کۆی 93 هێرشی ئاسمانیی ئەمریکا لە دژی داعش، 60یان بۆ گرتنەوەی بەنداوی موسڵ بووە. هێزەکانی پێشمەرگە زۆر پشت بە هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا دەبەستن. ئێستا پێشمەرگە چەکی زۆری نییە و پشتگیریی ئەمریکای پێویستە، بەڵام نابێت پاڵ بداتەوە و هەر پشت بە فڕۆکە ئەمریکییەکان ببەستێ. نەک هەر لەبەرئەوەی پشتگیری سەربازیی راستەوخۆی ئەمریکا لەوانەیە کەمتر ببێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی کورد وەکو بارێک لەسەر ئەمریکا نەبینرێت و ئەمریکا بە جددی وەکو هاوپەیمانێک تەماشای بکات.

نوخبەی سیاسی لە کوردستان لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە پێشانی ئەمریکا و ئەورووپای بدەن هەرێمی کوردستان شایستەی ئەوەیە رزگار بکرێت لە ناسەقامگیری و ئاژاوە. هەنگاوی داهاتووی کورد دەبێت سەلماندنی ئەوە بێت کە دەکرێت ببێتە هاوپەیمانێکی کارا لە ناوچەکەدا، بێ ئەوەی پێویست بکات ئەمریکا پارە و چەکی زۆری بۆ خەرج بکات. ئیسرائیل و تورکیا و سعودیە بە نزیکترین هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دادەنرێن لە ناوچەکەدا و لە واشنتن بە جددی گوێ لە رای سەرکردەکانیان دەگیرێت. هۆکارەکەشی زیاتر لەبەرئەوەیە ئەو سێ هاوپەیمانە زۆر بەباشی سوود لە یارمەتییە سەربازی و ماددییەکانی ئەمریکا وەردەگرن. ئەوان چەندێک پێویستیان بە ئەمریکایە، ئەوەندەش ئەمریکا پێویستی بەوانە. لە بەرامبەردا، میسر و ئوردن و پاکستان نموونەی ئەو هاوپەیمانانەی ئەمریکان کە زۆریان دەوێ و سوودیان کەمە. ئەمریکا ناچارە پارە و چەکیان بداتێ بۆ ئەوەی تووشی رووخانی یەکجاری نەبن.

کورد ناتوانێت وەکو ئوردن و میسر و پاکستان رەفتار بکات. بۆ کورد، ناردنی چەک و بەردەوامیی هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا تاکو ئەوکاتە بەردەوام دەبێت کە بەغدا سەرۆک وەزیرانێکی بێ هێزی هەبێت و داعش وەکو هەڕەشەیەکی جددی بمێنێتەوە.

کورد کاتی زۆری نییە بۆئەوەی بۆ ئەمریکای بسەلمێنێت کە واشنتن لە پشتگیریکردنی کورد بڕیارێکی باشی داوە. ئەمریکا هێزێکی بەخشندەیە بۆ هاوپەیمانەکانی و رەزیلی ناکات تاکو ئەوکاتەی کۆنگرێس دەست دەکات بە پارە ژماردن. 31ی ئۆکتۆبەری 2014 رۆژی دەستپێکردنی ساڵی دارایی نوێیە لە ئەمریکا. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکی بودجە زەبەلاحەکەی پێشکەش بە کۆنگرێس دەکات. ئەوکات کۆنگرێس و میدیاکانی ئەمریکا باس لە خەرجیی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا دەکەن لە عێراق و هەر ئەندامێکی کۆنگرێس رەنگە بڵێت "کورد شەڕ ناکات و هەر پشت بە مووشەک و چەکی ئەمریکی دەبەستن".

ئێستا زۆرینەی بەرپرسان و چاودێران لە واشنتن پێیانوایە یارمەتی سەربازی بۆ کورد وەبەرهێنانێکی خراپ نییە. دەبێ کورد هەوڵ بدات ئەو ناوبانگەی بپارێزێت. ئۆپۆزسیۆنی سووری و دەسەڵاتی فەلەستینی بە هیوای ئەوەن کە ئەمریکا وەکو کورد بە باشی تەماشایان بکات و زۆربەی چاودێران لە واشنتن نەڵێن پارە و چەک ناردن بۆ ئەوان وەبەرهێنانێکی خراپە.

بۆیە پێش مانگی نۆڤەمبەر، کورد لانیکەم دەبێت وا دەرکەوێت کە سوودی لە یارمەتی ئەمریکا وەرگرتووە و ئەوە بۆ جیهان بسەلمێنێت کە یارمەتیدانی کورد وەبەرهێنانێکی خراپ نییە. بێجگە لەوە، کورد هەردەبێت هەرچی زووە پشت بەخۆی ببەستێ. مانگی نۆڤەمبەری داهاتوو هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا ئەنجامدەدرێت. دوای ئەو هەڵبژاردنانە ئەگەر حیزبەکەی بیباتەوە یان نا، ئۆباما ئیتر زۆر پێویستی بەوە نابێت کە بۆ رای گشتی ئەمریکی وەکو سەرکردەیەکی بەهێز دەربکەوێت و هێرشی ئاسمانی زیاتر بکاتە سەر داعش.

### کلیلی سەقامگیری

بۆ ئەوەی ئەمریکا بە هاوپەیمانێکی کاتیمان نەبینێت، پێویستە ئەوە بسەلمێنین کە دەتوانین بە یارمەتییەکی کەمی ئەمریکا سەقامگیریی کوردستان و بەشێک لە ناوچە سوننییەکانی عێراقیش بپارێزین. بۆ ئەم مەبەستە، پێویست ناکات پێشمەرگە بەردەوام پاسەوانی گوند و شارە سوننییەکانی عێراق بکات، بەڵکو هێزێکی نوخبەی کوردی بەسە کە بتوانێت رێگە بگرێت لە دروستبوونی مۆڵگەی ئارام بۆ گرووپە توندڕەوەکان.

ئێستا، ئەمریکا و فەرەنسا مەشقی سەربازی پێشکەش بە پێشمەرگە دەکەن و چەکی مامناوەند و قورسیان دەدەنێ. کورد دەبێت سوود لەو هێزانە وەربگرێت بۆ دوای قۆناغی داعش. کورد دەتوانێت ئەو پێشمەرگانەی کە راهێنانیان پێ کراوە لە یەکەیەکی سەربازیی تایبەت کۆبکاتەوە. ئەو یەکانە هێزی تایبەت بن و دوور بن لە حیزبایەتی و واستە کە وایان لێدەکات دەوامی خۆیان بەباشی نەکەن و لە مەشق و راهێنان بەردەوام نەبن. ئەم هێزە کاتێک گرنگیی سیاسی دەبێت کە بتوانێ ئۆپەراسیۆنی سەرکەوتوو لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن. ئەمەش ئامادەکاری سەربازیی باشی دەوێت.

لە قۆناغی نەمانی باڵادەستیی داعش لە ناوچە سوننییەکانی عێراق، ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئەمریکا و ئێران، بێجگە لە چارەسەری سیاسی، بە دوای میکانیزمێکی سەربازیدا بگەڕێن کە رێگە بگرێت لە دووبارە دروستبوونەوەی دیاردەی هاوشێوەی داعش. لە کاتێکدا سوپای عێراقی زۆرینە شیعە و هێزە سوننییەکانی ئەو ناوچەیە زەحمەتە ئەم کارەیان پێبکرێت، ئەو هێزە تایبەتە کوردییە دەتوانێ ببێتە بەدیلێک.

دەبێت ئامانجی کورد ئەوەبێت، کاتێک کە گرووپێکی توندڕەو دەست بەسەر گوندێکی نزیک موسڵدا دەگرێت، ئەمریکا بە ناچاری پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە بکات کە لە هەولێرەوە بچن و رووبەڕوویان ببنەوە. ئەوکات لەوانەیە ئەمریکا ئەو بنکە سەربازییەی ئێستا لە هەولێر هەیەتی هەر بەکراوەیی بهێڵێتەوە و فراوانتریشی بکات. ئەمەش قووڵییەکی ستراتیژی دەداتە پەیوەندی کورد و ئەمریکا و وا دەکات سەرکردەکانی واشنتن لە داهاتوودا دوو جار بیر بکەنەوە لە راگرتنی پشتگیرییان بۆ کورد.

*** شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی تۆڕی میدیایی رووداو و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی نیویۆرک.**



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# داعش لە خوێنماندایە

باشووری کوردستان لە شەڕێکەوە ئاڵاوە کە دوژمنەکەی خۆی تێدا ناناسێت. هەموو کەس دەزانێت شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعشە، بەڵام ئەو شەوەی کە نیوەی هەولێر خۆی پێچابووەوە بۆئەوەی شارەکەی بەجێبهێڵێت، کەس بەدروستی نەیدەزانی داعش چییە. بۆیە ئێستاش کە ناوی داعش دێت، دوو گەنجی دەمارگیرمان هەڵدەستن و داوای دەرکردنی عەرەبان دەکەن. وەک بڵێی هەموو عەرەب لەگەڵ داعش بن و هەموو کوردیش دژی داعش بن.

هەرچەندە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) و پرۆژەی خەلافەتەکەی لە ناوچە سوننەنشینەکانی سووریا و عێراقدا ژینگەی نەشونمای بۆ دروست بوو، بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگە بۆئەوەی بڵێین داعش نوێنەرایەتی هەموو عەرەبی سوننی دەکات. بۆیەش کاتێک داعش تەقینەوەیەک لە هەولێر دەکات یان کاتێک شارۆچکەیەکی باشووری کوردستان لەدەست پێشمەرگە دەردەهێنێت، ناکرێ گەنجانی کورد شووی لێ هەڵبکێشن و عەرەبی دانیشتووی کوردستان بە تەڕو وشکەوە پێکەوە بسووتێنن.

حکومەتی کوردستان زۆر بێسەروبەر و بێپلانە لە وەخۆگرتنی بێگانەکاندا لە کوردستان. بۆنموونە لە بازگەکانی نێوان کەرکووک-سلێمانی یان کەرکووک- هەولێر زۆر ئاساییە کە کارمەندێکی ئاسایش سەر بەنێو ئۆتۆمبێلەکەتدا بکات و پێتبڵێت "ئەگەر عەرەبت لەگەڵە با دابەزێت". داروبەردی وڵاتەکەت بە عەرەبی قسەدەکات و تابلۆی سەر دووکانەکانی دەبنە عەرەبی و ژمارەی دانیشتووانی عەرەبی یەکێک لە جوانترین شارەکانی کوردستان (کە شەقڵاوەیە) لەژمارەی کورد بەرزتر دەبێتەوە، کەچی حکومەت تەقەی سەری دێت.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەم بێ پلانییەی حکومەت و هەڕەشەی گرووپێکی وەکو داعش وابکات داوای دەرکردن و ئازاردانی عەرەبەکانی دانیشتووی کوردستان بکەین.

جارێ بەر لە هەر شتێک، هەر حکومەتێک بیەوێت وڵاتەکەی بکاتە زۆنێکی ئازادی ئابووری و بەوهۆیەوە گەلەکەی خۆشگوزەران بکات، ناتوانێت ڕێگە لە گۆڕانی دیمۆگرافیی هەستپێکراوی شارە گەورەکانی بگرێت. ناکرێ هەولێر چاوی لەوە بێت مۆڵەکانی هەمیشە جمەیان بێت، هوتێلەکانی هەمیشە پڕ میوان بن و چێشتخانەکانی ئاگریان تێدا نەکوژێتەوە، بەڵام قبوڵیش نەکات عەرەب رووی تێبکەن. چونکە ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە کڕیاری پارەدار و پارەخەرجکەر لە کوردستان عەرەبن نەک کورد. ناکرێ چاومان لەوەبێت کەرتی تەندروستی و نەوت و کشتوکاڵ گەشە بکەن، بەڵام ڕێگە لە هاتنی عەقڵ و هێزی کاری تورک و فارس و عەرەب و ڕۆژئاوایی بگرین. مادام بژارەی ئەوەمان هەڵبژاردووە کە پێشبکەوین، دەبێ دەرهاویشتەکانیشیمان قبوڵ بێت و لیمۆ گەنیوەکە بکەینە شەربەت.

لە باشووری کوردستان حیزبی ئیسلامی هەیە لە پەرلەماندا نوێنەری هەن و بەشداریشی لەو حکومەتەدا کردووە کە پێشمەرگەکانی شەڕی دژی داعش دەکەن، کەچی ئەو حیزبە بە شەرمنییەوە هەڵوێستی لەسەر داعش ڕادەگەیەنێت. هێشتاش هەموو ئەندامانی لەسەر سەرکۆنەکردنی ئەو گرووپە هاوڕا نین. هەروەها لەنێو چەکدارانی داعشیشدا بەدەیان ئەندامی کوردی باکوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان هەن. لەم شەڕانەی دواییدا ئەمیری داعش هەبووە کوژراوە و دەرچووە کوردی باشوورە. ریپۆرتەری سەر بە میدیای داعشیش چووە شنگال و بە کوردییەکی ڕەوان ستۆریی موسڵمانبوونی بەزۆرەکیی کوردە ئێزدییەکانی ڕوماڵ کرد. بۆیە ئەگەر بڕیاربێت هەرکەسێک هاوسۆز بوو لەگەڵ داعش لە وڵاتەکەمان دەریبکەین، ئەوکات دەبێ هاوزمان و هاوخوێنەکانی خۆشمان دەربکەین. چونکە داعش لە خوێنی براکانی ئێمەشدایە. بەڵام ئایا لەمەدا کێ قازانج دەکات و داعش لاواز دەبێت؟






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# داودئۆغڵو کێشەکانی لەگەڵ کوردستان "سفر" کرد

پارتی داد و گەشەپێدان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، هێڵێکی جیاوازی دروستکرد لە مێژووی سیاسی تورکیادا. پێکهاتەی ناوخۆیی پارتەکە لەگەڵ پەیوەندییە ناوخۆییەکانی بە تەواوی جیاوازن لەو نموونانەی لەوەوپێش لە تورکیا بینراون. ڕاستە شەخسی ئەردۆغان هاوشێوەیە لەگەڵ عەدنان مەندەرەس و تورگوت ئۆزال، بەڵام پارتی داد و گەشەپێدان بە تەواوی جیاوازە لە پارتی دیموکرات و پارتی نیشتیمانی دایک. خاڵی هاوبەشی هەر سێ پارتەکە ئەوە بووە کە لە بەرەی ئەنتی ستاتوکۆ بوون، دژایەتی ئەو پێکهاتە جێکەوتەیەیان کردووە کە پارتی گەلی کۆماری لە تورکیا پێکیهێناوە. هەرسێکیان پارتی ناوەند بوون و زۆربەی دەنگیان لە دانیشتووانی موحافزکاری تورکیا هێناوە. سیاسەتمەدارەکانی ناو پارتەکەش کۆکراوەی هێڵە سیاسییە جیاوازەکان بوون کە دژایەتیکردنی ستاتوکۆ کۆیکردوونەتەوە. بەڵام گەورەترین تایبەتمەندی کە داد و گەشەپێدان جیادەکاتەوە لەو دووەی دیکە، پابەندیی ناوخۆیی و یەکڕیزیی سەرکردەکانیەتی کە بە دەگمەن لە پارتەکانی دیکەدا بینراوە. نابێت ئەوەش لەیاد بکرێت کە ئەو بارودۆخەی داد و گەشەپێدانی گەیاند بە ئەمڕۆ، زۆر لەبارتر بوو بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی ساڵانی پەنجاکان بۆ پارتی دیموکرات و ساڵانی هەشتا و نەوەدەکان بۆ پارتی نیشتیمانی دایک.

بێگومان ئەم ئارامییە ناوخۆییەی ناو پارتی داد و گەشەپێدان دەرفەتی بۆ ڕەخساند کار لەسەر کێشەکانی وڵات بکات. واتە، ئەم پارتە هەموو وزەی خۆی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی تورکیا بەکارهێنا، لەبەر ئەوەی کێشە و ململانێی ناوخۆیی نەبوو خوێنی بمژێت و وزەی بەرێت. یەکێک لەو نەخۆشییە درێژخایەنانەی ئەو وڵاتەی لە پەلوپۆ خستبوو، سیاسەتی دەرەوەی بوو. لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە هەتا سەرەتاکانی 2000 ، تورکیا سیاسەتێکی دەرەکی پاسیڤی هەبوو. کودەتا سەربازییە یەک لە دوای یەکەکان لە لایەکەوە و پێکدادانی ڕەوتی چەپ و ڕاست لە لایەکی دیکە، هاوکات لەگەڵ شەڕی ئێتنیکی و مەزهەبی، تورکیایان لە گێژاوێکی ناوخۆییدا بەگیرهێنابوو کە نەیدەتوانی سەر بەرز بکاتەوە و بڕوانێتە دەوروبەری. هاندیکاپێکی دیکەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ڕاوەستانی بوو لەبەر قاپی یەکێتی ئەورووپا بۆ زیاتر لە نیو سەدە بەبێ ئەنجام. هەموو ئەمانە وایان لەو وڵاتە کردبوو، ببێتە وڵاتێکی نامۆ بە دەوروبەری و دەسەپاچە لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کە یەکێتی ئەورووپای کردووەتە میحوەر و لە دەوری دەگەڕێ بۆ ماوەی 50 ساڵ، بەڵام بێ ئەنجام.

ئەحمەد داودئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا کە چاوەڕوان دەکرێت لەم چەند ڕۆژەدا ببێتە سەرۆک وەزیران، یەکێک بوو لەو کەسانەی لە ساڵانی نەوەدەکانەوە درکی بەم ڕاستییە کردبوو لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا. هەتا ساڵی 2001 کتێبی "قووڵایی ستراتیژی" نووسی. داودئۆغڵو کە ئەوکات ئەکادیمیسیەنێکی ناسراو بوو، لە کتێبەکەیدا باسی لەو گێژاوە دەکرد کە تورکیای گیرۆدە کردووە و بووەتە لەمپەر لەبەردەم بنیادنانی سیاسەتێکی دەرەکیی تەندروست. داودئۆغڵو لە کتێبەکەیدا دەڵێت پێویستە پێگەی تورکیا کە بە "پرد"ی بەستنەوەی ئاسیا و ئەورووپا دەزانرێت، بگۆڕدرێت بۆ "ناوەند"ێکی بەهێز. هاوکات پێشنیار دەکات هەوڵەکان بۆ بوون بە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا نەبێتە هۆی پشتگوێخستنی وڵاتانی دراوسێ. بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی قەفقاز، وڵاتانی بەڵکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشنیارێکی دیکەی ئەحمەد داودئۆغڵو بوو. ئەم خوێندنەوەیە، دەتوانرێت بە یەکێک لە لێکدانەوە بابەتییە دەگمەنەکانی مێژووی تورکیا ناوزەد بکرێت، لەبەر ئەوەی واقعبینییەکی قووڵی پێوە دیارە کە بە دەگمەن لە ئەکادیمیسیەنە تورکەکان دەبینرێت.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دراوسێکانیشی، مەقولەیەکی بەناوبانگ هەبوو کە لە سەرەتای ساڵانی بیستەکانەوە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم باو بوو، دەیگوت "تورکیا 3 لای بە دەریا و 4 لای بە دوژمن دەورەدراوە". داودئۆغڵو تێزێکی هێنایە پێشەوە بۆ ڕووخاندنی ئەم مەقولەیە کە ئیدی بووبوو بە قەدەری نەگۆڕی وڵاتەکەی. ئەو تێزەش ناوی "سفر کێشە" بوو. ئەم تێزە پێشنیاری چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان دەکات لەگەڵ هاوسێیانی تورکیا و ئەمە بە زامنی بەهێزبوونی ئەو وڵاتە دەزانێت وەک ناوەندێکی سیاسی و ئابووری.

پێدەچێت ئەحمەد داودئۆغڵو شانسدارترین مرۆڤ بووبێت کە دەرفەتی جێبەجێکردنی تێزەکانی دەستکەوتووە. ئەویش بە کارکردنی وەک ڕاوێژکاری عەبدوڵڵا گوڵ و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ماوەی سەرۆک وەزیرانیاندا. لە ساڵی 2002 ەوە هەتا ساڵی 2009 داودئۆغڵو بناغەکانی سیاسەتی نوێی دەرەوەی تورکیای دارشت کە خۆی بە ئەندازیارەکەی دەناسرێت. دوای 2009ش کاتێک بووە وەزیری دەرەوە، دەرگایەکی دیکەی لەبەردەم والابوو بۆ فراوانترکردنی بواری جێبەجێکردنی تێزەکانی.

کۆمەڵێک ڕەخنە لە داودئۆغڵو دەگیرێت کە لە ماوەی کاری ئەودا وەک وەزیری دەرەوە، تورکیا گەیشتووەتە لێواری جەنگ لەگەڵ سووریا و ئیسرائیل، هاوکات سەرکەوتوو نەبووە لە سیاسەتەکانی لە میسر و وڵاتانی دیکەی عەرەبی. بەڵام ئەگەر بە دیوێکی دیکەدا تەماشای بکەین، لەو ماوەیەدا تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی چواردەوری بەرەو ئاساییبوونەوە برد. بۆ نموونە، یۆنان و ئەرمینیا و باشووری کوردستان. بەڕای من کۆی هاوکێشەکە، دەبێت بە دەستکەوت ئەژمار بکرێت بۆ تورکیا، لەبەر چەند هۆیەک: تورکیا لەگەڵ یۆنان و ئەرمینیا و باشووری کوردستان لە بارێکی پەیوەندی زۆر خراپەوە گەیشتووەتە ئەم ئاستە. بەڵام خۆ لەگەڵ سووریا هیچ کاتێک دۆستێکی زۆر باش نەبووە. ئەگەر بۆ ماوەیەک پەیوەندییەکان باشیش بووبێتن، هەر لە ماوەی دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان بووە. کاریگەری تورکیا لەسەر میسر و وڵاتانی عەرەبیش قەت هێندە گەورە نەبووە، هەتا ئێستا گلەیی لە داودئۆغڵو بکرێت کە بەهۆی ئەوەوە کەمی کردووە. گرژییەکانیش لەگەڵ ئیسرائیل، لە ئەنجامی هێرشی سوپای ئیسرائیل بووە بۆ سەر کەشتی "ماڤی مەرمەرە" کە دواجار بە قازانجی تورکیا شکایەوە، بەو پێیەی تەلئەبیب ناچار بوو داوای لێبووردن لە ئەنقەرە بکات و لە ئەنجامدا ئیعتیباری تورکیا زیادی کرد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

گرنگترین دیوی مەدالیاکەش بۆ ئێمە، بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی تورکیایە لەگەڵ باشووری کوردستان کە فرۆشتنی نەوتی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەوە بەڕای من گرنگترین دەسکەوتی کوردە کە نەک تەنها لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێزمان دەکات، بەڵکو لە ڕووی ئەمنی و سەربازییەوە بووەتە زامنی ئاسایشی کوردستان و لە ڕووی سیاسیشەوە هەرێمی کوردستانی هەنگاوێک نزیک کردووەتەوە بەرەو بڕیاردانی چارەنووس. لەبەر ئەم هۆیە دەکرێت شەخسی داودئۆغڵو بە هاوکارێکی نزیک ببینین. هاوکات تێزەکەی بە تێزێکی پۆزەتیڤ بۆ دۆزی کورد و بوون بە سەرۆک وەزیرانیشی بە دەرفەتێک بۆ باشووری کوردستان هەڵبسەنگێنین.



بیلال ئەحمەد

# شنگال زەنگا مەترسیێ بۆ پارتی

پارتیا دیموکراتا کوردستانێ و سەرۆکاتییا هەرێما کوردستانێ ڕاگەهاند، پشتی ڕوودانێن شنگال وان دەست ب لێکۆلینێ دگەل بەرپرسێن حزبی و ئیداری کرییە و خەمسار دێ هێنە سزادان، هەر چ قاس ئەو گاڤ درەنگ کەڤت، لێ هەتا ڕادەکی باندۆر ل سەر جادەیا بادینان و جەماوەرێ پارتی کرییە و بابەتەکێ گەرمە ل ناڤا خەلکی.

سەدەمێ ئێکێ یێ شکەستنا ل شنگال و زومار خەمسارییا پارتی و پشتگوهـ خستنا بادینان بوویە ژ ڕوویێ سیاسی و پارتایەتی و ئیداری و سەربازی ڤە، ژبەرکو بادینان بۆ پارتی یا گرەنتی کری بوو، لەورا ژی خەما وێ یا مەزن هەولێر و سلێمانی و کەرکوک بوون.

پارتی گەلەک جاران سۆزا گوهەرتن و سزادانا بەرپرسێن دهۆکێ یێن خەمسار دایە، لێ هەتا نها ئەو سۆز نەهاتینە بجهـ ئینان و خەلکێ بادینان ژ سۆز و پێرابوونێن دژی بەرپرس و خەمسارییا وان بێ ئومێد بووینە و وەسا هزر دکەن لێکۆلینێن نها وەکو یێن بەرێ دێ تەنێ بنە سۆزێن سەر شاشەیان.

ل هەمبەر دا زرارێن ڤێ گەرێ یێن پارتی نەوەک یێن گەرێن بهۆری نە، پارتی زرارەکا مەزن ژ شاشییێن بەرپرسێن خوە ل بادینان دیت کو باوەریا خەلکەکێ زۆر ل شنگال و زومار و دەشتا نەینەوا ژ دەست دا و ئاشکرنا باوەریێ ژی دووبارە گەلەک زەحمەتە و سال پێدڤیینە.

پارێزگەها دهۆکێ ژبەر دەڤەرێن کوردستانی یێن دەرڤەی ئیدارەیا هەرێما کوردستانێ دوو قات ژ ڕووبەرێ وێ زێدەبوویە، بەشەک ژ بودجەیا وێ بۆ وان دەڤەران دچوو، دگەل ڤێ یەکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بودجەیا وێ ب تەمامی ڕەوانە نەدکر، ل گۆر هەموو ئامارێن فەرمی یێن دهۆکێ ڕێژا فەرمانبەرێن دهۆکێ 11 بۆ 12 ژ سەدێ کو پێدڤییە 23 ژ سەدێ بە، ئەو فەرمانبەر و بودجە ژی ژ بۆ شنگال و زومار، شێخان، تلکێف و دەڤەرێن دی هاتینە تەرخانکرن.

پارتی ژ ئالیێ سەربازی ڤە گرانیا خوە خستبوو سەر کەرکوک و دەڤەرێن دی کو یەکێتیا نیشتیمانیا کوردستانێ تێدا دەستهەلاتدارە، دهۆک پشتگوهـ خستبوو، ل گۆر چاڤکانییێن سەربازی ئەو چەکێ هێزێن پێشمەرگەی ل سەربازگەها کەسکێ بدەست خوە خستبوو چەکەکێ زۆربوویە، لێ نەهاتییە ڕادەستکرن بۆ پێشمەرگەی و پێشمەرگە ژی گارندەیا ڤێ یەکێ هەر ل ڕۆژا گرتنا کەسکێ و هەتا ئیرۆ هەیە.

ژ ئالییەکێ دن ڤە کادرێ پارتی یێ ناڤین و کەسێن گەنج و نوو ل دهۆکێ بێ ئومێد بوونە ژ پارتی و پارتی دەمەکێ درێژە "دامانێ" ب کادر و بەرپرسێن دهۆکێ دکەت و جهـ گوهەرتنێ ب وان دکەت، گەلەک زەحمەت کەسەکێ نوو بهێتە د پۆستەکی دا، ئەو گۆتن ل دهۆکێ ناڤدارە" زەحمەتە ل دهۆکێ پێش بکەڤی".

هەروەها دهۆکێ مەزنترین هەژمارا پەنابەران ل خوە گرتیە، خزمەتگوزاری و پرۆژە لدهۆکێ ئەگەر نەهاتبن ڕاوەستاندن گەلەک کێم دهێنە بجهـ ئینان و ڕۆژ ل دووڤ ڕۆژێ ڕەوشا ئابووریا دهۆکێ خرابتر دبیت، ل گۆر ئامارێن نە فەرمی تنێ پەنابەرێن ڕۆژئاڤاییێ کوردستانێ 20 هزار دەلیڤەیێن کاری ژ دەستێ خەلکێ دهۆکێ دەرئانینە.

گرنگی دان ب عەشیرەت و سەرۆک هۆزان د هەلبژارتنان دا، د ناڤا پێشمەرگەی دا ژی ڕەنگڤەدایە و ئێکەم شکەستن ل کەسەکێ ژی گارندەیا وێ یەکێ هات کرن کو دەما کەسەک بریندار بووی ب کۆم پێشمەرگە دگەل ڤەگەریان و فەرماندەیەکا ئێکگرتی بۆ پێشمەرگەی نەبوویە.

لەورا گەر پارتی گوهەرتنێن مەزن و ستراتیژی ل بادینان ئەنجام نەدەت و ل سەر هەمان سیاسەتا خوە یا بەردەوام بیت نە دوورە ئەوا ل شنگالێ ڕوودای و ژ دەست دانا باوەریێ، هەمان ژ دەستدانێ ل دهۆکێ ژی ڕووبدەت و ناڤەندا پارتی یا بهێز بکەڤیتە بن گەفان و ببیتە بابەتێ دانوستاندنێ دگەل ئالیێن دی.

ڤێ گەرێ نەک تنێ خەلک باوەر ژ سۆزان و گوهەرتنێن سەرڤە سەرڤە ناکەت، بەلکۆ باوەر ژ گوهەرتنەکێ ناکەت کو بەرپرسێن خەمسار بێ سزا ڤەگەرن دهۆکێ و ل سەر دلێ خەلکی و میزاجێ وان پیاسەیان بکەن، کو گەلەک نەمایە 3 سالێن دن ل شوونا بەرپرسان خەلک دێ پارتی سزادەت، لەورا بلا پارتی بەرپرسێن خوە سزابدەت بەری خەلک پارتی بخوە سزا بدەت، بلا ستراتیژییەتا خوە بگوهەرت بەری خەلک ڕەئیا خوە ل هەمبەر پارتی بگوهەرت. بلا پارتی پارا دهۆکێ ژ بودجە و پرۆژەیێن ستراتیژی و دامەزراندنێ بدروستی ڕەوانە بکەت بەری کو دو قات ڕەوانە بکەت هەتا جارەکا دی باوەریێ ڤەگەرینیت ناڤا جەماوەرێ خوە. ب کورتی ئەوا ل شنگالێ ڕوودای زەنگەکا بهێزە بۆ پارتی کو گەر چاکسازییەکا بنەرەتی ل هەموو بادینان ئەنجام نەدەت چاڤەرێ یە باوەرییا خوە ژ دەست بدەت.



دەیڤد رۆمانۆ

# ئەفسانەی حکومەتی بنکەفراوان لە عێراق

ساڵانێکە بەرپرسانی ئەمەریکا، هەر لە سەرۆک ئۆباماوە تا کاربەدەستانی خوارتر، پەیتا پەیتا دروشمێک دووبارە دەکەنەوە: "عێراق پێویستی بە حکومەتێکی بنکەفراوان هەیە". لەم ساڵانەدا هەر کاتێک عێراق کەوتبێتە دۆخێکی قەیراناوی و کوشتارەوە، واشنتن مەسەلەی حکومەتی بنکەفراوانی بیرهێناوەتەوە و داوای کردووە عێراقییەکان تۆزێک خێراتر هەنگاوی بۆ بنێن. من لە حوزەیرانی ئەمساڵ دوای ئەوەی مووسڵ کەوتە دەست جیهادییە دڕندەکان و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا چووە هەولێر، شتێکم لەوبارەیەوە نووسی:

"ئایا ئەوەی دوای هەڵبژاردنەکانی 2010 لە عێراق دامەزرا حکومەتێکی بنکەفراوانی نیشتمانی نەبوو؟ ئایا عێراق سەرۆک وەزیرانێکی شیعە و سەرۆک کۆمارێکی کورد و وەزیرێکی دارایی سوننەی نەبوو؟ ئایا وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆک وەزیران کورد نەبوون؟ ئایا جێگری سەرۆک کۆمار و جێگری دووەمی سەرۆک وەزیران عەرەبی سوننە نەبوون؟"

عێراقی دوای 2005 چەند جار حکومەتی "نیشتیمانی" و "نوێ"ی هەبووە؟ تەنانەت لە سەردەمی سەددام حوسێنیشدا، وەزیری دەرەوەی عێراق کریستیان بوو، کۆمەڵێک وەزیری کورد و سوننە و شیعە و تورکمانیان هەبوو، بەڵام بنکەفراوانیی حکومەت لە ئاست سیستەمی تاکڕەوانەی بەغدادا هیچ مانایەکی نەبووە. هیچ حکومەتێکی عێراقی سیستەمێکی جێگیری نەبووە کە لە حکومەتی ناوەندی بپرسێتەوە و دەسەڵاتی ڕاستینە بە ناوچەکانی دیکەی وڵات بدات.

بەداخەوە لە 2006ەوە سەرۆک وەزیران نووری مالیکی و پەرلەمانتارانی حیزبی دەعوە هەوڵێکی زۆریان داوە دەسەڵات لە بەغدا و لە دەستی خۆیاندا کۆبکەنەوە. بەغدا یاسا گرنگەکانی ئەو وڵاتەی لەکار خستووە، بۆ نموونە یاسای نەوت و غاز. ئەمە لە کاتێکدایە کە لایەنەکانی دیکە سیاسەتی حکومەتی ناوەندییان ڕەتکردووەتەوە. تەنانەت هەندێ برگەی ڕوونی دیکەی دەستووریش لەلایەن بەغداوە پێشێل کراون، وەکو مافی هەرێمەکان بۆ دەرهێنانی نەوت و غازی تازەدۆزراوەی خۆیان، مافی ئەوەی کە هێزی پارێزەری تایبەت بە هەرێمەکان هەبێت وەکو پێشمەرگە و مافی پارێزگاکان بۆ دامەزراندنی هەرێمی خۆیان وەک نموونەی هەرێمی کوردستان. هەموو ئەمانە لەلایەن حکومەتەکەی مالیکییەوە پێشێل کران. عەرەبی سوننە دەیانتوانی هەرێمی خۆیان هەبێت کە لە 2011ەوە هەوڵی بۆ دەدەن. ئەوان دەیانتوانی لەڕێگەی ئەنجوومەنی سەحوەوە کە ئەمەریکییەکان پاڵپشتییان دەکرد، هەر لەو کاتەوە بە باشی پارێزگاری لە هەرێمەکەیان بکەن. ئەوان دەیانتوانی لە ڕێگەی داهاتی خۆیانەوە کە لە فرۆشی نەوتەوە پێیاندەگەیشت، هێزە چەکدارە پارێزەرەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن. حکومەتی شیعەی بەغدا ئەم مافانەی لە سوننەکان زەوت کرد و سەرکردە سیاسییەکانی سوننەیان کە لە هەوڵی ڕیفراندۆم بۆ دامەزراندنی هەرێمی خۆیان بوون، دەستبەسەر کرد و خۆپێشاندەرە ئاشتیخوازەکانیان کە دژی ڕەشبگیری هاتبوونە سەر شەقام، دایە بەر گوللە و ئەنجوومەنی سەحوەیان دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق پشتگوێ خست. هاوکات کوردیش باشتر لە سوننە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرا و هەندێک شیعە لە بەغدا هەوڵیان دەدا زیاتر لە جاران دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن.

کەواتە لە جیاتی ئەوەی داوای "حکومەتێکی بنکەفراوانی نیشتمانی" بکرێت، ئەمەریکا پێویستە بە ئاشکرا داوا بکات کە حکومەتێک لە بەغدا دابمەزرێ، ڕێز لە هاوبەشیی ڕاستینەی دەسەڵات بگرێت. دابەشکردنی دەسەڵات دەبێ نەوت و گازیش بگرێتەوە کە تێیدا میکانیزمیک بۆ شەفافی لەو پرسەدا هەم لەسەر ئاستی ناوەند و هەم لەسەر ئاستی هەرێمەکان هەبێت، پێکهێنانی هەرێمی نوێ، ڕێگەدان بە کورد بۆ ئەوەی ماددەی 140ی دەستوور لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان جێبەجێ بکات و هەروەها پاڵپشتیی دارایی هێزی پێشمەرگە و سەحوە بکات. لەڕاستیدا نەدانی بودجەی پێشمەرگە و سەحوە بوو وای کرد داعش دەست بەسەر بەشێک لە عێراقدا بگرن.

بە داخەوە ئەوەی ئێستاش لە بەغدا لە ئارادایە دیسان ڕەنگە بڕووخێتەوە ئەگەر کورد و سوننە گەرەنتی لەسەر ئەو پرسانە وەرنەگرن. حەیدەر عەبادی لە هەمان بەشە دەستڕۆیشتووەکەی حیزبی دەعوەوە هاتووە کە نووری مالیکی بەرهەمهێناوە. عەبادی بەڕێوەبەری لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بوو کە بودجەی کوردستانی لە مانگی کانوونی دووەمەوە بڕی. ئەمە لە کاتێکدا ڕوویدا کە کورد بەرپەرچی سیاسەتی بەغدای لەمەڕ نەوت دەدایەوە. هەرێمی کوردستان هەمیشە گوتوویەتی کە پارەی نەوت دواتر لەگەڵ بەغدا بەش دەکات. لە مەراسیمی کاندیدکردنی سەرۆک وەزیرانی نوێدا، حوسێن شەهرستانی وەزیری وزە کە بە "ناوەندگەرای گەورە" لە بەغدا ناسراوە، لە تەنیشت عەبادییەوە وەستابوو. ئەو ڕاستییە کە بەڕێز عەبادی و شەهرستانی هەردووکیان لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا خوێندوویانە پێ ناچێت کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ئەو بەڕێزانە هەبێت. (بەندە لە هەمان زانکۆی کەنەدی دکتۆرام وەرگرتووە کە بەڕێز شەهرستانی لێی خوێندووە.)

ڕەنگە کاتێک ئەم هەوڵەش شکستی خوارد، هەم ئەمەریکاییەکان و هەمیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوە قبووڵ بکەن کە کوردی عێراق پێویستە ڕێگەی خۆیان بگرنەبەر. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی کە ئەوکات عەرەبی سوننە لە عێراق بەرەو کوێ بچن.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



باران: کوردم و مهابادیم

» 12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی روداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالْح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدارئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی روداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

